تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5739) دووشەممە 29ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی نوێی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە هەولێر کرد

دوێنێ یەکشەممە 28 ی4ی2019 سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئەحمەد ئیبراهیم سەعید کونسوڵی نوێی وڵاتی ئیمارات لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا، کونسوڵی نوێی ئیمارات، سڵاوی سەرکردایەتی سیاسی وڵاتەکەی بە سەرۆک بارزانی گەیاند و پێزانینی بۆ ئارامی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان نیشاندا.

کونسوڵی نوێی ئیمارات لە هەولێر، بەناوی وڵاتەکەیەوە، سوپاسی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردنی ئاوارەکان کرد، ئەوەشی خستەڕوو ئیمارات بەردەوام دەبێت لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەولێر و پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ یارمەتیدان ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە. سەرۆک بارزانی سوپاسی کونسوڵی نوێی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و وێڕای ئاماژەدان بە پەیوەندییە مێژوویییەکانی نێوان هەردوولا جەختی لە پتەوکردنی پەیوەندیی سیاسی و ئابووری و کولتووریی نێوان ئیمارات و هەرێمی کوردستان کردەوە.

بەم دۆخەی ئێستاوە لە کەرکووک هەڵبژاردن ناکرێت

گوتەبێژی سەرکردایەتیی کەرکووک – گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت دۆخی کەرکوک لەبار نییە بۆ هەڵبژاردن و دەبێت دۆخی ئەو شارە ئاسایی بکرێتەوە، دواتر بڕیار لەسەر پرۆسەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بدرێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پێویستە کورد ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بکاتە مەرجی سەرەکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی کەرکووک

2

هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ کۆدەبنەوە

نێچیرڤان بارزانی: بڕوامان بە هاوبەشی بڕیاردان و جێبەجێکردنە لەگەڵ حکوومەتی عێراق

هەوڵ دەدەین کێشەکانی نەوت و ناوچە کێشەلەسەرەکان و کۆمەڵێکی زۆری یاساکان چارەسەر بکەین



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتگیری لە حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، جەختی لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا کردەوە و بە پێویستی زانی لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکرێت و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی بگیرێت، هەروەها پابەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە هاوکاریکردنی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕاگەیاند بەتایبەتی ئەو بوارانەی کە لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراقدایە. لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی فیدرال و هەرێمدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە 2019/4/28 لە هەولێر بەڕێوە چوو، شاندی حکوومەتی عێراقی فیدرال بە سەرۆکایەتیی بەڕێز د. فوئاد حسێن جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی عێراق و ئەندامێتیی هەریەک لە بەڕێزان وەزیرانی پلاندانان، کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، ژمارەیەک لە بریکار و ڕاوێژکارانی وەزارەتە جیاوازەکان و شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران، ئەندامێتیی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک لە وەزیر و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتە جیاوازەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەشدار بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان کرا و هەردوولا جەختیان لە پێویستیی بوونی دیالۆگی جددی لەمبارەیەوە کردەوە کە کۆبوونەوەکەی دوێنێش بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی پێشتر بوو، بۆیە ئەنجومەنی ئابووریی عێراقی بڕیاری دا کۆبوونەوەی ئەمجارەیان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن و لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی ئابووری، گومرگەکان، کوالیتی کۆنترۆڵ و کۆمەڵێک بابەتی دیکە گفتوگۆ بکەن.

کۆبوونەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەرێنی و لەسەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی بەڕێوەچوو و بڕیاری بەردەوامیی کۆبوونەوەی لەمجۆرە و سەردانی شاندێکی وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ بەغدا درا.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

کاری جددی لەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان دەکرێت

فەرماندەیەکی باڵای هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێیوایە کە ناکرێت هێزەکانی 70 و 80ی پێشمەرگە، بە شێوەی ئێستایان بمێننەوە و پێویستە ئەو هێزانە یەک بگرنەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

وەزیری دەرەوەی تورکیا گەیشتە هەولێر

دوێنێ شەو، مەولود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بەسەردانێک گەیشتە هەولێر و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا. وابڕیارە وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە. شایەنی باسە، ئەم سەردانە یەکەمین سەردانی بەرپرسانی باڵای تورکیایە لە دوای ریفراندۆم بۆ هەرێمی کوردستان.

ژمارەیەک پارتی سیاسیی عێراقی کۆمەڵەی هێزی مەدەنی دادەمەزرێنن

چوارده پارت و لایەنی سیاسیی عێراقی، کۆمەڵی هێزی مەدەنی دادەمەزرێنن بە مەبەستی چاکسازیکردن لە عێراقدا، ئەمەش دەستپێکی چاکسازییەکانە لە عێراقدا.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



هەرێمی کوردستان... وەرزی بڕینەوەی خوری دەستپێکرد

وەرزی بڕینەوەی خوری مەڕ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە و ئاژەڵدار و شوانکاران بە هەرەوەزی ڕۆژانە خوری سەدان سەر مەڕ دەبڕنەوە، خوریبەکەش وەک پێویست سوودی لێ نابیندرێت، تەنانەت لە زۆر شوێن فڕێدراوە.

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

هەوڵ دەدرێت قوربانیانی ئێزدی بە شەهید هەژمار بکرێن

سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، پەرلەمان هەموو هەوڵێک بۆ قوربانیانی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی دەدات تا بە شەهید هەژمار بکرێن. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ناوی هیچ کاندیدێک نەگەیشتووەتە پەرلەمان بۆ وەزارەتەکان

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ئێران

گەرووی هورمز وەک کارتی فشار بەکاردێنێ

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



هاتای-تورکیا، دوێنێ ڕێورەسمێکی ئایینی بەبۆنەی جەژنی قیامە بەڕێوەچوو

شاندێکی باڵای پارتی بەشداری لە پرسەی بنەماڵەی شێخ مستەفای باقلانی کرد



ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/4/28 شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە سیداد بارزانی نوێنەری سەرۆک بارزانی و فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و، عارف تەیفور و زەعیم عەلی و کاکەمین نەجارِ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی و هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی، لەشاری رانیە بەشداربیان کرد لە پرسەی خانەوادەی شێخ مستەفای باقلانی و پرسە و سەرەخۆشییان لە هەریەک لە مستەفا سەید قادر و شێخ جەواد و شێخ حیسامەدین و شێخ غەفور کرد کە ئێوارەی رۆژی هەینیی رابردوو بەهۆی رووداوی هاتووچۆوە لە ڕێگای نێوان دووکان و رانیە پێنج کەس لە خانەوادەکانیان گیانیان لەدەستدا.

بابەکر زێباری بۆ «خەبات»:

کاری جددی لەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان دەکرێت

ناکرێت یەکەکانی 70 و 80 بە شێوەی ئێستایان بمێنن

فەرماندەیەکی باڵای هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێیوایە کە ناکرێت هێزەکانی 70 و 80ی پێشمەرگە، بە شێوەی ئێستایان بمێنننەوە و پێویستە ئەو هێزانە یەک بگرنەوە.

لیوا بابەکر زێباری، سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپای عێراق و فەرماندەی باڵای پێشمەرگە بە خەباتی ڕاگەیاند، لێژنەکانی تایبەت بە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە کارەکانیان بەردەوامن و چەند رۆژی ڕابردوو کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە.



تەئکیدیشی کردەوە کە هەنگاوی جددی بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە دەستی پێکردووە.

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە باسی لەوە کرد کە دەبێ پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان بگەڕێتەوە، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی هێشتا مەترسیی داعش لە عێراقدا ماوە.

بابەکر زێباری لەبارەی دۆخی ناوخۆی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەیشارەدەوە کە دەبێ هەنگاوەکانی دڕووستکردنی هێزێکی پێشمەرگەی نیشتمانی خێراتر بکرێت و «ناکرێت یەکەکانی 70 و 80 بە شێوەی ئێستایان بمێنننەوە». بۆیە داوای کرد، لە یەکخستنەوەی هێزەکاندا پەلە بکرێت و گوتی «پێمووایە وەزارەتی پێشمەرگە خەریکی ئەو بەرنامەیەن».

شێخ حەسەن شێخانی بۆ «خەبات»:

پێویستە کورد ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بکاتە مەرجی سەرەکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی کەرکووک



خەبات-تریفە ئازاد:

بەرپرسی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری کەرکووک رایدەگەیەنێت، هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کورد هەیە و نابێت ئەم دۆخە بە ئاسایی بزانین، بەغدا و حەشدی شەعبی کوردێکی دەستەمۆکراویان دەوێت نەک بەرگریکار و داکۆکیکار لە مافەکانی کورد، هەروەها داواش دەکات کورد ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بکاتە مەرجی سەرەکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک.

شێخ حەسەن شێخانی، بەرپرسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە کەرکووک، سەبارەت بە دۆخی ئێستای شارەکە بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: رۆژ لە دوای رۆژ دۆخی کەرکووک ئاڵۆزتر دەبێت و بە سیاسەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراویش گەمارۆی زیاتر دەخرێتە حزبە کوردستانییەکان و کورد بە گشتی لە کەرکووکدا، هەروەها سەبارەت بە مەترسییەکانی داعش، گوتی: ئەو هێزە میلیشیایانەی حەشد و سوپای عێراق ناتوانن کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بکەن و رۆژ نییە داعش لەو ناوچانەدا چالاکی ئەنجام نەدات و هێزەکانیان ڕێکنەخەنەوە.

هەروەها سەبارەت بە ئەگەری هەڵبژاردن لە پارێزگەی کەرکووک، شێخ حەسەن شێخانی گوتی: چەند مانگێکی دیکە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەستپێدەکات، بەم دۆخەی ئێستا و بەم پێگەیەی کورد لە کەرکووک هەیەتی، چارەنووسی ئەم ناوچانە لەبەردەم مەترسییەکی زۆر گەورەدا دەبێت، بۆیە یەکەم کار دەبێت حزبە کوردستانییەکان دۆخی ئەمنی ناوچەکە لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد چارەسەر بکەن و ژووری هاوبەش پێکبهێنن بۆ دۆسیەی ئەمنی و کارگێڕی و نەوت و شایستە داراییەکان و پۆستە ئەمنییەکانی کورد و دەیان بابەتی دیکەش هەن، یەکلایی بکرێنەوە لەنێوان حکوومەتی هەولێر و بەغدا، وا دیارە ئەمەریکییەکانیش لەسەر خەتن بۆ چارەسەری کێشەکان و بینیمان سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش سەردانی کوردستانی کورد.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک، ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی ئیسلامی، رایگەیاند: بە ڕای ئێمە ماوەیەکی دەوێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی شارەکە، دەبێت داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بکەین و بیکەینە مەرجی سەرەکی بۆ بەشداری هەڵبژاردنەکان، چونکە ئێستا رۆژانە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کورد هەیە لە شنگالەوە تا جەلەولا و ئێمەش نابێت ئەم دۆخە بە ئاسایی بزانین، چونکە بەغدا و حەشدی شەعبی کوردێکی دەستەمۆکراویان دەوێت نەک بەرگریکار و داکۆکیکار لە مافەکانی خەڵکی کوردستان.

شارەزایەکی ئابووری:

کۆبوونەوەی دوو شاندی هەولێر و بەغدا هەنگاوێکی ئەرێنییە

شارەزایەکی بواری ئابووری کۆبوونەوەکەی نێوان شاندی باڵای هەرێم و حکوومەتی عێراق لەڕووی ئابوورییەوە بە هەنگاوێکی ئەرێنی وەسف دەکات. نەبەرد کەریم، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و شارەزای ئابووری، لەمبارەوە بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاند عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە سەرەتای دەست بەکاربوونییەوە ویستی کارێک بکات پەیوەندییە ئابووری و ئیدارییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زۆر باشتر بکات، ئەوەشمان لە پرۆژە یاسای بوودجەی 2019دا بینی کە جیاوازتر بوو لە چوار ساڵی ڕابردوو، هەروەها حکوومەتی عێراق ئامادەیی بۆ ناردنی مووچەی هەرێم دەربڕیوە بێ ئەوەی 250 هەزار بەرمیل نەوتەکەش بنێرێت، تا ئەو قەرزانەی لەسەریەتی بیداتەوە، ئەم هەنگاوەش 100 هەنگاوێکی دروست و ئەرێنییە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی ئاماژەی بەوە شکرد تەواوی داهاتەکانی هەرێم بە شێوەی یاسایی و دەستووری ئەگەر وردبینی بۆ بکرێت، ئەوا بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری لەگەڵ بودجەی گشتی عێراق بودجەی ساڵەکانی دیکەی پێ تەواو دەکات. ڕوونیشیکردەوە ئێستا ڕێککەوتنەکان بەو جۆرەیە کە فرۆکەخانەکان و ئەو داهات و خەرجییەی هەیەتی لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقیدا بێت، ئەمەش لە چوارچێوە گشتییەکەدا خاڵێکی زۆر ئەرێنییە بۆ هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق.

پەرلەمانتاریکی کوردستان:

ژێرخانی وزە لە هەرێمی کوردستان بەهێز دەکرێت



جێگری سەرۆکی لێژنەی وزە و سامانی سروشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات کە هەولێرکانیان بەمەبەستی دانانی بەرنامەیەک بۆ بەهێزکردنی ژێر خانی ئابووریی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان چڕکردووەتەوە.

گولیزار رەشید، جێگری سەرۆکی لێژنەی وزە و سامانی سروشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە لێژنەکە بۆ کابینەی داهاتووی حکوومەتیش بڕیارە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند لەسەر پرسی وزە بکرێت تا ژێر خانی ئابووری وزە لە کوردستان بەهێز بکرێت بەتایبەت هەرێمی کوردستان ئەگەر خواستی هەبێت کە هەنارەدەی نەوت زیاد بکات و گازی سروشتی زیاتر بکات. گوتیشی گرنگە حکوومەت بایەخێکی تایبەت بەکەرتی وزە بدات لەوانە پارەدارکردن و بەهێزکردنی گواستنەوەی بۆری نەوت و دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکە بۆ هەنارەدەی نەوت.

عەدنان کەرکووکی بۆ «خەبات»:

بەم دۆخەی ئێستاوە لە کەرکووک هەڵبژاردن ناکرێت

گوتەبێژی سەرکردایەتیی کەرکووک - گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت دۆخی کەرکووک لەبار نییە بۆ هەڵبژار دن و دەبێت دۆخی ئەو شارە ئاسایی بکرێتەوە، دواتر بڕیار لەسەر پرۆسەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بدرێت. عەدنان کەرکووکی، بە خەباتی ڕاگەیاند دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر کەرکووک داگیر کراوە و حوکمی سەربازیی تێدایە، ئەو شارە بووەتە سەربازگە و هەتا ئەو دۆخەش ئاسایی نەبێتەوە، هەرچی دامەزراوەی مەدەنی هەیە بایەخی نییە، بینمان لە رۆژانی رابردوو بە بڕیارێک ڕێگا نەدرا ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بچنە بینای پارێزگاوە". ئەو بەرپرسەی پارتی گوتیشی: بەم دۆخەی ئێستاوە هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەستەمە، چونکە دەنگدەر دەبێت فشاری لەسەر نەبێت بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بدات، بەڵام شارێک دۆخێکی ئاوای هەبێت، ئەستەمە بتوانرێت بە ئاسانی و بەبێ گرفت هەڵبژاردنی تێدا بکرێت.

هەر لەمبارەوە ئازاد کورەچی، سەرۆکی لیستی میللەتی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئاشکرای دەکات: سەرۆک بارزانی باش لە پەیوەندیی کورد و تورکمان لە کەرکووک گەیشتووە ئازاد کورەچی گوتی سەرۆک بارزانی وەک مەرجەعی کوردستان دەبینێ لێگەیشتنی باشی لەسەر پەیوەندی کورد و تورکمان هەیە و هەر گرفتێک هەبێت لەو شارە و پەیوەندی بە کورد و تورکمان هەبێت سەرۆک بارزانی وەک تاکە مەرجەعی چارەسەری گرفتەکان دەبینرێت.

نێچیرڤان بارزانی:

بڕوامان بە هاوبەشی بڕیاردان و جێبەجێکردنە لەگەڵ حکوومەتی عێراق

سازدانی ئەم کۆبوونەوەیە، بەڵگەی ئەوەیە کە بڕوامان بە چارەسەری کێشەکان هەیە





بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتگیری لە حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، جەختی لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا کردەوە و بە پێویستی زانی لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکرێت و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی بگیرێت، هەروەها پابەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە هاوکاریکردنی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕاگەیاند بەتایبەتی ئەو بوارانەی کە لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراقدایە.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان دەخوازێت بەشەکانی دیکەی عێراق لەڕووی پەرەسەندن و ئابووریییەکی باش و باشترکردنی بارودۆخی هەموو تاکێکەوە بەرەوپێشەوە بچێت و لەمبارەیەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستانی بۆ بەغدا نیشان دا.

لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی فیدرال و هەرێمدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە 2019/4/28 لە هەولێر بەڕێوە چوو، شاندی حکوومەتی عێراقی فیدرال بە سەرۆکایەتیی بەڕێز د. فوئاد حسێن جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی عێراق و ئەندامێتیی هەریەک لە بەڕێزان وەزیرانی پلاندانان، کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، ژمارەیەک لە بریکار و ڕاوێژکارانی وەزارەتە جیاوازەکان و شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران، ئەندامێتیی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک لە وەزیر و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتە جیاوازەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەشدار بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان کرا و هەردوولا جەختیان لە پێویستیی بوونی دیالۆگی جددی لەمبارەیەوە کردەوە کە کۆبوونەوەکەی دوێنێش بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی پێشتر بوو، بڕیە ئەنجومەنی ئابووریی عێراقی بڕیاری دا کۆبوونەوەی ئەمجارەیان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن و لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی ئابووری، گومرگەکان، کوالێتی کۆنترۆڵ و کۆمەڵێک بابەتی دیکە گفتوگۆ بکەن.

هەردوولا جەختیان لە کارکردن و جێبەجێکردنی ئەو بابەتانە کردەوە کە لە بەرژەوەندیی گشتیی عێراق و هەرێمی کوردستاندایە کە بەپێی لێکگەیشتنەکانی ڕابردوو هەندێکیان کەوتوونەوە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەوانی دیکەش پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر و پێکهێنانی لیژنەی تایبەتە بەتایبەتی ئەو بابەتانەی دەرهاویشتەی یاساییان هەیە، لەمبارەیەوە بە پێویست زانرا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری هەموار و جێبەجێکردنی یاسا عێراقییەکان لە هەرێمی کوردستان دەربکات.

کۆبوونەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەرێنی و لەسەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی بەڕێوەچوو و بڕیاری بەردەوامیی کۆبوونەوەی لەمجۆرە و سەردانی شاندێکی وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ بەغدا درا.

دەڵی گوتەکانی نێچیرڤان بارزانی:

مایەی خۆشحاڵیمانە ئەو کۆبوونەوەیە هاوبەشە لە نێوانماندا ساز دەکرێت، کە لە ڕاستیدا یەکەم کۆبوونەوەیە لەم جۆرە، چونکە پێشتر لیژنەی ئابووری کە بڕیاری لە سیاسەتی ئابووری وڵات دەدا و بەڕێوەی دەبرد، لە کوردستان کۆنەدەبوونەوە، بۆیە ئێمە ئەو بڕیارەتان زۆر بەرز دەنرخێنین و بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین، وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە تەشریفیان هێناوە، بەخێربێن. هەروەها دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە خۆی لە خۆیدا سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە بەڵگەی ئەوەیە ئێمە بڕوامان بە چارەسەری کێشەکانە بە گفتوگۆ و لەیەکتر گەیشتن. دووبارە سوپاستان دەکەم بۆ ئەو بڕیارە بەجێیە بۆ سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە لەپێناو چارەسەرکردنی پرسەکان.

بەڕێزان... وەک هەمیشە و ئێستاش بڕوامان بە گفتوگۆ هەیە، ئەو ستراتیجییەی ئێمە بڕوامان پێیەتی ئەوەیە، کە دەبێت هەموو پرسەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ بە گفتوگۆی بەردەوام لە بەغدا و لە ڕێگەی بەغداوە لەسەر بنەمای دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن، ئەمەش لەسەر بنەمای بڕوامان-ە بە هاوبەشی دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکوومەتی فیدراڵی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

بڕایانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی لە حکوومەتی فیدراڵ بە سەرۆکایەتی بڕامان جەنابی کاک دکتۆر عادل عەبدولمەهدی بەشدارن، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە جێبەجێکردنی ڕوانگەی هاوبەش و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ جەنابی سەرۆکوەزیران. لێرەشەوە بڕیاری لێژنە بەڕێزەکەتان بە سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە لە هەولێر و هاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم زۆر بەرز دەنرخێنین.

ڕێککەوتن لەسەر یەکخستنی ڕسومات هەنگاوێکی گرنگبوو بۆ بەچارچێوەکردنی سیاسەتی هاوبەش، گرنگ دروستکردنی بنەماو چوارچێوەیەکە بۆ کارکردن، هەرچەند دەزانین لە جێبەجێکردن و شرۆڤەکاندا هەندێک کێشە هەیە، بۆیە ئەرکی ئێمەیە کە بەگیانی هەماهەنگی هاوبەش ئەم ئاستەنگانە تێپەڕێنین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، لەسەر بنەمای دەستور کە بڕوامان پێی هەیە، هەوڵ دەدەین کێشەکانی وەک نەوت، ناوچە کێشە لەسەرەکان و کۆمەڵێکی زۆری یاساکان کە سیستەمی فیدراڵی وڵات ڕێکدەخەن، چارەسەر بکەین، کەواتە کاری زۆرمان لەپێشە بە گفتوگۆ و مامەڵە لەگەڵ یەکترکردن دەتوانین چارەسەریان بکەین.

جارێکی دیکە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم، هیوادارم ئەمە ببێتە دەستپێکی گفتوگۆیەکی بەرهەمداری نێوان ئێمە حکوومەتی فیدراڵ.

سوپاس، بەخێر بێن بۆ هەولێر..

لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی ئابووری لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕێوەچوو

عەلی سندی: هەفتەی ئایندە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

پێشنیاری کردنەوەی هەندێک ئۆفیس بۆ تووندوتۆڵکردنی هەماهەنگی لەنێوان هەردوولا دەکرێت

بۆ یەکخستنی پرسی تاریفەی گومرکی و چەند پرسێکی دیکەی ئابووری دوێنێ یەکشەممە لە شاری هەولێر لیژنەی فیدراڵی بۆ کاروباری ئابووری کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سازکرد، شاندەکەی عێراق پێنج وەزیری لەخۆگرتبوو و وەزیری بازرگانیی عێراق محەمەد هاشم گوتی حکوومەتی هەرێم هەڵوێستی باش بوو و پێشوازی لە بڕچوونەکان کرد.



وەزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەلی سندی ڕایگەیاند کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوویان کردووە و هەندێک کێشە هەن پێویستییان بە یاسا هەموارکردنەوە یان دەرکردن هەیە.

شاندێکی حکوومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری ئابووری وەزیری دارایی و ئابووری عێراق، د.فوئاد حوسێن لەگەڵ چوار وەزیری و ژمارەیەک بەرپرسی دیکە و بەڕێوەبەری گشتی ڕۆژی یەکشەممە گەیشتنە شاری هەولێر و پاش گەیشتنییان دوو کۆبوونەوەکی زیاتر لە چوار کاتژمێریان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بەسەرۆکایەتی سەرۆکوەزیران، نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەکەش بەناوی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی فیدراڵی بۆ کاروباری ئابووری و ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەچوو. شاندەکەی حکوومەتی عێراق پێکهاتبوو لە وەزیرانی دارایی، پلاندانان، کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی، لەگەڵ سەرۆکی چەند دەستە و فەرمانگەیەکی دیکەی سەر بە حکوومەتی عێراق. لەلایەن حکوومەتی هەرێمیشەوە جگە لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی کوردستان، مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و کاندید بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، وەزیری پلاندانان، وەزیری ناوخۆ، وەزیری تەندروستی، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و ژمارەیەک بەرپرسی دیکە هەبوون.

نێچیرڤان بارزانی وتارێکی لەو کۆبوونەوەیە پێشکەشکرد و گوتی لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم کۆبوونەوەیە لەم جۆرە، چونکە پێشتر لیژنەی ئابووری کە بڕیاری لە سیاسەتی ئابووری وڵات دەدا و بەڕێوەی دەبرد، لە کوردستان کۆنەدەبوونەوە، بۆیە ئێمە ئەو بڕیارەتان زۆر بەرز دەنرخێنین و بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین.


دوای کۆبوونەوە دریژەکە هەردوو وەزیری بازرگانیی عێراق، محەمەد هاشم و وەزیری پلاندانانی هەرێم، عەلی سندی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان سازکرد و بە کورتی باسییان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە کرد. وەزیری بازرگانیی عێراق، محەمەد هاشم لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند لیژنەی کاروباری ئابووری سەر بە حکوومەتی عێراق لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوویەوە و هەندێک پرسی هاوبەش هەبوون و باسمان کرد، هەندێک گرفت هەبوون سەبارەت بە بڕیاری 13ی ساڵی 2019ی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کە بڕیتییە لە یەکخستنی ڕێوشوێنەکان لەنێوان هەردوولا، حکوومەتی هەرێم هەڵوێستی باش بوو و پێشوازی لێکرد.

محەمەد هاشم گوتیشی: لە کۆبوونەوەکەدا باسمان لە زۆربەی پرسەکان کرد لە دەروازە سنوورییەکان، دەرکردنی یاسا هەیە لەپەرلەمان و ماوە بۆ ئەوە دیاریکراوە، ئامانجمان لەمە ئەوەیە عێراقێکی یەکگرتوو هەبێت و هیچ لێکدابڕانێک نەبێت لەهیچ شتێکدا. لای خۆیەوە وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان، عەلی سندی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا گوتی: ئەم کۆبوونەوەیە دەستپێشخەریی جەنابی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەزیری دارایی عێراق د.فوئاد حوسێن بوو کە بیهێنێتە هەولێر و هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشدار بێت، ئامانج لێی ڕێکخستن و یەکخستنی هەندێک کار و چالاکی هەردوو حکوومەت بوو، مەبەست لێی ئاسانکردنی کاروباری بازرگانی و پیشەسازیی و مۆڵەتەکان و گومرگەکان، مۆڵەتەکانی هێنان و بردن، یاسای پاراستنی بەرهەم، یاسای پەرەپێدانی پیشەسازیی و چەندین یاسای دیکە، ئەو کۆبوونەوەیە چووە وردەکارییەکانەوە و گەیشتینە چەند بڕیارێک و کات لەنێوان هەردوولا دانراوە و حکوومەتی هەرێم ناو بەناو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە و بەردەوام کارلێک لەنێوان هەردوو حکوومەت دەبێت و ئامانجمان ئەوەیە باردۆخێکی باشتر بدۆزینەوە بۆ هاوڵاتی عێراقی چی لە ناوچەکانی دیکە یان لە هەرێمی کوردستان بێت، بەشێک لە پرسەکان ئاسان بوون و چارەسەربیان ئاسانە، هەندێکی دیکە پێویستی بە هەموارکردنەوە یان هەیە بۆ ئەوەی هیچ گرفت بۆ ئەو کارگانە نەبێت بۆ ئەوەی بگەنە ناوچەکانی دیکەی عێراق، هەندێک بابەتیش ماوەیان پێویستە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، نیازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەربیە بۆ هەموو کێشەکان، بەگشتی کۆبوونەوەکەمان سەرکەوتووبوو.

وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا ڕوونیشی کردەوە هەندێک یاسا هەن پێویستییان بەپەرلەمانی کوردستانە و ئەوەش کاتی پێویستە و تا ئەو کات لێکتێگەیشتن هەیە بۆ چارەسەریی کێشەکان و هەندێک پێشنیازی دیکەش هەبوو لەلایەن جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کردنەوەی هەندێک ئۆفیس بۆ تووندوتۆڵکردنی پرسی هەماهەنگیی لەنێوان هەردوولا. هەروەها ئەوەشی ئاشکراکرد کە هەفتەی ئایندە شاندێکی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و دەچێتە وەزارەتی بازرگانیی عێراق بۆ ڕێککەوتنی هەندێک پرس.

ژمارەیەک پارتی سیاسیی عێراقی کۆمەڵەی هێزی مەدەنی دادەمەزرێنن

مەیادە نەجار: پێویستە کورد خۆی لە پارتە عێراقییەکان نزیک بکاتەوە



چوارەد پارت و لایەنی سیاسیی عێراقی، کۆمەڵی هێزی مەدەنی دادەمەزرێنن بە مەبەستی چاکسازیکردن لە عێراقدا، لەمبارەیەوە شروق عەبایەچی ئەمیندارای گشتی ڕەوتی نیشتمانی لە عێراق، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە، ئەمە دەستپێکی چاکسازییەکانە لە عێراقدا. هاوکات پارتە کوردستانییەکانیش لە کۆنفرانسەدا ئامادەبوون و مەیادە نەجار، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە گوتی: کورد لەمڕۆدا زیاتر خۆی لە پارتە سیاسییە عێراقییەکان نزیک بکاتەوە. هەروەها ناوبراو گوتیشی: ئێمەش وەکو پارتە سیاسییە کوردستانییەکان، وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر پێویستە ئامادەییمان هەبێت، دەمانەوێت لە ئێستا و لە ئایندەیەکی نزیکدا پەیوەندیەکامان باشتر بکەین.

بلاک وۆتەر لەژێر ناوێکی دیکە دەگەڕێتەوە عێراق


پێگەی buzz feedی ئەمەریکی ئاشکرایکردووە کەوا کۆمپانیای پێشکەشکردنی خزمەتکوزاری ئەمنی ئەمەریکی ناسراو بە (بلاک وۆتەر) جارێکی دیکە لەژێر ناوێکی نوێیەوە دەگەڕێتەوە عێراق. پێگە ئەمەریکییەکە ڕایگەیاندووە: کۆمپانیاکە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی بەسرە لەژێر سێبەری کۆمپانیایەکی چینی کە بارەگاکەی لە هۆنگ کۆنگە دەگەڕێتەوە عێراق، کە کەلایەن ئێرک برنس خاوەنی کۆمپانیای (بلاک وۆتەر) دامەزراوە و چەند لقێکیان لە وڵاتانی عەرەبیش هەیە. پێشتر ئەندامانی کۆمپانیای بلاک وۆتەر لە شاری بەغدا 14هاووڵاتییان کوشت، بەهۆیەوە ڕێگەی کارکردنیان لە عێراق قەدەغە کرا.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەهۆی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێری ناتانیاهو داوای لێبووردنی کرد

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی داوای لێبووردنی کرد بەهۆی ئەو بڵاوکردنەوەی ئەو کاریکاتێرەی کە تیایدا سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو وەک "سەگێکی ڕێبەر" بۆ سەرۆکی ئەمەریکا ، دۆنالد ترەمپ نیشان دەدرێت. ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو ، ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز لە کاریکاتێرێکدا ناتانیاهوی وەک "سەگێک کە ترەمپ ئاراستە دەکات" نیشاندا و لە دوای نیشاندانی کاردانەوەیەکی زۆر، ڕۆژنامەکە داوای لێبووردنی کرد. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی دوێنێ شەمە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوبووەتەوە، تیایدا ڕاگەیەندراوە "ئەم وێنەیە ناشیرین بوو، ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی ئەم کاریکاتێرە بڕیارێکی هەڵە بوو". جێی باسە لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کاریکاتێرە، بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاردانەوەیان بەرامبەر نیویۆرک تایمز نیشاندابوو.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی:

ناوی هیچ کاندیدێک نەگەیشتووەتە پەرلەمان بۆ وەزارەتەکان



قانید میرۆ: سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕەتیکردەوە ناوی هیچ کەسێک وەک کاندید بۆ وەزارەتەکانی کابینەی حکوومەتی عێراق گەیشتبێتە ئەنجومەنی نوێنەران و دەشڵێ: ئێمە لە دانوستاندابن بۆ پڕکردنەوەی ئەو چوار وەزارەتەی ماون. دکتۆر قیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕەتیکردەوە کە ناوی هیچ کەسێک وەک کاندید بۆ وەزارەتەکانی حکوومەتی عێراق گەیشبێتە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەو نامەیەی لە ڕاگەیاندنەکان سەبارەت بەو پرسە بڵاو بووەتەوە، هیچ بنەمایەکی نییە و هی سەردەمی پەسەندکردنی بودجەیە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: نامەکە ئێستا گەیاندنەکان و باسەکە دیسان گەرم بووەتەوە، ئێستا ئێمە لە قۆناغی دانوستاندین بۆ پڕکردنەوەی پۆستی هەر چوار وەزارەتی ماون لە کابینەی حکوومەت، شتێکی ئاسایی ئەوەش بڵاو بکرێتەوە. سەبری ڕوونیشی کردەوە: تا ئێستا هیچ ناوێک نەگەیشتووەتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام نایشارینەوە هەوڵێکی زۆر هەیە لەلایەن عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق تا لە داهاتوویەکی نزیکدا پرسی پڕکردنەوەی ئەو وەزارەتانەش کۆتایی بێت.

داواکاریی مەسیحی و ئێزدییەکان دەگەیەنرێتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی



نوێنەرێکی مەسیحییەکان لە پەرلەمانی عێراق ئازار و ناخۆشییەکانی مەسیحی و ئێزدییەکانی عێراق دەگەیەنێتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و داوا دەکات هاوکارییان بکرێت و ماددەی 140یش جێبەجێ بکرێت. ڕیحانا ئەیووب، نوێنەری مەسیحییەکان لە پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاندووە، لە سەردانێکیدا بە یاوەریی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەمەریکا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا باسی لەو ئازار و ناخۆشی و تاوانانە کردووە کە بە دەستی داعش بەسەر مەسیحی و ئێزدیدا هاتووە و، بووەتە هۆی وێرانبوونی ناوچەکانیان و ئاوارەبوونی خەڵکەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان. ڕیحانا ئەیووب لە بەیاننامەکەیدا دەشڵێت: داوامان لە ئەمەریکا کردووە کە پێویستە هاوکاریی گەلی مەسیحی و ئێزدی بکرێت و ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە و قەرەبووش بکرێتەوە. ئەیووب لە دریژەی بەیاننامەکەیدا گوتوویەتی، لە بەشێکی دیکەی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا بە پێویستی زانیوە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت و مافی هەموو پێکهاتەکانیش لە کەرکووک بپارێزرێت.



پەرلەمان: هەموو هەوڵێک دەدەین قوربانیانی ئێزدی بە شەهید هەژمار بکرێن

سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، پەرلەمان هەموو هەوڵێک بۆ قوربانیانی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی دەدات تا بە شەهید هەژمار بکرێن. سەوسەن گەردی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە ئەم هەفتەیە لێژنەی کاروباری شەهیدان لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدانی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرسی مووچەی شەهیدان و ماف و شایستەی قوربانیانی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی کۆ ببێتەوە و دواتر هەر لە ڕۆژانی دابێ سەردانی بەغداش دەکەین. سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان لە پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: پێشتر وەزارەتی کاروباری شەهیدان لەگەڵ شاندێکی حکوومەتی عێراق کۆ بووەتەوە و دەمانەوێ بزانین لەبارەی پرسەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان گەیشتوونەتە چ ئەنجامێک. بە گوتەی گەردی، پەرلەمان بەدواداچوون بۆ پرسی بە شەهید هەژمارکردنی قوربانیانی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی دەکات، ئەوانەی لە شەڕی داعشدا شەهید بوونە و دەڵێ: بەدواداچوونی دروستی بۆ دەکەین بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان، بۆ ئەوەی سوودمەند بن لە هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی شەهیدان.

پارێزگای سنە لەڕووی شەفافییەتی ئیدارییەوە لە گەندەڵترین پارێزگاکانی ئێرانە

ڕووداو: بەپێی تازەترین ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەی پەرلەمانی ئێران سەبارەت بە تەندروستی و شەفافییەتی ئیداری، پارێزگای سنە یەکێک لە گەندەڵترین پارێزگاکانە لە ئاستی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەپێی ئاماری وەرزیی ناوەندی توێژینەوەی پەرلەمانی ئێران، لە پێوەری تەندروستی و شەفافییەتی ئیداریدا پلەی پارێزگای سنە لە چاو ساڵی پێشووتر 10 پلە دابەزیوە. ڕاپۆرتەکە بەپێی 21 پێوەر لە تەندروستی و شەفافییەتی ئیداری و ئابووری هەروەها پشتگیریی بەرپرسان لە سەرمایەنانەوە لە پارێزگاکاندا ئاماده کراوە. لە پێوەری ئاستی پەرەسەندنی بەرتیل لە فەرمانگەکاندا هەروەها لە پێوەری بێ بەڵێنیی حکومەت و کۆمپانییە حکومییەکان بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکان، پارێزگای سنە پلەی چوارەم و لە ئاستی پشتگیرینەکردنی بەرپرسانی پارێزگا لە سەرمایەدارانی خۆبەخش پلەی حەوتەم و لە پێوەری پەرەسەندنی کالای قاچاخدا لە پلەی دووەمی خراپترین پارێزگاکانی ئێراندایە. ڕاپۆرتەکانی ناوەندی ئامار، بانکی ناوەندی و ناوەندی توێژینەوەکانی پەرلەمانی ئێران، هەموویان باس لە خراپبوونی دۆخی ئابووری و چاودێریی پارێزگای سنە دەکەن و هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش لەوەی کە بەرپرسانی پارێزگاکە ڕێکارێکی دیاریکراویان بۆ دەرچوون لەم دۆخە گرتبێتە بەر بەدی ناکرێت.

ئێران گەرووی هورمز وەک کارتی فشار بەکاردێنێ

ئەمەریکا بەرپەرچی مەترسییەکانی ئێران دەداتەوە





خەبات-زانکۆ محەمەد:
بەگوێرەی ئاژانسی ڕۆیتەرز، بەرپرسێکی ئیدارەی تەرمپ رایگەیاندووە هەر هەوڵێکی ئێران بۆ پەکخستنی هەناردەی نەوت، کێشەی گەورە بۆ تاران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دروست دەکات. لەلای خۆیەوە فەرماندەی سەرکردایەتی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا پەیامێکی توندی ئاراستەی ئێران کرد و بە کێشەیەکی درێژخایەنی وەسف کرد و دووپاتی کردەوە کە ئەگەر ئێران هەر جموجۆلێکی ترسناک لە ناوچەکە ئەنجام بدات، ئەوکات بەرپەرچی دەدەینەوە.

گەروی هورمز

بەگوێرەی ئاژانسی ڕۆیتەرز، بەرپرسێکی ئیدارەی تەرمپ رایگەیاندووە هەر هەوڵێکی ئێران بۆ پەکخستنی هەناردەی نەوت، کێشەی گەورە بۆ تاران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دروست دەکات. پێشتر بەرپرسانی ئێران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزیان کرد، کە بەشی زۆری نەوتی جیهان لەم ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە. بەرپرسەکەی ئیدارەی تەرمپ ڕاشیگەیاند تاوەکو ئێستا هیچ پلانێک بۆ درێژکردنەوەی وادەی بەخشینی چین بۆ کڕینی نەوتی ئێران دانەڕێژراوە. هەفتەی ڕابردوو دۆنالد تەرمپ، سەرۆکی ئەمەریکا بە ئامانجی گەیاندنی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ سفر، دەستی بە سزاکانی بۆ سەر ئێران کردەوە.

داهەزینی نرخی نەوت

لەلایەکی دیکە و پەیوەست بە بازاڕی نەوت دۆنالد تەرمپ ئاشکرای کرد، گفتوگۆی لەگەڵ ڕێکخراوی ئۆپێک کردووە و داوای لێکردووە نرخی نەوت دابەزێنێت لە ئاکامی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە وێستگەکانی بەنزین لە ئەمەریکا. تەرمپ ڕاشیگەیاند، هاوپەیمانەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک سعوودییە، ئاستی بەرهەمهێنانی زیاد دەکات بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی هەر کەمییەک لە دابینکردنی نەوت لە بازاڕەکاندا لە ئەنجامی سزا سەپێندراوەکانی سەر ئێران و لە دوایین مامەلەکانیشدا نرخی نەوت ڕووی لە دابەزین کرد بەهۆی ئەو پێشبینیانەی کە گوایە ئۆپێک پالپشتی بەرهەمهێنان دەکات بۆ قەرەبووکردنەوەی دابەزینی هەناردەکانی ئێران و هەر بەرمیلێک گەیشتە 72 دۆلار و 22 سەنت بۆ هەر بەرمیلێک.

بەرپەرچدانەوەی جموجۆلەکانی ئێران

فەرماندەی سەرکردایەتی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا پەیامێکی توندی ئاراستەی ئێران کرد و بە کێشەیەکی درێژخایەنی وەسف کرد و دووپاتیکردەوە کە ئەگەر ئێران هەر جموجۆلێکی ترسناک لە ناوچەکە ئەنجام بدات، ئەوکات بەرپەرچی دەدەینەوە. جەنەراڵ کینیس ماکینزی لە دیدارێکی سکای نیوز، ڕوونی کردەوە، بەڵام لەسەر ئاستێکی دوورودرێژدا ژمارەی هێزەکانمان لە سووریا کەم دەکەنەوە و ئەو کارەش بە وریاییەوە ئەنجام دەدرێت.

ماندەوبیان لە عێراق

فەرماندەی سەرکردایەتی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا ڕای دەگەیەنێت کە ماندەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لەسەر خاکی عێراق درێژخایەن دەبێت و ڕوونی کردەوە کە هاوکات هێزەکانیان لە سووریا بەهەنگاو پاشەکشە دەکەن. لەگەڵ ئەوەی دۆنالد تەرمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە کۆتای ساڵی ڕابردوو پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمەریکای لە سووریا ڕاگەیاند کە دواتر بڕیارەکەی بۆ کەمکردنەوەی ژمارەیان گۆڕی، ئەو سەردانێکی کتوپڕی بۆ بنکەی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار لە عێراق کرد و ڕای گەیاند کە هیچ پلانێکیان بۆ پاشەکشەکردنی هێزەکانیان لە عێراق بەدەستەوە نییە. لەو کاتەی ژمارەیەک سیاسەتوان و شارەزایانی سەربازی عێراقی دووپات لە پێویستی عێراق بە پالپشتی هێزەکانی ئەمەریکا لەو دۆخەی ئێستە دەکەنەوە، جەنەراڵ کینیس ماکینزی، فەرماندەی سەرکردایەتی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا ڕای دەگەیەنێت کە مانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لەسەر خاکی عێراق درێژخایەن دەبێت و ڕوونی کردەوە کە هاوکات هێزەکانیان لە سووریا بەهەنگاو پاشەکشە دەکەن. لەگەڵ ئەوەی دۆنالد تەرمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە کۆتای ساڵی ڕابردوو پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمەریکای لە سووریا ڕاگەیاند کە دواتر بڕیارەکەی بۆ کەمکردنەوەی ژمارەیان گۆڕی، ئەو سەردانێکی کتوپڕی بۆ بنکەی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار لە عێراق کرد و ڕای گەیاند کە هیچ پلانێکیان بۆ پاشەکشەکردنی هێزەکانیان لە عێراق بەدەستەوە نییە. لەو کاتەی ژمارەیەک سیاسەتوان و شارەزایانی سەربازی عێراقی دووپات لە پێویستی عێراق بە پالپشتی هێزەکانی ئەمەریکا لەو دۆخەی ئێستە دەکەنەوە، جەنەراڵ کینیس ماکینزی، فەرماندەی سەرکردایەتی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا ڕای دەگەیەنێت کە مانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لەسەر خاکی عێراق درێژخایەن دەبێت و ڕوونی کردەوە کە هاوکات هێزەکانیان لە سووریا بەهەنگاو پاشەکشە دەکەن. لەگەڵ ئەوەی دۆنالد تەرمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە کۆتای ساڵی ڕابردوو پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمەریکای لە سووریا ڕاگەیاند کە دواتر بڕیارەکەی بۆ کەمکردنەوەی ژمارەیان گۆڕی، ئەو سەردانێکی کتوپڕی بۆ بنکەی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار لە عێراق کرد و ڕای گەیاند کە هیچ پلانێکیان بۆ پاشەکشەکردنی هێزەکانیان لە عێراق بەدەستەوە نییە. لەو کاتەی ژمارەیەک سیاسەتوان و شارەزایانی سەربازی عێراقی دووپات لە پێویستی عێراق بە پالپشتی هێزەکانی ئەمەریکا لەو

شەڕ ڕووناداد

محەمەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران کە ئێستا لە ئەمەریکایە، لە وتووێژێک لەگەڵ تۆڕی میدیایی (فۆکسنیوز)ی نزیک لە دۆنالد تەرمپ ئاشکرای کردووە، ئەمەریکا بەتەمای جەنگ لەگەڵ ئێران نییە، بەڵام چەند لایەنێک دەیانەوێ تووشی بکەن. بەپێی هەواڵی تۆڕی میدیایی (BBC) وەزیری دەرەوەی ئێران کە بۆ بەشداریی دانیشتنێکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی واشنتۆنی کردووە، بەڵام زیاتر لە میدیاکانی نزیک لە دۆنالد تەرمپ، سەرکۆماری ئەمەریکاوە دەرکەوتووە و ڕای گەیاندووە: بەڕای ئێمە خودی دۆنالد تەرمپ، سەرکۆماری ئەمەریکا بەتەمای خۆبواردنە لە جەنگ لەگەڵ ئێران، بەڵام ئەگەر (گرووپی ب) کە لە (ناتانیاهۆ، جۆن بۆڵتەن و محەمەد بێن زائید ئال نەهیان پێکهاتوون، بەتەمای ئەوەن ئەمەریکا بکێشنە ناو ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئێرانەوە.

ئەمەریکا هێشتا بڕیارەکە

لەو دیدارەی محەمەدجەواد زەریف کە لەگەڵ لەگەڵ تۆڕی میدیایی (فۆکس نیوز) و ڕۆژنامەنووسی ناودار کریس والاس لەگەڵی سازی داوە، زەریف ئاماژەی بەوە کردووە لە ڕوانگەی ئیسرائیل، جۆن بۆڵتەن ڕاوێژکاری باڵای ئاسایشی کۆشکی سپی و محەمەد بێن زائید ئال نەهیان سەرۆکی ئیمارات بەتەمای گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتی ئێرانن، هەر بۆیە دەیانەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار دۆنالد تەرمپ ناچار بە شەڕ لەگەڵ ئێران بکەن. پاش بڕیاری قورسی ئەمەریکا لەدژی سوپای پاسداران و خستنە لیستی تیرۆرەوە، بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ هەڕەشە و گوڕەشە، لەلایەکی دیکەشەوە لەڕێگەی دەزگای دیپلۆماسییەوە چەندان لێدوانیان لەبارەی ئەگەری وتووێژ لەگەڵ ئەمەریکا هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام ئەمەریکا هێشتا بڕیارەکە.

عێراق... خۆپیشاندان لە بەردەم کۆنسوڵخانەی بەحرێن لە شاری نەجەف بەڕێوەچوو

لێدوانێکی موقتەدا سەدر تەنگەژەیەکی دیپلۆماسی لەنێوان عێراق و بەحرەین دروست دەکات



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

لێدوانێکی موقتەدا سەدر بۆ دەستەکارکێشانەوەی سەرکردەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبی، وەڵامی توندی بەدواداهات و بەوەش تەنگەژەیەکی دیپلۆماسی و سیاسی ڕووی لە پەیوەندییەکانی نێوان مەنامە و بەغدا کردووە. دوای ئەوەی موقتەدا سەدر کە خاوەنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانییە لە عێراق، داوای دەستەکارکێشانەوەی دەسەڵاتدارانی هەر یەکە لە بەحرەین و سووریا و یەمەنی کرد بەهۆی ئەو کێشە قوواڵانەی ئەم وڵاتانە هەیانە و بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و دەڕێژیان هەیە.

لەمبارەیەوە شێخ خالید بن ئەحمەد ئاڵخەلیفە، وەزیری دەرەوەی بەحرەین بە توندی وەڵامی موقتەدا سەدری دایەوە و گوتی: موقتەدا سەدر لە جیاتی ئەو قسە بێ مانایانە باشتربوو داوا لە ڕژێمی ئێران و دەسەڵاتدارانی تاران بکات کێشەی عێراق و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی بێت کە بەهۆی دەستێوەردانیانەوە سااڵنێکە لە تەنگەژەیەکی قوواڵدان و دەڵێ خوای گەورە عێراق بپارێزێت، لەمجۆرە دەسەڵاتدارە بێ عەقڵانە.

وەزیری دەرەوەی بەحرەین هەروەها گوتوشیەتی: موقتەدا سەدر چاوپۆشی لەو وڵاتە کردووە کە عێراقی داگیرکردووە و دەستی خستووەتە بینەقاقەی هەموو گەلانی عێراق، کەچی هاتووە نەسیحەتی ئێمە دەکات.

دوابەدوای ئەم لێدوانەی وەزیری دەرەوەی بەحرەین کە لەتوبەر نووسیوێتی: بە دەیان کەس لەلایەنگرانی موقتەدا سەدر لەبەردەم کونسوڵخانەی بەحرەین لە نەجەف و باڵیۆزخانەی بەحرەین لە بەغدا بە گوڵەوە گردبوونەوەیەکیان کرد و ناڕەزایان بەرانبەر ئەو قسانەی وەزیری دەرەوەی بەحرەین ئەنجامدا و دواتریش وەزارەتی دەرەوەی عێراق نیگەرانی لەسەر ئەم لێدوانەی وەزیرە بەحرەینیەکە دەربڕی و داوای لە باڵیۆزی بەحرەین کرد، وەزیری ناوبراو کە سەرۆکی دیپلۆماسییەتی وڵاتەکەیەتی داوای لێبووردن بکات لەو وشە ناشیرینانەی کە لە توبەکەیدا بەکاری هێناوە.

دوێنێش دەیان کەسایەتی ئایینی خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم کۆنسوڵخانەی بەحرێن لە شاری نەجەف باشووری عێراق ئەنجامدا و تیایدا ناڕەزایەتیان دەربڕی لە هەمبەر لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی بەحرێن، خالید بن ئەحمەد ئاڵ خەلیفە کە تیایدا سووکایەتی و قسەی نەشیاوی ئاراستەی سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر کردبوو. خۆپیشاندەرێک بە ناوی جەمیل کازم گوتی: ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی ئایینی لە بەردەم کۆنسوڵخانەی بەحرێن ناوەڕاستی شاری نەجەف گردبوونەتەوە و ناڕەزایەتی دەردەبڕن لە هەمبەر ئەو جۆرە لێدوانانە کە تیایدا سووکایەتی بە کەسایەتییە نیشتمانی و ئایینیەکانی لە عێراق دەکرێت.

عێراق داوا باڵیۆزخانەی ئەمەریکا دەکات پۆستێکی فەیسبووک بسڕێتەوە

وەزارەتی دەرەوەی عێراق داوای لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا کرد، ئەو پۆستە بسڕێتەوە کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەبارەی سەروەت و سامانی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی بڵاوکردووەتەوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا، وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئامانجی بەوەداوە، ئاگاداری لەسەر ئەو پۆستە هەیە کە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەبارەی سەروەت و سامانەکانی عەلی خامنەیی بڵاوکردووەتەوە کە بنەما و دابونەریتی دیپلۆماسی بەزاندووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: نێردەیەکی دیپلۆماسی کە لە عێراق کاردەکات و زانیاری دژ بە وڵاتێکی دراوسێ، کەسایەتێکی ئایینی و سیاسەتمەدار بڵاوکردۆتەوە، ئەوەش پێچەوانەی بنەمای دەستوور و سیاسەتی دەرەوەی عێراقە، بەتایبەتیش بنەمای دراوسێیەتی باش و سیاسەتی خۆبەدوورگرتن لە ناکۆکییە دەرەکییەکان و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی سەرجەم وڵاتان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە سیاسەتی عێراق خۆی لە چەند خاڵێکی گرنگدا دەبینێتەوە لەوانە؛ ڕێگە نادات خاکی بەکاربهێندرێت بۆ زیان گەیاندن بە وڵاتانی دراوسێ، یان وەک خاڵێک بۆ هەڵگیرسانی جەنگی ڕاگەیاندن، ئابووری، بازرگانی، سەربازیی و ئەمنی بەرامبەر هیچ کام لە وڵاتانی دراوسێدا بەکاربهێندرێت، ئەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە میانی بڵاوکردنەوەی پۆستێک ئەنجامیداوە بەپێی ڕێککەوتنەکەی قیەنا لەبارەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، پیچەوانەی کار و دابونەریتی دیپلۆماسییە. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەیدا، وەزارەتی دەرەوەی عێراق داوای لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا کردووە ئەو پۆستە لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بسڕێتەوە کە لەبارەی سەروەت و سامانی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندبوو کە لە کاتێکدا گەندەڵی سەرجەم سێکتەرەکانی لە ئێران گرتووەتەوە، کەچی لەئێستادا سەروەت و سامانی عەلی خامنەیی بە 200 ملیار دۆلار دەخەملێندرێت.

ئیسپانیا.. سبەی هەڵبژاردنی گشتیی پێشوەخت بەڕێوەدەچێت


لە ئیسپانیا هەڵبژاردنی گشتیی پێشوەخت بەڕێوەدەچێت و پرۆسەی دەنگدان لە کاتژمێر 9 بەکاتی ناوخۆیی دەستپێدەکات. ئەو هەڵبژاردنە کە سێزدەمین هەڵبژاردنی گشتییە لە میژووییی دیموکراسی ئیسپانیادا، تێکڕا 36 ملیۆن و 893 هەزار و 976 دەنگدەری تۆمار کراو هەن کە دوو ملیۆن و 93 هەزار و 977 دەنگدەریان لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن. لەو هەڵبژاردنەدا کە 350 پەرلەمانتار و 208 سیناتۆر هەڵدەبژێردرێن بۆ چوار ساڵی داهاتوو، تێکڕا 212 هەزار سندوقی دەنگدان دانراوە کە 23 هەزار و 196یان لە ناوەندی دەنگدان و 60 هەزار و 38ی دیکەیان لە میزی هەڵبژاردن دانراون.

وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا، ئاماژەی بەوە کرد کە بە هۆی هەڵبژاردنەوە تێکڕا نزیکەی 93 هەزار کارمەندی ئاسایش لە سەرتاسەری وڵاتدا ئەرکیان دەبێت لەنێویشیاندا، 45 هەزار جەندرمە و 30 هەزار پۆلیسی نیشتمانی بەشدار دەبن. لەو هەڵبژاردنەدا یەک ملیۆن و 157 هەزار دەنگدەری نوێ کە تەمەنیان 18 ساڵی پڕکردووەتەوە، لەگەڵ نزیکەی 100 هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ یەکەمجار دەنگ دەدەن.

2015ـەوە ئەوە بۆ جار سێیەمە دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و لە کەشوهەوایەکدا کە نادیاری سیاسیی هەیە لە ئیداری وڵاتدا، لەگەڵ کێشەی کەتەلۆنیا، بەرزبوونەوەی ڕاستڕەوی توندئاژۆ، گەندەڵی و بێ کاری بژاردەی سیاسییان دیاری دەکەن.

پرۆسەی دەنگدان کاتژمێر 8ی ئێوارە بەکاتی ناوخۆیی کۆتایی دێت.

پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و پارتی گەلی تورکمانی بەسەرکرانەوە



بۆ پتەوکردنی زیاتری پەیوەندی نێوان پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دوێنێ یەکشەمە 28/4/2019 عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان، پێشوازی لە باپیر کامەلا سکرتێری پارتی کرێکاران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران کوردستان کرد .

لەو دیدارەدا باروودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت لە کوردستان و گفتوگۆکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەمبارەیەوە تیشکی خرایەسەر، هەر لەو دیدارەدا باس لەپەیوندی و هەماهەنگی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و کاری هاوبەشی نێوان هەر دوولا و یەکدەنگی و تەبایی سیاسی نێوان هەموو لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەدا کەبوونە زەرورەتێکی پێویست بۆ ئێستا و ئایندەی خەڵکی کوردستان و پرۆسە سیاسیەکەی کرایەوە.

هەر دوێنێ و لە دیدارێکی جیادا عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی گەلی تورکمانی کرد و لەلایەن عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان پێشوازی کران. لە دیدارەکدا بەرپرسی پەیوەندییەکان و سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان تەئکیدیان لە پاراستنی یەکڕیزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و تورکمان لە پێناو خزمەتکردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان کردەوە، هەروەها باروودۆخی سیاسی ناوچەکە و پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی پێکهێنانی حکومەت لە کوردستان و ڕەوشی خراپی کورکوک و دۆخی داسەپاوی سەربازی بەسەر شارەکەو هەنگاوەکان بۆ ئاسایکردنەوەی خرایەروو.

عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان کە هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیشە ڕاگەیاند: هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان جێگای ڕێز و ستایشی ئێمەیە لەبەرامبەر کەرکوک و تەواوی مافەکانی پێکهاتەی تورکمان، لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی ڕۆلی پارتی گەلی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی لە هاوکێشە سیاسیەکان وهەلوێسیان بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان تەواوی هەنگاوەکانی تریانی بەبەرزی هەڵسەندگاند.

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە شاندێکی بزنسمان و وەبەرهێنەرانی وان کرد



خەبات- سەیفەدین: دوێنێ یەکشەمە 28/4/2019نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، لە دیوانی پارێزگا پێشوازی لە شاندێکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی شاری وان کرد کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەک بزنسمان و سەرمایەدار و نوێنەرانی کۆمپانیاکانی ئەو شارە.

لە دیدارەکدا، کە دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر ئامادەی بوو باس لە ڕەوشی پەیوەندی و دۆستایەتی و هاریکاری نێوانی هەولێر و وان کرا، هەر لە دیدارەکەدا جەختیش لە بەرەودانی پەیوەندی ئابووری و پیشەسازی لەنێوان هەردوو لا کرایەوە، بەتایبەت لەبواری ئالوگۆڕی بازرگانی.

پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بە ڕۆڵ و گرنگی بازرگانی نێوانی کۆماری تورکیا و هەرێمی کوردستان کردەوە کە سوودی گەورەی دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ڕەوتی ئابووری، کاتێک کوردستان و هەولێر دەبنە دەروازەی بازرگانییەکی بەهێز بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراقیش.

دووپاتی هەموو ئاسانکاری و هەماهەنگیی نێوانی هەولێر و وان کرایەوە، لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و وەبەرهێنان و بازرگانی و پیشەسازی، بە تایبەت پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرەو هەولێر کە بەم دواییە پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە.

زانکۆی سەلاحەددین و هەکاری سوود لە پسپۆڕییەکانی یەکتر وەردەگرن



پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر پێشوازێکی لە شاندێکی زانکۆی هەکاری ولاتی تورکیا کرد کە پێکهاتبوو لە پ.د. عومەر پاکیژ سەرۆکی زانکۆی هەکاری، پ.د. ئەردۆگان بادا یاریدەری سەرۆکی زانکۆی هەکاری و ئامانجی سەردانی شاندی یاوەری، سەردانی شاندی هەکار زیاتر بۆ یەکترناسین و ئالوگۆڕکردنی بیروڕاو بوو، هاوکات لە ئایندەیەکی نزیکدا لەنێوان ڕێککەوتنەکان واژوو دەکرێ لەنێوان زانکۆکانی کوردستان و ژمارەیەک لە زانکۆکانی ولاتی تورکیا، ئەمەو لەکۆبوونەکەدا باس لەچەندین خاڵ کرایەوە بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی ئاستی زانست تا لە ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆی جیهان دابێ، لەلایەکی دیکەوە هەردوو لا خۆشحالی خۆیان دەربڕی تا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستبەکارەکانی بکەن بۆ ئەوەی ئاستی زانست لەنێوەندی زانکۆکاندا ئالوگۆڕ بکرێ و بتواندا ری هەموو بوارەکانی زانست بۆ هەردوو زانکۆ سوود لە پسپۆڕییەکانی یەکتر وەربگرن، شیاوی باسە بەڕێوەبەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی ئەو کۆبوونەوە بوو.

پۆلیسی هەولێر کەسێکی بە تۆمەتی دزی دەستگیرکرد

دوێنێ یەکشەمە 28/4/2019بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەلایەتیی فەیسبووک ئاشکرای کرد، کە دوای ئەوەی لەلایەن نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەلاتەوە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ تۆمەتبارێک دەردەچێت، فەرمانی دەستگیرکردنەکە لە لایەن بنکەی پۆلیسی باداوانەوە جێبەجێ دەکرێت. بە پێی ڕاگەیاندراوەکە ڕائیدی پۆلیس/زیرەک تاهیر میرە ئەفسەری بنکەی پۆلیسی باداوان ڕایگەیاندوە، دوای ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارک. ڕ. ح مان پێگەیشت لە لایەن نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەلات، دەستبەجێ دوای بە دواداچونێکی ورد بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی توانیمان دەستگیری بکەین و ڕەوانەی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەلاتی بکرێت. تۆمەتبار دوای دەستگیرکردنی دانی ناوە بە تاوانەکەی کەوا هەڵسابوو بە دزیکردن لە دوکانێکی مۆبایل لە سنووری نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەلات کە بڕەکەی بە زیاتر لە 30000سی هەزار دۆلاری ئەمەریکی دەخەملێنرێت، تۆمەتبار بە پێی ماددە 443لە دەستبەسەرکراوە.

بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر:
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەبەرهێنەران زیاتر پڕۆپۆزەلی پڕۆژە بۆ وەبەرهێنان پێشکەش دەکەن



ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی:

بەگوتەی سامان عارەب بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر لەماوەی ساڵانی ڕابردوو لەبەر هۆکاری شەڕی داعش و قەیرانی دارایی هەموو پڕۆژەکان لەکار وەستابوون دوای ئەوەی کە قەیرانی دارایی نەما ، وا خەریکە پڕۆژەکان دەست پێدەکەنەوە و وەبەرهێنەرانیش دەکەونەوە کارکردن بەتایبەتی ئەو پڕۆژانەی کە بەنیوەچڵی مابوونەوە، دەستیان بەکارکردن کردۆتەوە و ئەو پڕۆژانەی کە لە لایەن ئێمەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵانی 2018و 2019 ئەوا دەبینین پڕۆژەکان زیاتر ئاستی وەبەرهێنانیان بەرزبۆتەوە، بەڵام ئەگەر ساڵانی 2018و 2017ئەوا پڕۆژەکان زۆر زیادیان کردووە، لەبەرئەوەی بەشێک لەو پڕۆژانە چاوەڕوانی ئاساییبوونەوەی دۆخی سیاسی کوردستان لەگەڵ عێراق دەکەن.



هەروەها جگە لەوەش قەیرانی دارایی هۆکاری سەرەکی سستبوونی پڕۆژەکان بوون، بەڵام لەوەتەی شەڕی داعش نەماوە و دۆخەکە ئاسایی بۆتەوە، ژمارەی مۆڵەتەکانیش بەرزبوونەتەوە، بۆ نموونە لە چوارمانگی ئەمساڵدا لە300% پڕۆژەکانمان زیادی کردووە و نزیکەی 18 مۆڵەتی وەبەرهێنان بە پڕۆژەکان دراوە و ئومێد دەکەین هەر لە ئەمساڵ ژمارەی مۆڵەتەکان زۆر زیاتر بێت ئەگەرچی لە ساڵانی 2016و 2017وەرگرین نزیکەی 12مۆڵەتی وەبەرهێنان هەبووە و مۆڵەتیان پێدراوە لەشاری هەولێر.

دواتر سامان عارەب بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر دەربارەی چەند ڕێنماییەکی گرنگ ڕوونیکردەوە: دیارە لەلایەن خودی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێنمایی کراوین کە ئەو پڕۆژانەی کە بەشێوەی باڵەخانە یاخود نیوە چڵی بەجێماون ئەو پڕۆژانە پێویستە تەواو بکرێن ئەویش لە ماوەیەکی کورتدا ئەو پڕۆژانە جێبەجێ بکرێن چونکە دیاردەیەکی ناشارستانییە کە لە لایەن بنکەی پۆلیسی شوێنە جیاجیاکان کۆمەڵێک هەیکەلی باڵەخانەی ناتەواو لە پارێزگای هەولێر بەرچاو دەکەون، بۆیە داوامان لە وەبەرهێنەران کردووە کە لەماوەیەکی دیاریکراو ئەو پڕۆژانە بەزوویی تەواو بکەن، دیارە ئەو پڕۆژانەش خۆیان لە پڕۆژەی بازرگانی و پڕۆژەی نیشتەجێبوون دەبینێتەوە و چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری گرنگ بەڕێوەبە لە چەندین سێکتەری جیا وەکو پیشەسازی کە وەک سێکتەری یەکەم دێت لەشاری هەولێر و سێکتەری کشتوکاڵ و سێکتەری گەشتیاریش کاریان لەسەر کراوە بەڵام سێکتەری نیشتەجێبوون لەکاتی ئێستادا ڕاگیراوە بەڵام پڕۆژەکانی دیکە کاریان لەسەر دەکرێت. بەپێی ئەو ژمارەی کە تۆمارکراوە لە ڕۆژی 1/8ی ساڵی 2008تاوەکو ڕێکەوتی 25/4ساڵی 2019ژمارەی پڕۆژە و سێکتەرەکان بەوشێوەیە بووە کە بەپێی فەرمانی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر مۆڵەتیان پێدراوەو بریتیە لە سێکتەری بازرگانی 47پڕۆژەو لە سێکتەری تەندروستی 33پڕۆژەو لە سێکتەری پیشەسازی 96 پڕۆژە و لە سێکتەری خزمەتگوزاری 5 پڕۆژە و لە سێکتەری گەشتیاری 75 پڕۆژە و لە سێکتەری فێرکردن 11پڕۆژە و لە سێکتەری کشتوکاڵیش 15 پڕۆژەبوو ئەمە و چەندین سێکتەری دیکەی وەکو هونەری و وەرزش هەبووە جگە لە وەبەرهێنەری ناوخۆیی چەندین وەبەرهێنەری بیانیش کاریان کردووەو بریتی بووە لە 33وەبەرهێنەر و وەبەرهێنەری خۆماڵی بریتی بووە لە333 و هاوبەشیش بریتی بووە لە 10و وەبەرهێنەرانی بیانی بریتی بووە لە وڵاتانی ئەڵمانیا و ئەمەریکا و ئیمارات و ڕوسیا و سوید و بەریتانیا و تورکیا و وڵاتی لوبنان و میسرو نیوزلەندا هتد.

لەشاری هەولێر زیاتر لە 10 کۆمپانیا خراوەنەتە لیستی ڕەشەوە

دواتر دەربارەی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانە کە خراونەتە ناو لیستی ڕەش لەمبارەیەوە سامان عارەب بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر گوتی: لە قۆناغی پێدانی مۆڵەت بوون یاخود مۆڵەت وەرگرتن کۆمپانیا هەبووە کاری خۆی بە ڕێکوپێکی نەکردووە و هەمیشە ڕێنماییمان کردوون بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکانیان ئەنجام نەداوە، بەڵام بەداخەوە ژمارەیەک وەبەرهێنەر کەمتەرخەمیان کردووە لە پڕۆژەکان و بۆیە ژمارەی ئەوانی خراونەتە ناو لیستی ڕەش 10 کۆمپانیا بوون چەندین وەبەرهێنەری وڵاتانی عەرەبی پڕۆژەیان پێشکەش کردووەو بریتییە لە پڕۆژەی ستراتیژی وئومێد دەکەین ئەو پڕۆژانەی کە تازە پێشکەش کراون، بە زووترین کات دەست پێ بکات جا لە هەر سێکتەرێک بێت لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ئارامی و هێمنی پێوە دیارە وەبەرهێنەرانی زۆربەی وڵاتانی دونیا ئومێد دەکەن وەبەرهێنان لەکوردستان ئەنجام بدەن بەتایبەتی لە شاری هەولێر یەکێک لەو وڵاتە عەرەبیانەش وڵاتی سعودیەیە و لەو ماوەیەدا شاندێکی باڵای وڵاتی سعودیە سەردانی کوردستانیان کرد و لەلایەن خودی جەنابی سەرۆک بیران بۆیە هاوکاری هەمانگی دروست بوو دیارە وەبەرهێنەران و گەورە بازرگانانی وڵاتی سعودیە زۆر خۆشحاڵن کە وەبەرهێنان و کاری بازرگانی بکەن لە کوردستان، ئەوەتا لە هەفتەی ڕابردوو 22 کۆمپانیای ئەو وڵاتە بەشداریان لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێرکرد و هەموو ئامادەکارییەکیان کردبوو لەداهاتووش پڕۆژەیان دەبێت و لەئێستاشدا وەبەرهێنەرانی سعودیەش چەند پڕۆژەیەکیان پێشکەش بە ئێمە کردووە و پالپشتی تەواویان دەکەین لەهەمان کاتیش بەرهێنەرانی وڵاتی کوەیت و ئیماراتیش زۆر حەزدەکەن کارلە کوردستان بکەن لەبەر ئەوەی شاری هەولێر بۆتە مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی ئابووری.

هاووڵاتییان: ئەگەر پڕۆژەکان دەست پێبکەنەوە خۆشحاڵ دەبین

ژمارەیەک لە هاووڵاتیان قسەیان هەبوو سەرەتا وەستا لەشکر عەزیز گوتی: هەرکە دەبینم پڕۆژەکان دەست پێ دەکەنەوە هەستم دەجوڵی کە کوردستانم زۆر خۆش بوێت بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین کە پالپشتی تەواو لە وەبەرهێنەران بکات.

هیوا محەمەد گوتی: خۆزگە حکومەت پالپشتی لە وەبەرهێنەرانی بووژاندنەوەی شوێنە گەشتوگوزارییەکان دەکرد تا پڕۆژەی زیاتری گەشتیاری ئەنجام بدەن.

کاروان عەلی گوتی: سێکتەری کشتوکاڵی لە کوردستان زۆر لاوازە خۆزگە وەبەرهێنەرانی ئەو کەرتە کاری وەبەرهێنانی کشتوکاڵییان دەکرد تا کەرتی کشتوکاڵ زیاتر دەبوژایەوە.

دووەم فێستیڤاڵی سااڵنەی سیستەمی زانیاری پەیمانگای تەکنیکی هەولێر دەستی پێکرد



دوێنێ سەر لە بەیانی یەکشەمە 28ی نیسانی 2019 ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، دووەم فیستیڤاڵی ساڵانەی سیستەمی زانیاری پەیمانگای تەکنیکی هەولێری کردەوە کە د. کاوە شێروانی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی و مامۆستایان و کارەکانیان، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی و ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی و سەرۆکی بەشی سیستەمی زانیاری ڕێزیان لێنرا. پاشان بەرپرسی لقی دوو پڕۆژەی قوتابیانی سیستەمی زانیاری بەسەر کردەوە و دەستخۆشی گەرمی لێکردن، ئومێدی خواست لە داهاتوودا گرنگی پتر بە توێژینەوە و پڕۆژە زانستی و نوێیەکان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن لە ئایندەدا بەشداری لە بە سیستەماتیک کردنی دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان بکەن.

قوتابیان ئامادەی بوون. لە کردنەوەی فیستیڤاڵەکەدا، د.کاوە شێوانی سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لە وتەیەکدا وێڕای ئاماژە کردن بە ئامانجی ڕێکخستنی فیستیڤاڵەکە، ڕایگەیاند کە لە پڕۆژەیەکی زانستیدا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی پڕۆژەی زانستی پەیمانگاکان کۆدەکاتەوە و لەڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆر، باشترین سێ پڕۆژەی زانستی قوتابیان هەڵدەبژێرێت و دواتر لە ڕێورەسمێکدا خاوەنی ئەو پڕۆژە زانستییانە خەاڵت دەکرێن. هەر لەو فیستیڤاڵەدا ئۆفیسی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی قوتابیان ئامادەی بوون و دوای ناساندنی کۆمەڵەکە لەاڵیەن بڕوا جەمالی بەڕێوەبەری ئۆفیسی ئاسیک لە هەولێر و نیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر

به بڕیارێک وەزارەتی دارایی و ئابووری هاوردەکردنی چیمەنتۆ قەدەغە دەکرێت

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی هاوردەکردنی چیمەنتۆی ئاسایی و مقاوم بڕیارێکی دەرکرد.

دوێنێ یەکشەمە/28/4 2019 کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاگاداری گشت کۆمپانیاکان و بازرگانان و دەرهێنەرانی گومرگی دەروازەکە دەکاتەوە کە بە پێی بڕیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ، هاوردەکردنی چیمەنتۆی ئاسایی و مقاوم قەدەغە دەکرێت.

لە ڕاگەیاندراوەکەی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە بڕیارەکە لە بەرواری 1/5/ 2019ەوە جێبەجێ دەکرێت.

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف: پشکی حاجیانی هەرێمی کوردستان زیاد کرا



وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ، پشکی حاجیانی ئەمسااڵی هەرێم 2هەزاری تر زیاد کراوە. ڕاشیدەگەیەنێت، لە ڕۆژی 10ی تەمووزی 2019 یەکەم گەشتی حەج لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ سعوودیە دەست پێدەکات.

نەبەز ئیسماعیل، ئاماژەی بە بەڕێوەچوونی گەشتی هاووالتیانی هەرێمی کوردستان بۆ سعوودیە کرد و ڕایگەیاند، دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی، سەردانی سعوودیەی کرد، داوای کرد ژمارەی سەردانیکارانی هاووالتیان زیاد بکرێت لەو ڕێژەیەی کە عێراق بۆی دیاری کراوە، کە 50هەزار هاووالتیی عێراقی سەردانی عەرەبستانی سعوودیە دەکەن.

لەو ژمارەیەی کە بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کرابوو، 4880هاووالتی بوو، وەک ناوبراو ئاشکرای کرد، لەو ڕێژەیەی کە زیاد کراوە بۆ عێراق، پشکی هەرێمی کوردستان بۆ 2هەزار هاووالتی زیاد کرا، وەک بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە، تاوەکو ئێستا بە نووسراوی فەرمی بە دەستیان نەگەیشتووە، بەاڵم بە شێوەیەکی مەبدەئی ئەو ڕێژەیە بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بووە.

سەبارەت بە بەڕێوەچوونی مامەاڵەی هاووالتیانیش ڕایگەیاند، مامەاڵەی 4880 حاجییان تەواو کردووە؟ مامەاڵەی 2هەزار حاجییەکەی تر تاوەکو ئێستا تەواو نەبووە، کە 10تا 15ڕۆژی تر دەست بە مامەاڵەکان دەکرێت و ناوی ئەو 2هەزار هاووالتییەش دیاری دەکرێت.

لەبارەی ئەو بڕیارەیەی کە لە هەر هاووالتییەک وەردەگیرێت بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج، نەبەز ئیسماعیل ڕوونی کردەوە، هەر حاجییەک ئەمساڵ پێویستی بە بڕی 4هەزار و 200دۆالرە بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج.

پێوەست بە پشکی کەسوکاری شەهیدانیش، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف دەاڵێ، بە بڕیاری وەزیری ئەوقاف، 100 پشک بۆ کەسوکاری شەهیدان تەرخان کراوە، کە ناوەکانیان لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە بۆ نێردراوە.

بە بۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح سااڵوی خوای لێ بێت و بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر و عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی و کونسلی وااڵتان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان و بەرپرسانی دیکەی حزبی و حکومی و پیاوانی ئاینی و خەڵکێکی زۆر لە خوشک و برا مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق و شاری هەولێر، لە کەنیسەی ئۆم نور بۆ سریانەکانی ئەرسەدۆکس بۆ ئەم بۆنەیە مەراسیمێکی تایبەت لە عەنکاوە ڕێکخرا و جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح سااڵوی خوای لێ بێت بەرز ڕاگیرا.

له کەنیسەی ئۆم نور بۆ سریانەکانی ئەرسەدۆکس جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح بەرز ڕاگیرا



کارەکانیان، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی و ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی و سەرۆکی بەشی سیستەمی زانیاری ڕێزیان لێنرا. پاشان بەرپرسی لقی دوو پڕۆژەی قوتابیانی سیستەمی زانیاری بەسەر کردەوە و دەستخۆشی گەرمی لێکردن، ئومێدی خواست لە داهاتوودا گرنگی پتر بە توێژینەوە و پڕۆژە زانستی و نوێیەکان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن لە ئایندەدا بەشداری لە بە سیستەماتیک کردنی دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان بکەن.



هەرێمی کوردستان... وەرزی بڕینەوەی خوری دەستپێکرد

– وەرزی بڕینەوەی خوری مەڕ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە و ئاژەڵدار و شوانکاران بە هەرەوەزی ڕۆژانە خوری سەدان سەر مەڕ دەبڕنەوە، خوریبەکەش وەک پێویست سوودی لێ نابیندرێت، تەنانەت لە زۆر شوێن فڕێدراوە. شوانکاران لە وەرزی بڕینەوەی خوری مەڕدا پشت بە یەکتر دەبەستن و یەکتری ئاگادار دەکەنەوە، تاوەکو بە هەرەوەزی بە کاتێکی کەم کارێکی زۆر ئەنجام بدەن.

شوانکارانی گوندەکانی ناوچەی بەربن سەر بە قەزای بەردەڕەش لە سنووری پاریزگای دهۆک لە ئێستادا سەرقاڵی بڕینەوەی خوری مەڕەکانیانن و سەرجەمییان هاوکاری یەکتر دەکەن.

وەک شوانکارەکان باسی دەکەن ئەوان لە وەرزی بڕینەوەی خوری مەڕدا کۆدەبنەوە، هەرجارە و خوری ڕانە مەڕی شوانێک دەست نیشان دەکەن بۆ بڕینەوە. بۆ هەر ڕانە مەڕێک زیاتر لە 20شوانکار دەست هەڵدێنن کەلەخەکانیان لەنێو خوری مەڕەکان دەنێن و لە چەند خولەکێک مەڕەکە لە خوری پیس و درێژ پاک دەکەنەوە.

هەرچەند لەئێستادا چەندین ئامێری پێشکەوتوو هەیە بۆ بڕینەوەی خوری مەڕ، بەاڵم شوانکارانی کورد تەنها پشت بە کەلەخ دەبەستن و هیچ ئامێرێکی سەردەمیانە بەکارناهێنن.

ئاژەڵدارێکی گوندی کەونەباکی سنووری قەزای بەردەڕەش سنووری پاریزگای دهۆک، بەناوی سەاڵح ڕەشید گوتی: پیشەی ئاژەڵداری لە سنوورەکەمان بەگشتی لە گوندەکان بە تایبەتی هیچ کەمی نەکردووە، بەاڵم خەڵک بەردەوامە لە بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگا و ئاژەڵەکانی دیکە.

سەاڵح ڕەشید دەاڵێت: نیگەرانین لەوەی هیچ پڕۆژە و بەرنامەیەک نییە بۆ ئەوەی سااڵنە بەرهەمی خوری مەڕ لە وەرزی بڕینەوەدا سوودی لێ ببیندرێت، ئەگەر بەرنامەیەک هەبێت جا چ لە کەرتی حکوومی بێت یان کەرتی تایبەت ئەم خوریانە زۆر کەلوپەل و جلوبەرگی لێ بەرهەم دەهێندرێت.

لەبارەی گرنگی بڕینەوەی خوری مەڕ لە وەرزی بەهاردا، سەاڵح ڕەشید گوتی: بڕینەوەی خوری مەڕ زۆر گرنگە بۆ تەندروستی ئاژەڵەکان، چونکە لە نەخۆشی دەپارێزرێت، جگە لەمەیش دەبێتە هۆی گۆشتگرتنی مەڕەکان و قەڵەوبوونیان، لە 10بۆ 15ی نیسانی هەموو ساڵێک وەرزی بڕینەوەی مەڕ دەست پێدەکات، بەاڵم ئەمساڵ بە هۆی باراینی زۆرەوە لە وەرزی بەهار بۆ ماوەی زیاتر لە 10ڕۆژ پرۆسەکەمان دواخست.

ناوبراو دەشڵێت: داوا لە حکوومەت دەکەین لە کاتی خۆیدا ئالیکی مەڕ و مااڵت بۆ ئاژەڵداران دابین بکات، نەوەک دوای کۆتایی هاتنی وەرزی زستان.

وەزارەتی کارەبا پڕۆژەی هێڵی ستراتیژیی دهۆک جێبەجێ دەکات



دوای ئەوەی ئیدارەی دهۆک ناڕەزایی پارێزگای دهۆکیان گەیاندە سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاکێشانی تۆڕێکی نوێی کارەبا، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ، چاوەڕێی ڕەزامەندین بۆ دابینکردنی پارەی پێویست و دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت.

محەمەد ئەمین هەورامانی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: کار لەسەر ڕاکێشانی هێڵێکی نوێی کارەبا بۆ پاریزگای دهۆک کراوە، چونکە ئەو هێڵەی ئێستا وزەی کارەبا لە کۆنترۆڵی گشتییەوە دەگوازێتەوە بۆ دهۆک، سنووردارە و وەک پێویست توانای نییە، لەبەر ئەوەش پڕۆژەکە بەرز کراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و چاوەڕێی وەرگرتنی ڕەزامەندین. گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: جێبەجێکردنی پڕۆژەی هێڵی نوێی کارەبا بۆ دهۆک، هەم کاتی دەوێ و هەمیش بوودجەی گەرەکە، بۆیە پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان پارەی پێویست بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە دابین بکات.


هەورامانی گوتیشی: پڕۆژەی ڕاکێشانی هێڵی نوێی کارەبا بۆ شاری دهۆک، پڕۆژەیەکی ستراتیژیی گەورەیە بۆ دواڕۆژ، ئێمە پلانی بەدیلیشمان هەیە کە پلانی خێرا دەگرینە بەر تا پڕۆژەکە کۆتایی دێت، بۆ ئەوەی کارەبای پێویست بۆ هاووالتیانی دهۆک دابین بکرێت.

کەلار... لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا کەسێک بریندار دەبێت

ڕاگەیاندنی هاتوچۆی گەرمیان لە پەیجی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکەیاندا باڵویکردەوە، لەسەر ڕێگای ناوچەی پیشەسازی لە کەلار بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلەوە کەسێک بریندار دەبێت. دوێنێ یەکشەمە 28نیسان 2019لەسەر ڕێگای ناوچەی پیشەسازی لە کەلار نزیک بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی، بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلی جۆری مارسیدس تایبەت و نیسان ناڤارا، شۆفێری ئۆتۆمبێلی مارسیدسەکە بریندار بوو، بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر گەیەنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار.

پێشمەرگەکانی ئەیلوول ناسنامەی کوردایەتین

شەهید سلێمان مەولوود حەمەد ناسراو بە(سلێمان ئازووقە)





یونس حەمەد/ ئۆسلۆ

ئەگەر لاپەڕەکانی میژووی کوردایەتی و کۆڵنەدان هەڵبدەینەوە دەبینین و هەستدەکرێت بەوەی کورد وەک نەتەوە و کوردستانیش وەک خاک هەمیشە لە هزری تاک و کۆمەڵی کورد بوونی هەبووە و بەردەوامیش دەبێت نەخاسمە بۆ ئەوانەی ڕۆژگارێک لە ناو دڵی کوردایەتی ڕەنجیان کێشاوە و خەباتیان کردووە ،مەبەستیش تەنیا بۆ ئەوە بووە میللەت سەرفراز و سەربەخۆ بێت ، جالێردا شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی باوکی ڕووحی نەتەوەیی کورد بازرانیی نەمر نەوەک بە تەنیا بۆ باشوور، بەڵکو بۆ تەواوی کوردستان ببو هێمایەک لە خەباتی کوردایەتی و دەستپاکی ئەویش بە هۆی ئەو پێشمەرگانەی کە بە تێکۆشانی خۆیان و دوور لە مااڵ و منداڵ خەباتیان لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستان دەکرد.

زۆرن ئەوانەی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا ڕۆڵیان هەبوو بە تایبەتی لە دەشتی هەولێر و کەندیناوە ، ئەوانە بوونە هێما وسیمبوول بۆ ناساندنی ڕووحییەتی کوردایەتی لە نێو تەواوی کوردستان . یەکێک لەو شەهیدە ماندوونەناس و قارەمانانە ، شەهید سلێمان مەولوود حەمەد کە لە نێو پێشمەرگەکانی شۆڕش بە (سلێمان ئازووقە) ناو و دەنگی دەرکردبوو، یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە هەرگیز لەیاد و هزری کوردایەتی دانابڕێن. ناوبراو ساڵی 1930 لەگوندی سەید عوبێدی دەشتی کەندیناوەی سەر بە پارێزگای هەولێری پایتەخت لەدایکبووە ، لەبەر دەستپاکی و شارەزایی لەبواری کارگێڕی لەگوندی (بێستانە)ی خواروی ڕۆژهەاڵتی هەولێر ئەو کات لایەنێکی گرینگی شۆڕشی کورد بوو بەرپرساریەتی ئازووقەی شۆڕشی پێسپردرا ، پێشتر شەهید سلێمان لەساڵی 1961 لەشارۆچکەی تەق تەق لە سیلکی پۆلیس کاری دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستانەوە هەبووە، لەشەڕێکی دژ بەحکومەتی ئەوکاتی عێراق لەناوچەی تەق تەق پێشمەرگە هێرش دەکاتە سەر بنکەی پۆلیس ، لێردا هاوشان لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (عەلی تەتریۆف) لەم شەڕەدا دەبنە لایەنگیری هێزەکەی پێشمەرگە و تەواوی بنکە و جبەخانەی پۆلیس ڕادەستی پێشمەرگە دەکەن لەگەڵ50چەکی سیمینۆف ، ئەم داستانەلەکاتی خۆیدا دەنگ و سەدایەکی زۆر دەداتەوە، وەی پێشمەرگە لەهەموو ڕووێیکەوە بەرز دەبێتەوە، دواتر بەهۆی ئەوەی کەسێکی ژیر و بەوەفا و بەئەزموون بووە سەرکردایەتی پارتی خەڵاتی دەکات، لەپاشاندا دەبێتە پێشمەرگە لەهێزی (عەلی برنۆ) ، لەوێش ئازایانە کارەکانی جێبەجێ دەکات ،لەو دەمەی کە هێزی دەشتی هەولێر (فارس حەمەد باوە) سەرپەرشتی دەکرد شەهید (سلێمان ئاووبا) ، هەروەها بەهۆی ئاشنابوونی پێشتری لەگەڵ فارس باوە سەرپەرشتیاری هێز کە خەڵکی یەک ناوچەبوون و لەبەر دەست پاکی دەکرێتە بەرپرسی یەکەمی کارگێڕی و ئازووقە لەو هێزەدا ،لەم میانەدا لەبەرقارەمانی و دەستپاکی و لێهاتوویی (سلێمان ئازووقە) ناوبانگێکی زۆرباش پەیدا دەکات و دەبێتە خاوەن کەسایەتی لەنێو پێشمەرگەکاندا، لە ڕووی کارگێڕیدا بەشاهێدی هەموو ئەوانەی کار و ئاشنایەتییان لەگەڵدا هەبووە (سلێمان ئازووقە) تابڵێی بەهەڵسوکەوت کەسێکی ڕاستگۆ و ئارام و لەسەرەخۆ ، لە کاتی دابەشکردنی ئازووقەدا هیچ جیاوازی لەنێوان بەرپرس و پێشمەرگەدا نەدەکرد ،هەر کەس و بەتالیۆن و هێزێک بەپێی ژمارە وپێویستی ئازووقەی بەردەکەوت، ئەمەش وای کردبوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەلایەن سەرکردایەتی پارتی وپێشمەرگەکانەوە (سلێمان ئازووقە) زیاتر متمانە بەدەستبێنێت .. لەناوەڕاستی شەستاکاندا بەهۆی کێشەکانی ئەو سەردەم و الدانی هەندێک کەس ،بەناو شەهید سلێمان کەچی خۆفرۆشان بە شانازییەوە کەرکووکیان تەسلیم بە عێراق کرد!! شۆێنێک نییە کە عێراقییەکان حوکمی تێدا بکەن بە ویست و بڕیاری خۆیان بڕیاربەدەن لەبەر ئەوەی بەرپرسێکی عێراقی نیە پیاوی لایەن و گرووپێک نەبێ و ئەوەی زیاتریش دەست ڕۆیشتووە لە عێراق ئەو کەسەیە کە نزیکترە لە ئێران و یان پیاوی وڵاتێکی تر.ئەم گرفتە ئەگەرچی وەک عێراق کوردستانیشی گرتووەتەوە وە توانرا تا ڕادەیەک لە نێومااڵی کوردیش لە ڕێگای هەندێ لە خۆفرۆشان دەست بخەنە ناو کاروباری کوردستانیش، هەروەک گووتمان ئەوەی لە 16ی ئۆکتوبەری 2017کرا و لە دوای ئەویش دانانی سەرۆکی کۆماری عێراق کە ئەویش تەدەخولێکی ئاشکرای ئەم لایەنە دەرکیانەبوو کە باسمانکرد هەروەها تا ڕادەیێک دواکەوتن لە دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ کە ئێستا خەڵک چاوەڕوانە و پەرۆشە بۆی کەچی ڕۆژانە شتێکی نوێ تێدا باس دەکرێ و کەسانێک ڕۆژانە بەرنامەی دۆزمنان دێنە کوردستان و داوا دەکەن جێبەجێ بکرێت، ئەمانە هەمووی گرفتن و دیارن و دەزانرێ کە دەستی دەرەکی تێدایە و هەروەها هاتنی (PKK) بۆ سنووری شنگال ئەویش دەستێکی دەرەکییە بۆ دروستبوونی کێشە لە نێو مااڵی کورد بوونی چەکدارانی پەکەکە لە گوندەکانی کوردستانی باشوور هەر لە قەندیلەوە تا دەگاتە سێگۆشەی سنووری نێوان هەرسێ وڵاتێکی (تورکیا و سوریا و عێراق) ئەمەش یەکێکە لە گەمە مەخابەراتییەکان و پەکەکە بە فیتی دۆزمنان ئەم کارە ئەنجام دەدات بۆ تێکدانی ئارامی هەرێمی کوردستان، وەک ئەوەی داعش کردی تەنها ناوچەی سونە و کوردستانی کردە ئامانج بە هیچ شێوەیێک بەرەو ناوچە شیعە نشینەکان نەچوو کە ئەمەشیان گەمەیەکی موخابەراتی بوو کەواتە عێراق ئازادنەبووە بەاڵم سەدام حسێن روخا هەرچەندە ڕووداوێکی مێژوویی بوو، بەاڵم مەبەست و مەرامی دزرا و لە باربردرا و کوردستانیش بوو بە ئامانجێکی دۆزمنان لە سەدامێکی دیکتاتۆرەوە بۆ کۆمەڵێک عەقڵییەتی شۆڤینی عوسمانی و سەفەوی و ئەجێندا دەرەکیە شەرنگێزەکان هەر ڕۆژە بە ناوێک و بە ناو نیشانێک بەهۆکاری عیشقی بۆ ڕێبازی پارتی وکەسایەتی بارزانیی نەمر لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی ڕێبازی بارزانیی نەمر دێڕەی بەخەبات دا ، هەروەها لەناوەڕاستی شەستەکان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کە پێشتر لەکاری پۆلیسی پێکەوەبوون سەردانی بارزانیی نەمر دەکەن و لەاڵیەن ڕێبەری کورد پێشوازی دەکرێن و دواتر خەڵاتیان پێشکەش دەکرێت ، هەر لەوێشەوە بەڵێن و پەیمان دووبات دەکەنەوە کەتاماون لەڕێبر سێبەر و چەتری ڕێبازی ڕاستەقینەی کوردایەتی ڕێبازی پارتی وبارزانی دێڕە بەخەبات وتێکۆشان بدەن بۆ ڕزگاری یەکجارەکی کورد وکوردستان لەدەست داگیرکەرانی خاک و وڵات ..مخابن ئەم کەسایەتی وپێشمەرگەیە کە ژیانی خۆی لەپێناوی گەڵ و وڵاتەکەیدا تەرخان کردبوو، لە مانگی سێی بەهاری ساڵی 1969چووە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد وکوردستان سەروەریان بارزانی نەمر وکاکەئیدریسی هەردەم لەیاد ، بەڵام کاروانی ئەم پێشمەرگانە لەسەر ڕێگای بارزانیی نەمر بەردەوامە تا کورد دەگاتە ئامانج و ئاواتی یەکجارەکی سەربەخۆیی کوردستانە. شەهید (سلێمان ئازووقە) لەدوای خۆیدا جارێک قەومی و جارێک ئایینی و جارێک تایفەگەری، کەواتە بۆ کوردیش سەدامێک بوو بە دەیان سەدام، بەاڵم جیاوازی کورد لە گەل عێراق تەنها پێگەکەیەتی لە جیهان، بۆیە گرنگە و دەبێت کوردیش لە نێو مااڵی خۆی بە هێزبێت، تەبا بێت، نەبێتە ئاڵەتێک بە دەست دوژمنانەوە بەبێ ئاگایی هەروەک بووە لە هەندێ شوێن!! ئەگینا کوردیش حاڵی لە حاڵی عێراق خراپتر دەبێت باشتر نابێت، چونکە وەک عێراق دەوراوپشتەکان هەموو دوژمن و لەوەش زیاتر عێراقییەکانیش هەیانە بە عەقڵییەتی دوژمنکاری کورد پەروەردە کراون و گومانی تێدا نیە ئەوانەی ئێستا لە دەسەاڵتن وەک سەدامیان پێ بکرێت لە سەدام خراپتر دەبن و دەبێ ئێمە ئەو ڕاستییە بزانین عێراقێک کە خۆی ئازاد نەبێ لە ئازادی تێنەگات مەحاڵە لە مافی کورد و ئازادی کوردیش تێبگات، هەروەک لە مەسەلە عەرەبییەکە دەڵێت (فاقد شئی لا یعگی) بۆیە دەڵێین 9/4گۆرانی دیکتاتۆرە نەک ئازادی عێراق، هەرواش بووە لە مێژووش وا گوتراوە هەروەک لە یادەوەریەکیش (محمد شبیبی) دەڵێت و لە سەر نوری سعید باس دەکات دیارە لە سەردەمی مەلەکیەت لە عێراق (نوری سعید) و شێخ محمد ڕەزا شبیبی دەکەونە گفتوگۆیەکی تووند و دەمەقاڵەیەکی لە ناو (مەجلس ئومە) ، شێخ بە هاوارکردنەوە هەروەک خۆی دەڵێت بە نوری سعید دەڵێ تۆ دیکتاتۆری لە وەاڵم نوری سعید دەڵێت کاتێ من لە دەسەاڵت نەمام ئەو کات دەزانی کێ دیکتاتۆرە بە شێخ دەڵێ گوێ بگرە یا شێخ من لە سەر کورسی حوکم دانەنیشتووم من لە سەر (سپیتەنگ) پیسایی دانیشتووم، من لە سەر مەجرای بۆگەن دانیشتووم.

وە شێخ دەڵێ ئەوەبوو حوکمی نوری سعید بە کۆتاهات و پاش کودەتای 14ی تەموزی 1958 نوری سعید جەنازەکەی لە سەر شەقام کەوتە دەست خەڵک لە دوو خۆیان ڕاکێشا و هیچ پارچەییێک لە جەنازەکەی نەما تا بیشارنەوە و ببێت بە خاوەن قەبرێک، چونکە حەشەراتی مەجراکە خواردیان هەروەک نوری سعید خۆی گووتی لەسەر وێڕای هاوسەرەکەی سێ کوڕ وکچێکی جێهێشت بەناوەکانی (خالید ، کامەران ،سیروان ، شادیە)، ئەوانیش ئێستا هەر لەسەر ڕێگا و ڕێبازی باوکیان بەردەوامن. هەزار سااڵو لە گیانی پاکی شەهید (سلێمان ئازووقە) و هەموو شەهیدانی ڕێبازی بارزانیی نەمر.

لە 9ی نیسان چی ڕوویدا لە عێراق




فارس قادر فەتێ عەبدوڵاڵ*

لە 9ی نیسانی 2003گەورەترین دیکتاتۆری سەردەم (سەدام حسێن) لە ناوبردرا و زۆڵم و ستەمی (37) ساڵەی لە گۆرنرا و لاپەرەیەکی نوێ هەڵدرایەوە ڕۆژمێر و دەفتەری ڕۆژانی ڕەشبگیری ئەنفال و کیمیاباران و سوتان و ڕووخان لە ژێر دەستی عەفلەقییەکان کۆتایی هات وەک ناو ناونیشان و ئاسەواریان سڕایەوە، مۆڵگەکانیان ڕووخان بەندیخانەکانیان شکان، وێنەی دیکتاتۆر سەراوژێر کرا و پەیکەرە ترسناکەکەی لە بن پێنرا.

بەاڵێ جەستە و ڕۆحە بەندکراو و ئازدیخوازەکان هاتنەوە ژیان، ئەوەی لە ژیان مابوو ئازادبوو، دڵە بریندار و بەئازارەکان کەوتنەوە ناو ئومێد و هەناسەی تازەیان هەڵمژی، بەاڵم زۆر بەداخەوە ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا و لە خەیاڵ دووربوو ئەوەبوو کە ئێستا هەیە و ڕوویدا کە بەداخەوە ڕێرەوی کاروانی خەبات گۆڕا ئەوەی خەڵک خەباتی بۆ کرد لە گۆڕنرا بەاڵێ زیندە بەچاڵکرا هەروەک ئەوەی سەدام حسێن پێشووتر زیندە بەچاڵی دەکرد بەاڵێ (ئازادی عێراق) بوو بە خەون و بوو بە وشەیەکی بازرگانی کردن بە خوێنی خەڵک و بوو بە پاساوێک بۆ گۆڕینی (دیکتاتۆر بە چەندین دیکتاتۆرۆکە) بەاڵێ ئازادی عێراق بوو بە خەیاڵ لە خەڵک دزرا و وەک الشەیەکی مردوو هەرکەسەی هات و قاپی خۆی لێداو بەشێکی بۆخۆی برد و خواردی و لە دەرەوەی سنووری عێراقیش کەس ڕوحمی بەم الشە مردووەکەی عێراق نەکرد هەموو الیەک بەشی خۆی برد چ ئێران چ وڵاتە زلهێزەکان چ تورکیا و گرووپ و کۆمپانیا وەهمی و گرووپە تیرۆرستەکان لە واقعدا ئەوەی هیچی نەبرد و هیچی دەست نەکەوت و ئازادیەکەی دزرا تەنها و تەنها گەلی عێراقی بوو، جگە لە خۆفرۆش و دزەکان ئەوان ئەوەی کردیان کردیان بەاڵێ بۆ گەلی عێراق تەنها گۆڕانی دیکتاتۆر بوو بە دیکتاتۆر بوو هیچ پێناسەی تری نیە لەوە زیاتریش بەرچاو ناکەوێ، بەاڵێ ڕاستە ڕووداوێکی گەورە بوو ئەو دیکتاتۆرە لەناوچوو لە سەر سەری گەلی عێراق، کەچی لە ناوبردنەکەی لە بەرچاوی ڕەش و جوانی گەلی عێراق نەبوو بەڵکو لە بەر حسابات و بەرژەوەندیی خاوەن بریار و زلهێزەکان بوو. گەر دەگووترێ میللەت بە ئازادی گەیشت و بۆ ئەم مەبەستەش هاتە سەر شەقام دەبا بپرسین کە سەدامی دیکتاتۆر لادرا چی کراوە و چی ڕوویدا و ئەنجامی بە چی گەیشت؟! ئەوەی من دەیبینم تەنها کوشتنی گورگێک بوو کەچی بەچکە گورگەکان بەرەاڵکران و گورگێکی دڕ و بە هێز و گەورە الچوو لە شوێنی ئەو دەیان گورگی الواز و کورتە باالا و چاوبرسی بەرەاڵ کران! لەگەڵ ئەو گورگە الوازانەش کۆمەڵێک چەقەڵ و ڕێوی و تاژی ڕاوکردن و سەگی هاریش کەوتنە بازار بەاڵێ هەر بەو هێندەش نەوەستان بالندە ناشرینەکانیش کەوتنە سەر الشە بۆگەنەکەی عێراق لە جیاتی قەپی گورگەکان دەندۆکی خوێناویان لە گۆشتە بۆگەنە بەرماوەکەی عێراق نا بەاڵێ سیسارکە کەچەرەکان و قەاڵەڕەش و کوندبەبۆش دەرکەوتن و هەریەکە بەشی خۆی برد، بەاڵێ لە ئاژەاڵێکی درندەی زەبەاڵح پێشووتر بوون بە سەدان ئاژەاڵ و بالندەی زلهێزەکان بوو یان دەکرێ بگووترێ تەواوبوونی دەوری سەدام حسێن بوو چونکە وەک ئەکتەرێک فیلمەکە دەبووایە لەو کاتە کۆتایی پێبێت ئەگینا سەدام حسێن لە سەر تاوانەکانی دەبوایە دەیان ساڵ پێشووتر لابدرابایە و دەبوایە دەیانجار دادگایی بکرابایە و لە سێدارە بدرابا و زیندوو بکراباوە و جارێکی تر بکوژراباوە کەچی هەر کەمبوو! بەاڵم نەکرا بەاڵکو پاڵپشتی کرا تا ڕۆڵی تەواو بوو ئەوکات بریاریان لەسەردا و الیاندا، بۆیە دەڵێین لەبەرچاوی ڕەش و جوانی گەلی عێراق نەبوو بەاڵکو لە بەر حسابات و بەرژەوەندیی خاوەن بریار و زلهێزەکان بوو. گەر دەگووترێ میللەت بە ئازادی گەیشت و بۆ ئەم مەبەستەش هاتە سەر شەقام دەبا بپرسین کە سەدامی دیکتاتۆر لادرا چی کراوە و چی ڕوویدا و ئەنجامی بە چی گەیشت؟! ئەوەی من دەیبینم تەنها کوشتنی گورگێک بوو کەچی بەچکە گورگەکان بەرەاڵکران و گورگێکی دڕ و بە هێز و گەورە الچوو لە شوێنی ئەو دەیان گورگی الواز و کورتە باالا و چاوبرسی بەرەاڵ کران! لەگەڵ ئەو گورگە الوازانەش کۆمەڵێک چەقەڵ و ڕێوی و تاژی ڕاوکردن و سەگی هاریش کەوتنە بازار بەاڵێ هەر بەو هێندەش نەوەستان بالندە ناشرینەکانیش کەوتنە سەر الشە بۆگەنەکەی عێراق لە جیاتی قەپی گورگەکان دەندۆکی خوێناویان لە گۆشتە بۆگەنە بەرماوەکەی عێراق نا بەاڵێ سیسارکە کەچەرەکان و قەاڵەڕەش و کوندبەبۆش دەرکەوتن و هەریەکە بەشی خۆی برد، بەاڵێ لە ئاژەاڵێکی درندەی زەبەاڵح پێشووتر بوون بە سەدان ئاژەاڵ و بالندەی گەندەخۆر.

بەاڵێ سەردەمی پێشوو گورگێکی گەورە و بەهێز عێراقی پاوان کردبوو بۆخۆی حاکم بوو، ئەوەی دژی بوایە دەیکوشت و ئەوەی دەنگی دەرچووبا دەیکوشت بەاڵم سەنگەری دیاربوو، گەلی عێراق دەیزانی یەک دوژمنی هەیە و ڕووی لە دوژمنەکەی دەکرد و پشتی قایم بوو بە بیروراو گەاڵەکەی و کاری لە گەل یەک عەقڵییەتی شۆڤینی و یەک دیکتاتۆر دەکرد، بۆیە دەیتوانی بڕیاری خۆی بدات و بڵێت ئایە دەبێت بە دژ و لە ژێر دەسەاڵتی دەردەچێ یان نا ئایا لە گەلی دەبێت بە درو و خۆی حەشار دەدات؟ یان بە ڕاست لە گەل ڕژێم دەبێت ،یان ئایا خۆی دەپارێزێ بە هەر شێوازێک لە شێوازەکان؟ کەچی ئێستا گەلی عێراق سەری لێ شێواوە لە نێوان دەیان و بگرە سەدان عەقڵییەتی دیکتاتۆری و مخابەراتی جۆراو جۆر و ئەجندای نادیار وەک کۆمپانیا بازرگانییەکان ،ئەم وااڵتە بووە بە گۆڕپانی یەکاڵکردنەوەی کێشەی وااڵتانی دراوسێ و زلهێزەکان و خاوەن بەرژەوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان , عێراق بووە بە تاقیگە و گۆڕەپانێکی تەجروبەکردنی هەموو جۆرە بۆچوونەکان و هەروەها بووە بە سەرچاوەی داهاتی دەوروپشت بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانیان و بازارێکی ساخ کردنەوەی بەرهەمی گشت کۆمپانیا دەرەکییەکان.

بەاڵێ عێراق ئازادنەبووە و ئازاد نیە بەاڵکو لە مۆڵکداری دیکتاتۆرێکی گەورە نەجاتی بوو بەاڵم نەبوو بە مۆڵکی گەلی عێراق، بەاڵکو وەک عەقلییەتی تەجاوز زێدەڕۆیی لەسەر مۆڵک و مااڵی گشتی وااڵتانی دەوروپشت مۆڵکی عێراقیان دابەشکرد و بەبێ تاپۆ لێدەخورن لێی دەخۆن هەربەکە و بەشێکی بۆخۆی پاوان کردووە بەاڵێ لە سەرتاسەری عێراق گەلی عێراق خاوەن هیچ نیە ئەو بەشە نەبێ کە خۆی بە عێراق نازانێ تا ڕادەیەک لە ژێر کۆنترۆڵی خەڵکی خۆیەتی ئەویش کوردستانە و ویستوویەتی و دەیەوێت بە یەکجاری لەو دۆزەخەی عێراق دەربچێ، ئەویش بە داخەوە ڕێگای پێ نادرێ هەروەک بینیمان لە 16ی ئۆکتوبەری 2017لە ڕێگای خۆفرۆشانەوە کەرکوکی دڵی کوردستانیان فرۆشتەوە دۆزمنان، ئەگینا عێراق لە دەست هەموو کەسێک بێت لە دەست گەلی عێراق نیە و ئەوەی لەو کات وساتەدا خاوەنی عێراق نیە عێراقییەکانن و بەس سەبارەت بە کەرکوک زۆر سەیربوو عێراق بە گشتی لە دەست عێراقییەکان نیە





یەکێتی نووسەرانی کورد بەرەو کوێ..؟!!

یەکێتی نووسەرانی کورد دەسکەوتێکە لە بەرهەمەکانی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری 1970



زاهیر سەوز

لەگەڵ پێدانی مۆڵەتی کارکردن لە 10/2/1970ئەم مۆڵەتە لە دوای بەیانی ئازار کەوتە جێبەجێکردن و لە 23-24/6/1970لە بەغدا یەکەمین کۆنگرە ململانێی نادروست لە نێوان چەند کەسێکی ناکۆک کە بەسەر دوو لایەنی جیاوازدا دابەشبووبوون، سەری هەڵدا و هاتە ئارا.

بە تەک پێهەڵچنینی تاقمێک دەستی پێکرد و چەند کەسێک لە کۆنگرە و دەستەی باڵای تازە دوورخرانەوە.

لەسەر بنەمای لەگەڵ کەوتن و چوونە ڕیز، کاڵا بە باڵای (دەستەی باڵا) بڕاو لەناو خۆیاندا ئیشوکاری دەستە دابەشکرا، تاوەکو کۆنگرەی پێنجەم 14/9/1978-10لە هەولێر ژمارەی ئەندام (230) دوو سەد و سی ئەندام بوون، لە (بەغدا، سلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکووک، شەش ئەندامی فەخری)یش ناونووس کرابوون.

هەڵپەی گەیشتن بە (دەستەی) باڵا، زیاتر بۆ بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگ و قایمکردنی پێگەی خود (زات) بوو، لە لای دەوڵەت و مانەوە لە پلە و پۆستی کارکردنیان، ئەم شوێنە ڕاوگەی دەسکەوتی مادی و مەعنەوی بوو، زیاتر لەوەی خزمەت بە ئەدەب و نووسین و نووسەرانی کورد بێت، ئەمڕۆش چاکسازی لەم ڕێکخراوەدا هێندە ئاستەم نییە، کە پێویستی بە پلانی ستراتیژی بێت، چونکە ئاریشەکان دیار و بەرچاون، بەڵگە و سەلماندنیان ناوێت، ئەوەی پێویستە عەدالەت و دروستییە لە دابەشکردنی دەسکەوت و ئیمتیاز، بێ گوێدانە ناوچە و ئینتیمای حیزبی و ئایدیۆلۆژیا و لایەن و لایەنکاریی.

ڕایەڵەکانی ئەم باسە بریتین لە (دەستەی باڵا) (ئەندامانی لقەکان)، (داوودەزگای دەوڵەت ژ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم)، (سەرجەم ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد)، بەدەرکردنی یەکێک لەم ڕایەڵانە لە بەرپرسیارێتی ئەم دۆخەی یەکێتی نووسەرانی کورد پێیدا گوزەر دەکات، لادانە لە حەقیقەت و کەسی وشیار پەسەندی ناکات.

یەکێتی نووسەرانی کورد، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە بە چەند قۆناغێکی فرەڕەهەند و دژوار و ئاسایی و نائاساییدا گوزەری کردووە و تێپەڕیوە، تێکەڵ بە کێشمەکێشی سیاسی و شەڕی ناوخۆ و هەڵوەشاندنەوە و کەرتکردن، تا دەگاتە قەرزداری و دەست پانکردنەوە لە سەرمایەداران کراوە..

ئەم بارودۆخە نالەبارە، لە بەرژەوەندیی چەند کەسێک و زەرەری زۆرینەی ئەندامان کەوتۆتەوە.

سەردەمی دەسەڵاتی بەعسی فاشیست ڕەوشت، ئەوەی لەگەڵ نەکەوتایە ئەوا ئەکەوتە بەر کوشتنی فیزیکی و کەسایەتی و لە دەزگا بەدناوەکانی بەعس و ڕاپۆرتی سیخوڕە کوردەکان ڕزگاری نەدەبوو، ئەو ڕۆژگارە دەروێشی ڕێگای ڕاستیی لە سێدارە ئەدرا، زیندانی ئەکرا، ڕاوەدو ئەنرا، توومەتی بۆ دائەتاشرا، پەڵپ و بەهانەیان پێ ئەگرت...

ئەمە واقیعی حاڵی ئەو نووسەرانە بوو کە لە ژێر هەژموونی بەعسدا ژیانیان ئەگوزەران.

ڕاستە میللەتی کورد بە گەورە و بچووکەوە، ئاوێتەی ستەمی زۆردار کراوە و لە دەورانی زەمەن و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا، بەشی تەنها دەربەدەری و هەژاری و کوشتن بووە، نووسەران و هونەرمەندانیش لەم بەرکەوتەیە، بەدوور نەبوون و بێبەش نەکراون... مەرگەسات و کیمیاباران و ئەنفال و وێرانەخاک، لە بیرەوەریی زۆرینەدا مۆتەکەیە و ئاوێتە ڕۆحمان بووە..

بەر لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991، نووسەرانی کورد بە دوو ئاراستەی پێچەوانە، هەنگاویان هەڵئەنا و پەیامیان ئەدا، کەمینە لەگەڵ ڕژێمی بەعس بە نووسینی وتار و شیعر و پیاهەڵدان و گۆڕینی نامیلکەکانی سەددام بۆ زمانی کوردی و کاری بەرپرسیارێتی لە ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەت و هاوڕێیەتی باڵادەستەکانی ئاسایش و دەزگا بەدناوەکانی موخابەرات و ڕاپۆرت نووسین چوست و چالاک بوون، زۆرینەش لە بەرەی میللەت و بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەڵستکار پەناگەیان گرتبوو، لاوازترین باوەڕ گۆشەگیری و دەستگرتن بوو بە کلاوەوە.

لەگەڵیشدا لە هەردوو بەرەی یار و نەیاری بەعس، کڵاوی هەندێک نووسەر بابردی، وەک جەستە لەناو چوون، وەک گومانیش، تاوەکو ئەمڕۆ ئەو گومانانە بوونیان هەیە...

مشەخۆر و سیخوڕەکانی ڕژێمی بەعس، لە ئوسوڵخانەی بەرەی کوردستانی ئوسڵی خۆیان دەرکرد و، بە لێبووردنی گشتی خۆیان لە سزا ڕزگار کرد، پاساویشیان بۆ خیانەت و لەگەڵ بەعس کەوتن گوایە بە ڕەزامەندی لایەنێک بووە، ئەگەر ئەم ئیدیعایە ڕاستیش بێت، نەک عەیبە بەڵکو شاعاریشە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕێککەوتنە، کاری هەر کەسێک بێت، لە نووسەر ناوەشێتەوە و کوتاندنی تەپڵی نابووتییە و خیانەت پەردەپۆش ناکرێ...

ئەگەر بۆ هەر مەبەستێکی دیاریکراو، هاو واتایەکی پڕاوپڕ بۆ لێکدانەوەی تێگەیشتن لە ئەسڵی مەبەست دانەنرێ، ئەوا خوێنەر بە ئاسانی لەمەبەست ناگات، کەواتە جۆرەکانی وشە لە ڕووی واتاوە، بۆ ئەو مەبەستەی ئامانجە بگەیەنرێت پێویستن. ئەوانەی مەبەست لە پشت ڕستەی تەمومژاوییەوە حەشار ئەدەن، دەق تووشی نغرۆی خوایشت و ناحەز دەکەن، ئەم جۆرە حەشاردانە لای هەندێک نووسەر برەوی هەیە و بازاڕی گەرم و کڕیار و خوایشت کارانیشی زۆرە، زۆر جار بە مەبەست یان بۆ مل پێشۆڕکردن مەدالیا و پاداشت دەکرێتە قەبەڵیان.

لە هەمان کاتدا، قەڵەم بەدەست هەیە بە دەستەواژەی ناوبازاڕی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ڕەش دەکاتەوە، چونکە لە عۆبەی دەق نایەت دەست بۆ تایبەتمەندییەکانی خاوەن دەق دەبات و فەرمانی میر و وەلی نیعمەت جێبەجێ دەکات و، دەبێتە کەواسووری ڕیکلامچییەکان..

لە ناو کایەی ڕۆژنامە و سایتە ئەلیکترۆنییەکان و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و هەواڵنامەکاندا، ڕۆڵیان هەیە، کام لایەن بەخشندەتر و دەست کرێی زیاتر بێت، دەوار لەوێ هەڵئەدەن، وەک مووچەخۆری دامەزراو مامەڵەیان لەگەڵ ئەکەن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا، ئەویش ئایا نووسەران توانیویانە ببنە ڕابەر و ڕێنیشاندەری عەوام؟! ببنە داینەمۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا؟!

حەکیمەکانی ناو یەکێتی نووسەران، ئەوانەی لە بەرایییەکانی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ژیاندا ماون، بەڵام دوورەپەرێزن، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەلترناتیڤ (alternative)ی یەکێتی نووسەران هاتۆتە بوون و، بزاڤیان فرەتر و دەغیلەیان زیاتری تێدایە و، ئەسکوێشیان گەورەترە.

ڕەوایەتیدان بە لایەن و لایەنکاری، پاڵنەری ئابووریی، سیاسەتی زاڵدەستی، بوختانی بێ بنەما، بەعسی کوردی زومان، درزەکانی نێوان نووسەرانیان کردووە بە دەلاقە، ئەم دەلاقانە گلەیی زۆر و پانتاییەکی فراوانیان داگیر کردووە.

لە وڵاتانی خاوەن سیستمی مۆدێرندا، بە گوێرەی یاسا و میکانیزمێکی گونجاو لەسەر بنەمای پێویست و چالاکیی ڕێکخراوەکان چەردەیەک پارە بۆ هەر چالاکییەک تەرخان دەکرێت، نەک بەشە کۆمەکی سەرپێی، بەڵکو کۆمەکی ڕێکخراوەکان بە گوێرەی یاسا دیاریکراوە، ئەگونجێ کۆمپانیایەک ببێتە سپۆنسەر (کەفیل)، نەک چاکە و دەستپانکردنەوە و ڕووگیریی.

ئەم جۆرە یارمەتیدانە جێگەی سوپاسە، بەڵام کارێکی بێ سوودە، چونکە ئەچێتە خانەی پەسن و پیاهەڵدانی کۆمەک بەخش و، چاوپۆشین لە کاری بازرگانی نایاسایی و، بێدەنگی لە سەرپێچی کردن.

کەواتە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو بێت، پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێت:

1- پێکهێنانی لیژنەیەکی سەرەکی لە پێنج ئەنجامی شارەزا، بۆ سەرپەرشتی و چاودێری ئەم پرۆژەیە.

2- پێکهێنانی لیژنەیەکی شارەزا لە بواری ئەدەبدا، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو دەقە ئەدەبییانەی شایستەی بە چاپ گەیاندن.

3- ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەن دەقی ئەدەبی، لەسەر ئەوەی مافیەتی و، داوای دەکات...

لەگەڵ ئەوەی بارەگاکانی (یەکێتی نووسەرانی کورد) بێجیاوازی ماڵی هەموانە، کەچی زۆربەی نووسەران خانە بێزارن، ئەگەر بەرژەوەندی مادی نەیێتە ئارا، هەنگاو بەرەو ماڵ نانرێ.

دەنگۆی ڕازی نەبوون لە یەکێتی نووسەرانی کورد و دەستەی باڵا و هەندێک لە ئەندامانی لق، زۆر و فرە جەمسەرن، کام لەو دەنگۆ و گلەییانە ڕاست و دروستن، یان ئیرەیی و هەڵبەستراون، ئەوا دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەستەی باڵا، یان ئەندامانی لق و کاتی کۆنگرە، ئەو گرفت و ئالیشانە یەکلا دەکرێنەوە، نەک پرتە و بۆڵەی کونجی چایخانەو بەر دەرکی سەرای سلێمانی و چایخانەی مچکۆ لە هەولێر.

نیتشە ئەڵێ (گرنگ ئەوەی نووسەر خۆی بێت و ئەویتر نەبێت)...

لێرەوە، بۆ ئەوەی حەقیقەت بەدەربکەوێ و ڕاستی لە دڵی ئەندامانی (یەکێتی نووسەرانی کورد) بڕسکێ، تاوەکو زووتر کۆنگرە بگیرێ درەنگە.

ڕۆڵی نووسەر خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی نییە، بەڵکو نووسەر زۆر لەوە گەورەترە، ببێتە ئامرازی خراپەکاریی، یان بکرێتە جەجاڵ بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی. پیرۆزیی قەڵەم و ژێربێژەکیی، بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، بیرکردنەوە و دروستکردنی گومان و پرسیارە لەسەر چەمکەکانی ژیان، قسەکردنە لەسەر بابەتە هەستیارەکان و نەگوتراوەکان.

کتێبی بە ژمارە زۆر و بە قەبارە قەبە و هەڵکشاو ئەگەر لە خزمەتی گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتیدا نەبێت و لە ئەزموونی بابەت فامیی و بێژەیی بەدەر بێت، ئەوا نەبوونی لە بوونی باشترە، چونکە ئەم بوونە جەڵەبییانە زەرەر بە ئابووری وڵات ئەگەیەنێت.

(یەکێتی نووسەرانی کورد) توانستی هەنگاوی کاریگەری نەماوە، لە ئاست بەدەستهێنانی پێداویستی نووسەراندا نییە، دژایەتی قووڵ و بەرژەوەندیی ناکۆک و، تێڕوانینی جیاواز و، بیر و بۆچوونی تەکولۆ، جەستەی نووسەران ئازار ئەدات.

تێبینی:
ئەم نووسینە لێرەدا تەواو، بەڵام نووسینی دیەی بەدوادا دێت..
زاهیر سەوز

45ەمین ساڵیادی بۆردۆمانکردنی شاری قەڵادزێ

قەڵادزێ پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی خێرا هەیە

ئاوارە حاجی دێڵێیی

"ڕۆژی 24/4/1974ڕۆژی ماتەمینی گەلی کوردە"، ئەمە گوتە و دەربڕینی باوکی ڕوحی نەتەوەیی کوردە بەرامبەر کارەساتی بۆردۆمانکردنی شاری قەڵادزێ. سەبارەت بە کارەساتی بومبارانکردنی شاری قەڵادزێی دووجار شەهید، کە لە بیست و چواری چواری حەفتا و چوار فرۆکە جەنگییەکانی ئەوسای عێراق خەڵکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەری دەڤەری پشدەریان بە ئامانج گرت.

چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی بەعسی ڕەفتار فاشی، زۆر درندانە کەوتە بوردومانکردنی شارە کوردپەروەر و خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی قەڵادزێ و لە ئەنجامی ئەو بوردومانە سەد و شەست و سێ هاووڵاتی سڤیل شەهید بوون و زیاتر لە دووسەد هاووڵاتی بریندار بوون و بە دەیان خانوو لەگەڵ زەوی یەکسان کران. ڕژێمی بەعس هەر بەوە نەوەستا و کاری لە پێناو سڕینەوەی زانست و مەعریفەدا و زۆر کوێرانە زانکۆ تاقانەکەی کوردستانی کردە ئامانج و بەو هۆیەوە بیست قوتابی شەهید کران. کارەساتە خوێناوییەکەی قەڵادزێ، ئەگەر چی لەو کات تەنها شاخەکانی کوردستان دۆستمان بوون، بەڵام گەورەیی کارەساتەکە کارێکی ئەوتۆی کرد لە تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنە کوردستانی و جیهانییەکان بە بایەخەوە کەوتە بەر دیدی بینەران و لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان کرایە مانشێتی گەورە و بە بایەخەوە باس لەو کارەساتە دڵتەزێنە کرا. دوای ئەو کارەساتە پشدەرییەکان لە سەردەمی بەعسیش ئەو یادەیان دەکردەوە و ئەو یادکردنەوەیە نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ئەوسای بەغدای لێدەکەوتەوە و تادواجار لە بیست و چواری ساڵی هەزار و نۆسەدە و هەشتا و دوو کاتێک پشدەرییەکان لە بیست و چواری چواری هەزار و نۆسەد و هەشتاو دوو١٩٨٢ بە بۆنەی یادکردنەوەی کارەساتی قەڵادزێ، خۆپیشاندانێکی گەورەیان ئەنجامدا و دواتر ڕووبەڕووی دەسەڵاتە قێزەونەکەی ئەوسای بەغدا بوونەوە و بەو هۆیەوەش ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی شاری قەڵا و شۆڕشی قەڵادزێ شەهید و برینداربوون و بە دەیان گەنج و هاووڵاتی و کەسایەتی شارەکە لەلایەن دامودەزگاکانی بەعسەوە گیران و زیندانی کران . لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری هەزار و نۆسەد و نەوەدو یەکیش١٩٩١ ساڵانە ئەو یادە دەکرێتەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ ڕێز گرتن لە قوربانییەکانی ئەو دوو ڕووداوە دڵتەزێنە، بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە دەی دووی دووهەزار و سێزدە، بڕیاریدا ڕۆژی بیست و چوار بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی زانکۆ.ئەوەی کە مایەی شانازیی پارتی و ڕێکخستنەکانی پارتییە لەو دەڤەرە، ڕێکخستنە نەهێنییەکانی ناوشار ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرپەرشتی کردن و ڕایی کردنی خۆپیشاندانی بیست و چواری هەزار و نۆسەد و هەشتاو دوو١٩٨٢ هەبوو و لەم پێناوەدا بە دەیان ئەندام و لایەنگری پارتی شەهید و بریندار بوون و بەشێکیشیان لە لایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس دەستگیر کران و ئەشکەنجە دران. لە ئیستاشدا دەڤەری پشدەر و بیتوێن لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە کەمتر بایەخی پێدراوە و پێویستیان بەوە هەیە کە ئاوڕێکی خێرای لێبدرێتەوە و کار بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بکرێت لە نێویشیاندا دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و باشترکردنی ڕێگا و بانەکان و تەواوکردنی پرۆژەی دووسایدکردنی ڕێگای سەرەکی



نێوان ڕانیە و قەڵادزێ هەیە. هاوکات دانیشتوانی دەڤەرەکە دەخوازن کە لە ڕێگای حکومەتی فیدراڵی بەغداوە کار بۆ بە فەرمی ناساندنی سنووری کێلێ بکەن ،چونکە لە ڕێگەیەوە ناوچەکە ڕوو لە بووژانەوەی ئابووری دەکات و هەلی کار لەو دەڤەرە زیاتر دەبێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەم داواکاریانە، کەسوکاری قوربانییەکانیش داوا دەکەن کە لە ڕووی ماددییەوە قەرەبوو بکرێنەوە. هاوکات شارەکە ئەگەرچی لە دوای ڕاپەڕینی نەوەد و یەکەوە لە لایەن دانیشتوانی شارەکە ئاوەدان کراوەتەوە، بەڵام تا ئێستاش ئاسەواری کاولکاری پێوەدیارە و پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە درێژەی خزمەتگوزارییەکانی بۆ شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بودجەیەک بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات و ئەو شارە بە شێوەیەکی هاوچەرخ بونیاد بنرێتەوە. هەروەها پێویستە دەسەڵاتی ئیداری ناوچەکەش کار لە سەر کردنەوەی مۆزەخانەیەک بکاتەوە کە گوزارشت لەو مەینەتیانە بکات کە خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەو دەڤەرە لە سەردەستی ڕژێمە یەک لە دواییەکەکانی عێراق دووچاری هاتووە. ئەرکی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشە، کە لە ناو مەنهەجی خوێندن جێگای کارەساتی قەڵادزێ وەک ماددەیەک بکاتەوە تا نەوەکانی داهاتووش ئاشنا بن بەو زوڵمانەی کە گەلی کورد لە سەر کوردبوونیان ڕووبەڕووی کوشتن و ڕاگواستن هاتوون. قەڵادزێ بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان، مەکۆی شۆڕش و کوانووی جۆش سەندووی ئازادیخوازان بووە و بە شاری شەهیدان ناسراوە و لە ڕووی قوربانیدان و بەرخوودان دەکرێت بە دەستە خوشکی شاری هەڵەبجەی شەهید وێنا بکرێت و پشدەرییەکان شانازی بە مێژووی پڕ لە سەروەرییان دەکەن و ئەم شوناسەش وەک لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمان دەمێنێتەوە و ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە کە ئاوڕێکی خێرا لەم ناوچەیە بداتەوە.

وون بوون
ناسنامەی کۆلیژی تەکنیکی سیستەمی زانیاری هەولێر بەناوی هەینی کانبی کریم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە بەرزیل جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات ژمارەی شاسی: WK0S000240004705 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە دارا عباس جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات ڕەنگ نفطی سور ژمارەی شاسی: ٢٢١٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە ابراهیم احمد جۆری ئۆتۆمبێل: حادلە جملە حدیدیە مۆدێل ٢٠٠٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٨٢٩١ کاتی ژمارەی شاسی: ١٠١٥٨٠٣٧١٠٦٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە کوجەر عزیز جۆری ئۆتۆمبێل: حفارە زنجیر موماتو حجم کبیر مۆدێل ٢٠٠٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٨٦٣٧٦ کاتی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە ابراهیم احمد جۆری ئۆتۆمبێل: حادلە جملە حدیدیە مۆدێل ٢٠٠٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٨٢٩١ کاتی ژمارەی شاسی: ١٠١٥٨٠٣٧١٠٦٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
وون بوون
ناسنامەی پێشمەرگایەتی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بەناوی فلاح حمە سعید احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد /٢٧٥/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٨٧٩/ت.د/ ٢٠١٩
المتضمن بیع حصة المدین في العقار المرقم ١/٦٩ مقاطعة ١٣٥ بساتین خرکا وقابکي المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٢٧٥/ت.د/٢٠١٩
الموقع ئاکری المساحة ١٤٩ م٢ الجنس بستان تسقی سیحا القیمة المقدرة (٦٠٠٠٠) ستون الف دینار عراقي من کل متر
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد /٨٧٩/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٨٧٩/ت.د/ ٢٠١٩
المتضمن بیع حصة المدین في العقار المرقم ١/٦٩ مقاطعة ١٣٥ بساتین خرکا وقابکي المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٨٧٩/ت.د/٢٠١٩
الموقع ئاکری المساحة ٥١٠ حصة الجنس مملوکة للدولة / زراعیة مطریة القیمة المقدرة (٥٠٠٠٠٠٠) خمسة ملایین دینار عراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٤٤٨ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (کوفان احمد معروف) جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە ژیەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر/ریڤەبەر ڕێپێدایی کومپانیا ئاڤا وەلات زیدەباری کاری وێ) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کۆژمێ پارە (١٢٨٤٠$) دوازدە هزار وهەشت سەد وچل دولار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (١٤) ژ ئاڤاهیا (H٤) ل پروژی لیلاڤ ستی وژیەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادی ل دهوکی ژمارە (٧٦١١)ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/١٠ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی لیلاف ستی ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/٧ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠) ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٤/٢٩ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێرین دێ ب پا شمله وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٩١٩ / ٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/٤/١٩
پێراگەیاندن
بۆ / قەرزار (ضیاء محمد عبدالقادر)
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بویە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردنی بریاردرا لە ڕێی دوو روژنامەی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥/پازدە) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردن وئەگەر ئامادە نەبیت ناچاری ڕێکارەکانی یاسایی (جبری) دەبین
هلات عبدالکریم محمد / ریڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٨٣٤ / ٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٧/١١/٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (خالد اسماعیل حسین)
ژیەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەیێن بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕیڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکاریێن جێ بەجێ کرنێ وبەرۆڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد / ریڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای باری کەسایەتی دیرالوك
ژمارە/ ٣٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٨ /٤/ ٢٠١٩
ئاگادارى
داواکار / پروین شوقی سلیم
داوالێکراو / قادر سیار افدل
بو داوالێکراو (قادر سیار افدل) جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ڤێ دادگەهی بریاردا ل ریکەفتی ٢٠١٩/٤/٢١ داوایا شەرعی یا ژمارە ٣٥/ش/٢٠١٩ ب ژیك ڤەبون تە دگەل داواکارێ (پروین شوقی سلیم) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە ل دیف رابورتا هەلبژێرێ کومەلگەها هیتوت ئەوا هاوپێچ دناڤ داوایدا نەدیارە بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامێت نافخویی تە مافێ نەرازی بونێ هەیە لسەر بریارا ناڤبری لماوی یاسایی دا بەروڤاژی ڤێ چەندی بریار دێ پلا ڤەبری وەرگریت
دادوەر / ئەڤراز مصطفی طه
***
دادگەها کاروبارێ کەسایەتی زاخو
ژمارە / ١٣ /کاروبار / ٢٠١٩
میژوو / ٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (بدل هادی عیدو) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ سمیل / گوندی سیجی , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
داواکار (امیرە حسن خلف) داوا ژمارە (١٣/کاروبار/٢٠١٩) ل سەر تە تومار کریە و تێدا داخازا پەسندکرنا ژیك جودابینا دەرەکی دکت ، ژبەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیف نڤیسارا بەشی پولیسین قەزا سیمیلی ژمارە (٢٣٥٤)ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٤/٧) , وهەڤپێچ دگەل روونکرنا هەلبژیری گەرەکا گوندی کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی تومار کریە د تومارا مەدا بەلێ نوکە ئەم نزانین لکیڤەیە وجهی ئاکنجێبینا وی نە دیارە)) , و ژبەر نە دیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠١٩/٤/٢٨) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە یێت نافخویی و ڕۆژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی (٢٠١٩/٦/٦) ل دەمژمێر (٩:٣٠) ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوەی باشمله ئێتە ئەنجام دان .
دادوەر/ دارا طاهر توفیق
***
ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتییا باژێرڤانییا سێمێلێ
ژمارە: ٦٨٧/أ٤/٣٢٥/٢٦
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢٥
ئاگەهداری
لدیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٣١٩٠ ل ٢٠١٩/٤/١٦ ئەوا ئیشارەت دایە سەر نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانێ ل دهوکێ یا ژمارە (١٠٦٨) ل ٢٠١٩/٤/١٦ سەبارەت داخوازا جووتیارێن هاتینە قەرەبوکرن و پارچێن بازرگانی بو هاتینە تەرخانکرن ب ڕووبەرێ ٤٥٠م٢ لدیف نەخشێ ٣٥٨ کو داخواز ڕاکرنا قاتێ بن ئەرد (سرداب) ژ مولەتا ئاڤاکرنێ کرینە و بشێوێ (کوگەھ دگەل دوو قاتا) ئاڤا بکەن و ژبەر کو پارچێن نافبری ڕاستەوخو ئاکەفتنە لسەر جادا گشتی ژبەر ئەگەرا شەریتەکا کەسکاتێ و جادەکا نەولاکی دناڤ بەرا وان دا کو بڤێ چەندێ شیاندایە نهومـا بن ئەرد نەهێتە تاڤاکرن بمەرجەکی ڕێنماییێن مولەتێن ئاڤاکرنێ بو وان پارچا بهێنە ڕاستڤەکرن ڤان خالا:
١- پارچێن بازرگانی ئەوێن لسەر نەخشێ هەڤپێچ دیار کو ڕووبەرێ وان ٤٥٠م٢ دشیاندا نهومـا بن ئەرد ئاڤاکرن.
٢- ژمارا نهومـا (C+٢) ئانکو کوگەھ +٢ نهوم.
٣- پاشڤەچوون (ارتداد) بهێتە کرن ب (٥) م٢ ژ ڕوویێ جادا گشتی ڤە ئەوێن پارچا کەسکاتی دناڤ بەرا وان دا داکو بهێتە بکار ئینان وەك جهێن پارکێن ڕاوەستاندنا ترومبێلا.
٤- پێشڤە ئینان (تطفیرة) نینە.
ئەڤجا ئەم ڕادگەهێنن بو هەر لایەنەکی یان دەزگایەکێ میری یان هاووەلاتیەکی پێنشیارەك یان بەرهنگاریەك یان نەرازیبونەك هەبیت لسەر گهورینا ڤان خالێن هاتینە دروستکرن بلا داخوازا خو پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا سێمێلێ بکەت دماوێ یاسایی دا کو (٣٠) ڕوژن ژ میژوویا دەرکەفتنا ئەڤێ ڕوژنامێ و پشتی بورینا ڤێ ماوێ ئەڤ ڕێنمایە دێ جێ بەجێبن و دێ پەسندبن و هیچ داخوازی نائێتە وەرگرتن ژ لایێ هیچ کەسانەکی ڤە یان دەزگایەکی ڤە.
ئەندازیار/ گلبهار حیدر خلف
سەروکا باژێرڤانیا سێمێلێ/ ب وەکالەت
***
ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتیا باژێرڤانیا تەناهی
تەکنیکی
ژمارە: ٣٢٩/٢٢٨/٢٩/٢٩
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگەهداری
لدویف نڤیسارا ڕێڤەبەریا باژێرڤانییێن پارێزگەها دهوکێ/ نەخشێن بنیاتی یا ژمارە (٣١٢١ ل ٢٠١٩/٤/١٤) ئەوا ئیشارەت دایە نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (١٠٤٠ ل ٢٠١٩/٤/١٤) سەبارەت جادا بازرگانی یا (٣٠م) ب ناڤێ (C) سەبارەت پێدانا مولەتا دەستورێێن ئاڤاکرنێ بو وان پارچە زەڤیێن دکەڤنە سەر ڤێ جادێ و پشتی پێکڤینانا لیژنا تەکنیکی ل سەر بابەتی و لدویف کونوسا هەڤپێچ کری باش دبینن کو بتنێ پارچە زەڤیێن دکەڤنە دناڤ کومەلگەها تەناهی یا کەڤن (لایێ باکوور جادا ٣٠م) مولوت بو بهێتە دان بێ پاشڤەچوون و (١)م پێشڤە هاتن وەك (فضاء رصیف) سەرەددری دگەل بهێتە ئەنجام دان لەورا ئاگەهداریا خەلکێ خو دکەین هەرکەسەك یان فەرمانگەهەکا میری ڕەخنە و پێشنیار هەبن لسەر ڤان گهورینا دڤان نەخشان دا بلا سەرەدانا باژێرڤانییا تەناهیی بکەن هەر ژ ڕوژا دەرکەفتنا ڤێ ئاگەهداریێ بو ماوێ ٣٠ ڕوژان دا.
نزار نێچیرڤان حسن
سەروکێ باژێرڤانیا تەناهی
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری/ بوودجه
ژمارە: ١٨٨٢
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگەهداری
ئاماژە بنڤیسارا هەرێمداریا قەزا زاخو/ کارگێری و خۆیەتی/ ژمارە ٣١٣٣ ل ٢٠١٨/٩/١٦ێ و لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژ یاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو ڕادگەهینت ژبو هەبونا سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو فروتنا (٨) پارچێن ئەردی دکەڤە دناڤ باژێری وەکو ل خوارێ دیارکری ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤی داخوازیەکێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکت ل گەل دابینکرنێن دەستپێکی (تأمینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ ٣٠ ڕوژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕوژناما فەرمی دا و سەرئێك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنی ب ڕوژەکێ و هەرکەسێ سەرئێك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێین بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجیا سەرەدەرکت.
١- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٤١٠١/٣/ ١٣ تلکبر ڕووبەر/ ١٧٦,٥م٢.
٢- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٣/٣٣٢٨/٢ تلکبر ڕووبەر/ ١٣٢,٤٨م٢
٣- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٣/١٤٧٣/٤ تلکبر ڕووبەر/ ٣١٧,٦٥م٢
٤- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ٨٨/٤٣٦٦/٢ بیداری ڕووبەر/ ٢٠٤,٩٠م٢
٥- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٦/٣٠٥٣/٢ خراب بابك ڕووبەر/ ١٣٣,٠٦م٢
٦- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٦/١٥٨٠/٣ خراب بابك ڕووبەر/ ١٦٦,٢٠م٢
٧- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٦/٣٤٨٩/٢ خراب بابك ڕووبەر/ ٢٥٤,٧٦م٢
٨- ژمارا پارچە زەڤی و کەرت/ ١٦/٣٤٣٥/٢ خراب بابك ڕووبەر/ ٢٣٤,٦٠م٢
ئەندازیار
بشار منیب محمود
سەروکێ باژێرڤانیا زاخو
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە: ١٤٩/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکراو/ بەرەڤان ڕمضان رمضان/ جهێ ئاکنجیبوونی نەدیارە
بریار هاتە دان ژ لای ڤێ دادگەهی دکیشا ژمارە وی ل سەری دیارکری ب ژیك جودا بوون (التفریق للهجر) ژ تە ئەوا ڕوویدای ناڤبەرا تەو و داواکار (شرمین رمو سمو) و ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەنەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر و دەستەکا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ- تاخی برایتی ئەڤ بریار بەلاڤکرو تە مافێ نەرازیبوونێ و پیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی ١٠ دەھ ڕوژا ژ بەلاڤکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهقی تەدا ل دیف یاسا..
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٣٨٥/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: شێرزاد نوزاد ستار
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیَردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢٨١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (ب. ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی هەولێر/١ بریاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە مولکی زنجیرە ٥٧٤ لە گەرەکی (عرب) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٥ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەلاتەی ماددە (٤٨) ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی سالی١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارییەتی تەواوی مولکی دیاری کراو بەناوی مراتگرانی (مصطفی محمد اسماعیل) بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبلاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
دادوەر/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسی صلاح الدین
ژمارە: ٢٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ نەوشیروان ابراهیم حاجی کاکە/ شوێنی نیشتەجێ بوون نادیارە
داواکار (بانە اسماعیل سعید) داوای ژمارە ٢٠/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کە داوای نفقە دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری مختاری ناحیەی (صلاح الدین) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بە ئامادەبوونت لە دادگا لەڕۆژی دادبینی لە (٢٠١٩/٦/١١) کاتژمێر ١٠ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە بەڕێوە دەچێت.
دادوەر/ عثمان جمال القاضی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٧٠٨
ڕێکەوت/٢٠١٩/٤/٢٨
جارِدان
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێنی مارکێت (٩) دوکان مۆڵکی شارەوانی بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیار کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٣٠ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ ٨ دوکان لە کۆمەڵگای گرتك وروست لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ٣٩/٩ ك ١٠١ قوشتەپە) ڕووبەر/١٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ هەردوکانێك/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ ٨ دوکان لە کۆمەڵگای گرتك وروست لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ٣٩/٩ ك ١٠١ قوشتەپە) ڕووبەر/١٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ هەردوکانێك/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی دوکانی ژمارە (١١) لە کۆمەڵگای مزوری لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ٣٩/٧ ك ١٠١ قوشتەپە) ڕووبەر/١٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ هەردوکانێك/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر/
بەوەکالەت
***
دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ١٧٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ حیدر خالید عبدالرضا شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (نور الهدی علیوی ناصر) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردبوو بە ژمارە (٣٢٧ / ش / ٢٠١٨) تێدا داوای اخرة حضانة الوالدة لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەنجان ستی بڕیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی
***
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٤٩٠/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٢
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پاریزەر ئازاد قاسم مولود بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای دارین سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (مصطفی دمیر)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پاریزەر ئازاد قاسم مولود بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای دارین سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (٢١/٤٧١) لە ٢٠١٩/٢/٢٨ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ دانی کرێی دوکانەکەت لە فاملی مۆل کە بەبری ٣٧٠١٤ هەزار دولار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی هیران ستی لە قەزای دهشتی هەولێر ٢٠١٩/٤/٧ بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم
دادنووسی یەکەم
لە ف.دادنووسی یەکەمی هەولێر
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار مولکی ژمارە ١/٢١٠٧ کە کەوتوەتە ٢١ طوبزاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار دیدار دلدار مامند کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی حسن عبدالله حسن بەبڕی/ ٢٤٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٢١٠٧ ك ٢١ طوبزاوە
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك دێت هەر خانووی لە دوو نهۆم لە یەکەم لە ٢ ژوورو حمام و مرافق و دووەم ٢ ژوورو حمام و مرافق.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٤٨,٦٦ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٦٠,٠٠٠,٠٠٠ سەدو شەست ملیۆن دینار.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٣/٢٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (احمد علی مزوری) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٢٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- ئامێری خەباتەی تێکەڵکردنی مواد ژمارە/٥٩٩٠٠٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٦٠ هاوپێچ/ دوو سلندرو دوو قایش و دوو سایلۆ.
٢- ئامێری کابیسەی دوو سەرکی پۆترا ژمارە/٥٩٩٠٠١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٣٠ ڕوبۆت و بۆردی کاربا و ژووری کۆنترۆل و ٣٦٠٠ قالب.
٣- ئامێری کەسارەی وردکردنی مواد ژمارە/٥٩٩٠٠٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٣٠.
٤- ئامێری هۆپەری چوار سەرکی ژمارە/٥٩٩٠٠٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W١٥ کۆنفایەر و سکەی گواستنەوە.
٥- ئامێری بەرهەم هێنانی کاربا ژمارە/٥٥٥١٩٦٨٣٢٠٢ دروستکراوی سویدی جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٥٣٠.
٦- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/٠١٣٥١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٧,٥.
٧- دوو دانە رافعەی بارکردن و داگرتن ژمارە/١١١٦١٢٤٢ و ١١١٦١٤٦٢ دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای ٢*٣ تەن.
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی
هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە ٢٠/١٠٠

Employment Opportunity

The U. S. Consulate General in Erbil is seeking a new Procurement Supervisor. Qualified candidates should possess strong leadership skills, experience in procurement, and excellent verbal and written communication skills in English. Please visit our website at https://erajobs.state.gov/dos-era/irq/vacancysearch/ searchVacancies.hms for more detailed information. Applications are due by May 1, 2019.

فەرمانگەی دادنووسی (خەبات)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢١

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (رازی حجاج ذکری) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (قەزای خەبات/ ناوچەی پیشەسازی خەبات) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس/ دلزار نجاة یاسین نجار

ئامێرەکان:
١- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٢٨٤٢٥٥٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ١٠,٠٠٠,٠٠٠ دە ملیۆن دینار.
٢- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠١٩/٢٠١٩ دروستکراوی سوری جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٨,٠٠٠,٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار.
٣- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠٢٠/٢٠١٩ دروستکراوی سوری جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٨,٠٠٠,٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار.
٤- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠١١١٣١٣٢٧ دروستکراوی سوری جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٨,٠٠٠,٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار.
٥- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٩٠٧١٨١٨٤٠ دروستکراوی سوری جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٨,٠٠٠,٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار.
٦- ئامێری لێدانی سارغی جبس (لاصق کارتون) ژمارە/ ٠٠٢١/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانا V(٢٢٠) بڕی ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دینار.
٧- هێڵی بەرهەم هێنانی جبس (تێکەلکردنی جبس و گواستنەوە و چاك کردنەوەی جبس و برژاندن جبس و تێکەل کردنی دەرمان جبس) ژمارە/ ٠٠٢٢/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای K.W٤٥ بڕی ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ سی ملیۆن دینار.
٨- هێڵی بەرهەم هێنانی جبس (تێکەلکردنی جبس و گواستنەوە جبس و چاك کردنەوەی جبس و برژاندن جبس و تێکەل کردنی دەرمان جبس) ژمارە/ ٠٠٢٣/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای K.W٤٥ بڕی ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ سی ملیۆن دینار.
٩- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/ ٠٠٢٤/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای تو بڕی ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
١٠- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبای (VOLVO) دروستکراوی سویدی جۆری سوتەمەنی گاز بڕی ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (خەبات)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢١

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (احمد حجاج ذکری) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (قەزای خەبات/ ناوچەی پیشەسازی خەبات) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس/ دلزار نجاة یاسین نجار

ئامێرەکان:
١- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٧٠٥١٣١٩ دروستکراوی ئیتالی جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای کارەبای (١,٥)K.W بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٢- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠١٤٠٤٠٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٣- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠١٥٠٧٢٥ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٤- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠٣٧/٢٠١٩ دروستکراوی سنی جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٥- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠٢٦/٢٠١٩ دروستکراوی سینی جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V (بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٦- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٩٠٨٣١١٢٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٧- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠٢٧/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٨- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠٢٨/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
٩- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ١٦١١٠١ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
١٠- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ١٥٠٣١٨٠١ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
١١- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ١٥٠٢٤٠٠٧ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
١٢- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠٢٩/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
١٣- ئامێری بەرکردنەوەی جبس (تعبئة و تغلیف) ژمارە/ ٠٠٣٠/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٢٢٠) V بڕی ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار.
١٤- ئامێری لێدانی سارغی جبس (لاصق کارتون) ژمارە/ ٠٠٣١/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دینار.
١٥- ئامێری لێدانی سارغی جبس (لاصق کارتون) ژمارە/ ٠٠٣٢/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دینار.
١٦- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا ژمارە/ A*C٣*٠٥٦٦٧٥*D١٦ جۆری سوتەمەنی گاز بڕی ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ بیست و پێنج ملیۆن دینار.
١٧- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/ YV١٥٦٩٤٨٢٠١٤٥٠ جۆری سوتەمەنی هەوا بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
١٨- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/ ٠٠٣٣/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی هەوا بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
١٩- هێڵی بەرهەم هێنانی جبس (تێکەلکردنی و گواستنەوە و چاك کردنەوەی جبس و برژاندن جبس و تێکەل کردنی دەرمان جبس) ژمارە/ ٠٠٣٤/٢٠١٩ دروستکراوی سوری جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ بیست ملیۆن دینار.
٢٠- هێڵی بەرهەم هێنانی جبس (تێکەلکردنی و گواستنەوە و چاك کردنەوەی جبس و برژاندن جبس و تێکەل کردنی دەرمان جبس) ژمارە/ ٠٠٣٥/٢٠١٩ دروستکراوی سوری جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ بیست ملیۆن دینار.
٢١- هێڵی بەرهەم هێنانی جبس (تێکەلکردنی و گواستنەوە و چاك کردنەوەی جبس و برژاندن جبس و تێکەل کردنی دەرمان جبس) ژمارە/ ٠٠٣٦/٢٠١٩ دروستکراوی سوری جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ بیست ملیۆن دینار.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (خەبات)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢١

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محتاج حجاج ذکری) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (قەزای خەبات/ ناوچەی پیشەسازی خەبات) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس/ دلزار نجاة یاسین نجار

ئامێرەکان:
١- ئامێری رشاش ئاو ژمارە/ ZD٢٠١٨٠٤١٥٦٤٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٧,٥)K.W بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
٢- ئامێری رشاش ئاو ژمارە/ ٢٠١٨٠٥٠١ مۆدێل/ ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای کارەبای توانای V(٣٨٠) بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
٣- ئامێری رشاش ئاو ژمارە/ ٢٠١٨٠٥٠١ مۆدێل/ ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای کارەبای توانای V(٣٨٠) بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
٤- ئامێری خزان شامپۆ ژمارە/ ٠٠١٣/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای بڕی ٢٥٠,٠٠٠ دوو سەدو پەنجا هەزار دینار.
٥- ئامێری رشاش ئاو ژمارە/ ٠٠١٤/٢٠١٩ دروستکراوی سینی جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٧,٥)K.W بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
٦- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبای (Perkins) ژمارە/ p١٥٢٤١ مۆدێل/ ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای (٧٩)K.V.A بڕی ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار.
٧- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا /AUTOSAN L٥٥٠ ژمارە/ ٢٠١٨٠٥٠١ مۆدێل/ ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی هەوا توانای (٣٨٠) V بڕی ١,٢٥٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دوو سەدو پەنجا هەزار دینار.
٨- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/ ٠٠١٥/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٣٨٠)V بڕی ١,٢٥٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دوو سەدو پەنجا هەزار دینار.
٩- ئامێری رشاش ئاو ژمارە/ ٠٠١٦/٢٠١٩ دروستکراوی سینی جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٧,٥)K.W بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
١٠- ئامێری رشاش ئاو ژمارە/ ٠٠١٧/٢٠١٩ دروستکراوی سینی جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای (٧,٥)K.W بڕی ١,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن دینار.
١١- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبای ژمارە/ ٠٠١٨/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی گاز بڕی ١,٥٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن پێنج سەد هەزار دینار.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥٦٥٣/ش٢٠١٨/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٨

جاڕدان
بۆ داوالێکراو اورهان حکمت عبدالخالق
شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ٥٦٥٣/ش٢٠١٨/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٤/١٥ بڕیاریدا لەسەر التفریق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار هاجر عزیز حسین لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی سەرووەران بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٣٥٧/ ب٥/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٨

جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (خطاب عمر محمد امین)

داواکار (کوردستان فکری عبدالمناف) داوای ژمارە ٣٥٧/ ب٥/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کوردستان/٢ لە ٢٠١٩/٤/١٤ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٢٦) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە:٢٣١/ب٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٤

جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (سلوان ساعور)

داواکار (المدیر المفوض لشرکة الحیاة اضافة لوظیفتة) داوای ژمارە (٢٣١/ب٢٠١٩/٣)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (سلوان ساعور) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری (ئاشتی) لە ٢٠١٩/٢/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی (٢٠١٩/٥/١٤) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

* * *

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ١١٣/ب٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٨

جاڕدان
بۆ داوالێکراو: (حیدر حامد هادی)

داواکار(رێبوار جعفر عزیز) داوای ژمارە ١١٣/ب٢٠١٩/٤ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بەناوکردنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٤٤٤٨/هەولێر) جۆری (تانکەر اسکانیا) رەنگی (زەرد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (بابل/حی مشروع) لە ٢٠١٩/٣/١٥ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٥/٢٦ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەواینەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجامدەدرێت.

دادوەر/محمد بهاءالدین عبدالله

* * *

Vacancy Announcement

Petoil is looking to fill the following vacancies in the Kurdistan Region of Iraq
Job Title: Procurement Officer
Job Reference: VA-21
Job Location: Erbil
Position Overview:
As our Procurement Officer، you will be reporting directly to our Contracts & Procurement Manager and you will need to arrange purchases of local goods and local services required by the Operator to operate its operations for Chia Surkh Block in a timely، cost effective manner and in accordance with Operator's procedures. Also، you will need to manage collection of materials from various vendors and suppliers in KRI، transporting materials to Operator's location(s).
Qualifications:
- Bachelor's degree in business administration، accounting، or related field preferred.
- Solid knowledge and understanding of procurement processes، policy، and systems.
- Two (2) years previous experience as procurement officer or related position.
- Proficient computer skills، including Microsoft Office Suite (Word، PowerPoint، Outlook، and Excel).
- Ability to analyze problems and strategize for better solutions.
- Ability to negotiate، establish، and administer contracts.
- Excellent verbal and written communication skills.
- Ability to multitask، prioritize، and manage time efficiently.
- Accurate and precise attention to detail.
- Ability to work well with management and staff at all levels.
- Goal-oriented، organized team player.

Job Title: HR Coordinator
Job Reference: VA-22
Job Location: Sulaimani
Position Overview:
As our HR Coordinator، you will be responsible for our company's HR department، handling hiring and employment services for our company، including recruiting and interviewing and create and submit reports to senior management. You will also report directly to your Regional Manager.
Qualifications:
- Bachelor's degree in business administration، human resources، or related field required.
- 2 years of experience as an HR Coordinator.
- Exposure to Labor Law and employment equity regulations.
- Effective HR administration and people management skills.
- Exposure to payroll practices.
- Full understanding of HR functions and best practices.
- Excellent written and verbal communication skills.
- Works well under pressure and meets tight deadlines.
- Highly computer literate with capability in email، MS Office and related business and communication tools.
- Fantastic organizational and time management skills.
- Strong decision-making and problem solving skills.
- Strong attention to detail.

ئەگەر ئەو مەرجانەی لای سەرەوەت تێدایە، تکایە سیڤی خۆت بە زمانی ئینگلیزی بنێرە بۆ dashne@petoil.com.tr و ئاماژە بە ناوی پۆستەکە بکە. دوا ڕۆژی وەرگرتنی 07 :2019/05/CV.

Action Against Hunger
Mission Iraq

ACTION AGAINST HUNGER العمل ضد الجوع

ADVERTISEMENT

TENDER FOR SUPPLY OF SANITARY MATERIALS
- IRAQ <IQ-CO-FD-022-00112>

تەندەر بۆ دابینکردن گە ل وپە لی صحیات لە عیراقی فیدرالی ژ: **<IQ-CO-FD-022-00112>**

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە ساڵی 1979 ، وە ڕێکخراوەکە لە37 وولات کاردەکات. تۆری نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرک ، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەکرێت . وە تیمەکانی کێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراک پێدان و دلنیاکردنی خۆراک و پاراستنی تەندروستی و ئاو.

Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) لە عیراق بەتەمای بەخشینی پێکهاتەی ڕێکەوتنە بۤ دابینکردنی گە ل وپە لی صحیات لە عیراقی فیدرالی ژ: IQ-CO-FD-022-00112 لەم جهی لە باریزگای مووسل(مووسل ،وانە ،تلکیف ، گیارە)

- **IQ-CO-FD-022-000112 (SUPPLY OF SANITARY MATERIALS) in the intervention Area of Ninawa Governorate (Mosul ,Wanna, Telafar & Qayyarah)**

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانی داواکردن لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕوونی بنووسن.

Or at the below address to receive tender documents:
Erbil – Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
Dohuk- Amad Street, Shoresh Quarter
Mosul – Contact email for Address : acftender@iq-actionagainsthunger.org
Between 8:30 am-4 pm (Iraq time).

یان لەم ناونیشانەی خوارەوە بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەکان:
هەولێر: گەرەکی حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. زەوی 2/332/ کەرتی 5 ، عەنکاوە ، هەولێر
دهۆک: جادەی ئاماد ، گەرەکی شۆرش
مووسل: لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org ،
لە کاتژمێر 8:30 ی بەیانی تا 4ی ئێوارە

Interested companies should submit their offer in one Seal Envelope, the Envelope should be a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English. Submission of tender will be by either Hand or any mail service. **No Email submission will be accepted.**

کۆمپانیای ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە یەک زەرفی مۆرکراو پێشکەش بکەن. دەبی زەرفی مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەلڕ ووشەی " نابێ بکرێتەوە پێش ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت. . تەندەرەکە دەبێ یا بە دەستی پێشکەش بکرێت وەیا خود بە ناردنی پۆستەوە ، **هەر تەندەرێک بە ئیمێلەوە بنێردرێت قەبوولڕ نیە**

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەلاَم مافی قەبوولڕ کردنی تەواو یا بەشێک لە تەندەرەکەی هەیە.

The deadline for submission of tenders is **May 19th at 4pm (Iraq time)**.

دوا مۆلەتی پێشکەش کردنی ئەم تەندەرە لە **19ی ایاری 2019 یە**، لە کاتژمێر 4 ی ئێوارە (بەکاتی عیراقی).

ADVERTISEMENT Page 1 / 1

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1885:
بۆ جاری یەکەم زانکۆی ئۆکسفۆرد دەرگای خوێندنی لەبەردەم خوێندنی ئافرەتان والا کرد .



سالی 1945:
ئەدۆلف هیتلەر و ئیڤا براون هاوسەرگیریان کرد و ڕۆژی دواتر خۆیان کوشت .



سالی 1954:
هیند و چین پەیماننامەی ئاشتیان مۆر کرد .



سالی 1991:
گێژەڵوکێکی بەهێز لە بەنگلادیش ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی نزیکەی 138هەزار کەس .



سالی 2004:
هێزەکانی مارینزی ئەمەریکا لە شاری فەللوجەی عێراق کشانەوە .



سالی 2017:
دەسەڵاتدارانی تورکیا مالپەڕی ویکیپیدیای قەدەغە کرد .

ئیمانویل ماکرۆن



ئا: خالید گەردی

پاش تێپەڕبوونی ماوەی شەش مانگ بەسەر خۆپیشاندەرە ئێلٕەگ زەردەکانی فەرەنسا ، کە هەموو ڕۆژانی شەمٕە لە شارە گەورەکان بە پاریسی پایتەختیشەوە بەڕێوە دەچێت، وەک هەوڵێک بۆ ڕازی کردنیان ودەست هەڵگرتن لە خۆپیشاندان، ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا لە کۆشکی ئەلیزێ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ئەنجامدا، لە کۆنگرەکەدا کەماوەی دوو کاتژمێر و نیوی خایاند ،باسی لە زۆر بابەتی وەک باج و بێکاری و چاکسازی لە دەستوور و باشترکردنی ڕەوشی ژینگە و کەرتی پەروەردە وتەندروستی و یاسای پەنابەران کرد.

بەڵام هاوکات لەگەڵ بەڵێنەکانی، ماکرۆن بەرگری لەو چاکسازییانەش کرد کە حکومەتەکەی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئەنجامی داون گوتی ئاکامەکەی لە ماوەیەکی دوور مەودا دەردەکەون. لێرەدا پوختەیەکی دەخەینەڕوو:

چاکسازی دەستووری و ئیداری

ماکرۆن لەم بارەوە باسی لە گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێک کرد وەک، ئەنجامدانی گفتوگۆ لەبارەی دەستوور لە سەرەتای ساڵی 2020و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە ئەنجوومەنە هەرێمییەکان و هەڵ ڕەخساندنێکی دادپەروەرانە بۆ تەواوی چین و توێژەکان تا بە پۆستی بەرز بگەن، دەستنیشانکردنی ژمارەی خولی پەرلەمانتاران و کەمکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بەلای کەمەوە بە ڕێژەی (20%) و دیراسەتکردنی لابردنی(120) هەزار پۆستی حکومی، هەروەها کردنەوەی نووسینگەیەک لەتەواوی هەرێمەکانی ولإت بەمەبەستی وەرگرتنی سکالاّی هاوولاتیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

ماکرۆن لە بارەی ولإتێکی فرە نەتەوە و کەلتوورو ئایینی وەک فەرنسا باسی لە گرنگیی و بەهاکانی عەلمانیەت بۆ ولإت کرد، کە ئایینی لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە و گوتی : عەلمانیەت بڕوا بوونە بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە، جا ئەگەر لە بیروباوەڕ و عەقیدە لێک نزیک بین یا جیا بین، هەروەها دژایەتی خۆشی بۆ پرۆژەی ئیسلامیی سیاسی ڕاگەیاند، کە هەوڵ دەدات لە بەهاکانی کۆماری جیا بینەوە.

بواری کارو ڕێژەی باج و مووچە و ساڵی خانەنشینی

لەبارەی چارەسەرکردنی گرفتی بێکاری و ڕێژەی باج و توانای کڕینی هاوولاتیانی ولإتەکەی، ماکرۆن گوتی: پێویستە لەسەر فەرەنسییەکان هاوشێوەی دانیشتوانی ولإتە هاوسێکان زیاتر کار بکەن، چونکە بەدەستهێنانی سامانی زیاتر تەنیا بەهۆی کارکردنەوەیە ، بۆ هاندانیشیان بەڵێنی کەمکردنەوەی ڕێژەی باجی بە ڕادەیەکی زۆر بە هاوولاتیان دا، لەگەڵ پالپشتیکردنی حکومەتەکەی لە میکانیزمی دانوستاندنی نێوان کۆمپانیا و فەرمانبەراندا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نموونەیی لەبارەی کاتژمێرەکانی کارکردن. بەڵام ڕەتی کردەوە هەندێ لە ڕۆژەکانی پشووی فەرمی کەم بکرێتەوە، یا ساڵی یاسایی خانەنشینی لە(62) ساڵ بۆ (64) ساڵ درێژ بکرێتەوە. هەروەها بەڵێنی چاکسازی بە سندووقی خانەنشینی دا بە جۆرێک کەمترین ئاستی مووچەی خانەنشینی لە (1000) یۆرۆ بێت.

لە کۆتایی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەشدا سەرۆکی فەرەنسا هیوای خواست ئەو کۆنگرەیە بۆچوونێک لای هاوولاتیانی فەرەنسا دروست بکات کە ئەو نەک تەنیا لە کێشەکانیان دەکات، بەڵکو وەک ئەوان هەستیشی پێ دەکات،لەو وێنەیەش پەشیمانە کە لە سەرەتای حوکمڕانی ئەو لای هاوولاتیان لەسەری دروستبووە کە "کەسێکی تۆند و هەندێ کاتیش ستەمکارە" .

سەرپەرشتیارانی بزووتنەوەی ئێلٕەگ زەردەکان بێ هیوابوونی خۆیان ڕاگەیاند

هەر دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرۆکی فەرەنسا ، سەرپەرشتیارانی بزووتنەوەی ئێلٕەگ زەردەکان بێ هیوایی خۆیان لە بارەی قسەکانی ماکرۆن ڕاگەیاند و گوتیان وا دیارە سەرۆک نیەتی نییە گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیدا بکات. لەم بارەوە جیرمی کلیمان کە یەکێکە لە سەرکردەکانی خۆپیشاندەران گوتوویەتی: دەرکەوت سەرۆک گوێی لە داواکارییەکانمان بووە و لە داواکارییەکانمان گەیشتووە، بەڵام بەدەم داواکارییەکانمانەوە نەهات، وادیارە چاو بە سیاسەتەکانی دووساڵی رابردوودا ناخشێنێتەوە. ڕای گشتی شەقامیش لە ڕۆژی شەمٕەی داهاتوو، وەڵامی دەداتەوە.

سەرچاوە: فرانس 24

سریلانکا و جەنگی سەد ساڵە



عەبدولڕەحمان ئەلڕاشد

ڕووداوی قەسابخانەکانی سریلانکا، جەرگی بڕین، هەرچەندە شتێکی تازە نەبوو. ئەو خەڵکە سڤیلە سادەیە، بوونە قوربانی کارێکی تیرۆریستیی، بە ناهەق و لەخۆڕا کوژران، پێش ئەو بکوژەکەی نیوزلەندا، هەمان شتی کرد، وەکو چۆن داعش و بەرەی نوسرە لە سووریا کردیان، پێشتریش ئەلقاعیدە، لە عێراق، سعودیە، پاکستان، میسر، ئەورووپا، ئەمریکا و لەچەندین شوێنی دیکە، هەمان شتی کردبوو، ئەو شەڕخوازانە بوونەتە بەشێک لە ژیانی تۆقاندنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی.

من باوەڕم بەوە هەیە، ئەو جەنگە درێژە دەکێشێت، جیهان سی ساڵە لەدژی تیرۆر دەجەنگێت، هێشتاش بەردەوامە و هیچ کۆتاییەکی دیار نییە، لەوانەیە سەد ساڵ بخایەنێت. جەنگەکانی تیرۆر، لە جەنگی هۆز و ولاتان ترسناکترە، چونکە ئاکامی چەندین هزری کۆنە، کە ڕەگی لەمێژووی جیهانی کۆندا داکوتاوە، چەکیشی لە کێتبی پیرۆز و تەکنیکی تازە وەرگیراوە، کە دەتوانێت بە هەرزانترین نرخ، بڵاوبان بکاتەوە، هەر کاتێک باندێک لەنێو دەبردرێت، چەندین باندی دیکە لەدایک دەبن. ئەگەر ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی لەدژی نەبێت و بە دووی نەکەوتڕێت، زۆر بەردەوام دەبێت و زامی قوولیش جێدەهێڵێت، دەبێتە مایەی تۆقین و هەڕەشەش بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی. هەرچەندە لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا، چاو دەخرێتە سەر، ڕێکخراوەکانی تیرۆریستیی، لە ڕێگەی بەدووکەوتن و سەرچاوەکانی دارایین، بەڵام بەهۆی هاندەرەکانییانەوە، بەهێزتر دەبن. ئەو کەسانەی بەردەوام پاساو دەهێننەوە و داوای لێبوردن دەکەن، خراپەیان لەخودی تیرۆریستان کەمتر نییە ، ئەوانەیبە ئەندێشەی پیلانگێڕییەوە، پاساو بۆ بکوژان دەهێننەوە و گومان لە مێشکی خەڵکی دەچێنن. بەردەوام وشیار بن، ئەوانە یەکەی داکۆکیکارن لە هزری تیرۆر، کە فێری هونەری تەفرەدان و پاساو هێنانەوە بووینە. هەر لەسەرەتای تاوانەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، ئەلقاعیدە باندێکی چێنراوە، دواتر وتیان، لە کاری پیلانێکی بیانییە، کاتێکیش ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە، گرتەیی ڤیدیۆیان بڵاو کردەوە، کە هیچ گومان لەسەریان ناهێلێت، ئەوان بکوژن و دان بە نیەتی خۆیان دەنێن، پاساوهێنەرەوەکانیان بەرەو قۆناغی دواتر هەنگاویان نا، ئەویش بە دانانی ئەوکارانە، بە کردەی تۆڵەسەندنەوە و جەنگی بەرگریکردن، بەڵگەشیان بە کێتبی سەدەکانی ڕابردوو دەهێنایەوە. لە قەسابخانە قێزەونەکانی سریلانکادا، نکۆڵی لێکردنیان بۆ گومڕاییکردن تاقی کردەوە، بانگەشەی ئەوەیان کرد، لەکاری کەسانی دیکەیە، پاشان هەوڵیان دا، پاساوی بۆ بهێننەوە، لەسەر بڵاوکردنەوەی هزرەکانیشیان بەردەوام دەبن، تاکو ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕۆشنبیریی، لەو خەوە قوولەدا بن. وتیان :"پێشتر گوێمان لێی نەبووە" ، "پێشتر یەکجاریش لە سریلانکا ڕووی نەداوە" و"هیچ ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی نییە". هاوپیشەم نیرڤانا مەحمود، لە لاپەڕەی خۆی لە تویتەر، وەڵامی یەکێک لەوانەی دایەوە، کە وتبووی ئەوە یەکەمجارە گوێی لەوە دەبێت، تیرۆریستیی سەر بە ئیسلام لە سریلانکادا هەبن و نووسی:"ئەزیزی دەمارگیر خالید، تۆ دەڵێی، پێشتر گوێت لێ نەبووە: لە بیرت بێت، پێشتر پێش 11 سپتێمبەری 2001-2015 لە فەرەنسا و پێش تویتەریش، ئێمە بە گوێبیست بوونی کەسانی دەمارگیری وەکو تۆ، هەرگیز دڵمان خۆش نەدەبوو". هەزارەها لەوانەی لە بانگەشەکردن بۆ تیرۆر تێوەگلاون، سوپای هزرین و لایەنگیریی لە تونديڕەوی دەکەن، هەندێکیان بۆ ناوی ڕاستەقینە و زۆربەشیان سوپای خەیاڵین. جەنگەکە لەسەر زەوی بەردەوامە، ئەو چوار تیرۆریستەی لە کارەکەیان لە شاری زلفی لە سعودیە شکستیان هێنا و پاشان کوژران، ئەوەمان بیر دەخەنەوە، ڕێکخراوە جیهانییەکە هێشتا زیندووە و هەناسە دەدات، کەسانێکیش هەن هەوڵی ئەوە دەدەن، هەر جارێک لەناو دەبردرێن، بیانژیێننەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.aawsat.com

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/4/29 ژمارە (5738)
خەبات



جیهانی سیخوڕی

ڕووسیا چۆن تۆڕە سیخوڕیەکانی لەنێو دڵی ئەمەریکا چاند؟

تا: هەندرێن شێرزاد

دوو هاوسەری ئاسایی ، کاری ئاسایی ئەنجام دەدەن و دەربارەی قوتابخانە و خوێندن لەگەڵ دراوسێکانیان دەکەونە گفتوگۆ و سەبارەت بەو ژاوەژاوەی منداڵە هەرزەکارەکانیان دروستی دەکەن داوای لێبوردن دەکەن ، بەڵام لە راستیدا ئەوان بەشێک بوون لە تۆڕێکی سیخوڕی کە لە 11ئەندام پێکهاتبوو . بریتی بوون لە 5 هاوسەر و لەنێو دڵی کۆمەڵگەی ئەمەریکا چێنرابوون . دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئاشکرا کران و وەک بەشێک لە تۆڕێکی سیخوڕیکردنی ڕووسی لە قەڵەم دران و ڕاگەیەنرا کە بە ناوی دیکە لە ئەمەریکا دەژین و کاریان ئەوە بووە خۆیان بخزێننە نێو بازنەکانی دروستکردنی بڕیار .

خانەوادەیەکی ئاسایی، بەڵام

هیسفیلد و تراسی فولی، دوو هاوسەرن و لە کامبریدجی سەر بە ویلایەتی ماساچوستسی ئەمەریکا دەژیان ، تەمەنیان چل ساڵ دەبوو و خاوەنی دوو منداڵی هەرزەکار بوون . ماڵەکەیان لە شەقامێک بوو کە قوتابی و مامۆستاکانی زانکۆی هارڤەردی تیادا نیشتەجێ بوون ، فولی بە دراوسێکانی وتبوو کە لە بواری کڕین و فرۆشتنی خانوبەرە کار دەکات و بە ڕچەڵەک هاوڵاتی کەنەدین . دراوسێیەکی ئەم خانەوادەیە دەربارەی فولی دەڵێ : ئەو کەسێکی زۆر ڕێکوپێک بوو و هەمیشە لە زستاندا منداڵەکانی یارمەتیان دەدایە لە لابردنی بەفر ، بەڵام ئاهەنگەکانیان زۆر بە دەنگەدەنگ بوو .

شێوازێکی زیرەکانەی سیخوڕی

ناوی ڕاستەقینەی ئەم دوو هاوسەرە ئەندرێ بیزرۆکۆڤ و ئێلینا فاڤیلۆڤا بوو بەڵام دوو ناوی دیکەیان بەکار دەهێنا کە دۆنالد هیسفیلد و تریسی ئان فولی بوو . ئەم دوو ناوە خوازراوە ناوی دوو منداڵ بووە کە لەدایکبووی مۆنتریالی کەنەدا بوون و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە تەمەنی منداڵی کۆچی دواییان کردووە .ئەم دوو کەسە ناسنامە تازەکەیان بەکار هێناوە و ڕوویان کردۆتە فەرەنسا و دواتر لە بۆستن گیرساونەتەوە تا ئەو کاتەی سالی 2010وەک بەشێک لە تۆڕێکی گەورەی سیخوڕیکردنی ڕووسی لەلایەن نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی ئەمەریکییەوە دەستگیر کران.

منداڵ، قوربانی یەکەم

دوو منداڵەکەی ئەم خانەوادەیە کە ناویان (تیمۆسی و ئەلکسەندەر) ە ، لە سەرەتای نەوەدەکان لە تۆرینتۆی کەنەدا لەدایک بوون و دوای ئاشکرابوونی کاری ڕاستەقینەی دایک و باوکیان ، حکومەتی کەنەدا ڕەگەزنامەی لە دایک و باوکیان کێشایەوە و لە کۆتاییدا هەردووک منداڵەکەش مافی وەرگرتنی پاسپۆرتی تازەی کەنەدیان نەما . ئەمە مشتومڕێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا ، دوو منداڵەکە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەگەزنامە ڕوویان کردە کەنەدا ، بەڵام دادوەر جاری یەکەم داواکەی ڕەت کردەوە ، بەڵام دادگای فیدرالی بڕیارەکەی پێچەوانە کردەوە ، بەو پێیەی دایک و باوکی دوو منداڵەکە بە فەرمی لە لە حکومەتێکی بیانی کاریان نەکردووە و منداڵ نابێ تێکەڵی هەڵەی گەوران بکرێن . لەلایەکی دیکە ، شارەزایەکی بواری کاروباری تیرۆر لە فەرمانگەی هەواڵگریی کەنەدا دەڵێ : کێ گوێ لەو بڕیارە دەگرێ ؟ هەردووک کوڕەکە لە خێوەتگای پەنابەران ناژین ، چونکە کەنەدا ڕەگەزنامەیان پێ نابەخشێ . ئاماژە بەوەش دەدات کە ئەوان سالی 2010ڕەگەزنامەی ڕووسییان پێ بەخشراوە .

ئامانجی تۆڕە سیخوڕیەکان

ئەو تۆڕە سیخوڕیە ڕووسیانەی لە ئەمەریکا چێنرابوون چەند ئامانجێکیان هەبوو :

کۆکردنەوەی زانیاری .

کۆکردنەوەی ئەندامی زیاتر بۆ تۆڕەکان .

هەواڵگریی ڕووسیا داوای لە سیخوڕەکانی کردبوو کە زانیاری ورد دەربارەی چەکە ئەتۆمیەکان و سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران کۆ بکەنەوە.

وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا و سیاسەتەکانی کۆنگرێس .

لەو پێناوەدا سیخوڕەکان هەوڵیان دابوو پەیوەندی بە بەرپرسێکی باڵای پێشووی بواری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و تۆڕێکی بواری چەکی ئەتۆمی و کەسانی تردەوە بکەن .

دیپۆرتکردنەوە بۆ ڕووسیا

دوای دەستگیرکردنی ئەندامانی ئەم تۆڕە سیخوڕیە ، تۆمەتی سیخوڕیکردنیان نەدرایە پاڵ ، بەو پێیەی کە نەزانراوە ئەم سیخوڕانە چی زانیاریەکیان دەست کەوتووە و ڕەوانەی ڕووسیایان کردووە ، بۆیە ئەوان بە تۆمەتی مانەوە بە شێوەی نایاسایی و شوشتنەوەی پارە دەستگیر کران و ڕەوانەی ڕووسیا کرانەوە. لە بەرامبەردا مۆسکۆ بەپەلە دووپاتی کردەوە کە ئەم هاوڵاتیە دەستگیرکراوانە هیچ چالاکی ڕاستەوخۆیان دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا ئەنجام نەداوە ، هاوکات هۆشداری دا لەوەی ئەمە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا دەبێ .

نامەی ئەفسەرێکی ڕووسی

نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدرالی ئەمەریکا کە ساڵانێک بوو ئەرکی چاودێریکردنی ئەم تۆڕەی پێ سپێردرابوو ، پێچەوانەی ئەمە دووپات دەکاتەوە و ڕایگەیاند ، نامەیەکی کەوتۆتە دەست کە لەلایەن ئەفسەرێکی ڕووسەوە بۆ ئەندامانی تۆڕەکە نێردراوە و تیایدا بە ئینگلیزیەکی لاواز نووسراوە : لە گەشتێکی خزمەتکاریی دوورودرێژ ڕەوانەی ئەمەریکا کراویت و هێنانەدی ئەرکە سەرەکیەکەت لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە . ئەم نامەیە ئاماژە بوون بۆ بوونی سیخوڕیی و بەرپرسانی ڕووسیش لەوە دەترسان کە کارمەندانیان ئامانجی سەرەکی کارەکەیان لەیاد بکەن .

ئاڵای وڵاتان

ئۆگەندا

دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە بەریتانیا ئەم ئاڵایە بۆ ئەم وڵاتە هەڵبژێردراوە ، هەروەها ئاڵای ئەو پارتە بووە کە لەیەکەم هەڵبژاردن سەرکەوتنی وەدەست هێناوە .

ڕەنگی ڕەش ئاماژەیە بۆ میللەت .

ڕەنگی زەرد بۆ ڕۆژ .

ڕەنگی سوور بۆ برایەتی .

باڵندەی کەرکی ئەفریقیش کە لەناوەڕاستی ئاڵاکە دانراوە ، ئاماژەیە بۆ دەوڵەت.



مانشێت



سکای نیوز:
بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی کۆریای باکور بکات .



سی ئێن ئێن :
لە کلێسایەکی شارۆچکەی باوای لە باکوری ساندییێگۆی ئەمەریکا کەسێک تەقەی کرد و لە ئەنجامدا کەسێک کوژرا و دووی دیکەش بریندار بوون .



ڕۆژنامەی حەیات:
دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە چەک دەکشێتەوە .



ئەی ئێف پی:
خوان گوایدۆی سەرکردەی باڵی ئۆپۆزسیۆن لە ڤەنزویلا داوای لە سوپای وڵاتەکەی کرد چیتر بەرگری لە مادۆرۆ نەکات .



فرانس 24:
بەهۆی سازکردنی یادەوەریەکی فەرمی سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ڕەخنەی توندی ئاراستەی ماکرۆن کرد .



کەنالی ئارتی :
بەم دواییانە پەتای ئیبۆلا لە کۆنگۆی دیموکراتی بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی 900کەس .



هەسارەیەکی نامۆ لە شوێنێکی نامۆتر

تیمێک لە لێکۆڵەرەوانی (پەیمانگەی زانستەکانی بۆشاییگەری زانکۆی بەرشەلۆنە) توانیان هەسارەیەکی زەبەلاحی زۆر نامۆ بدۆزنەوە لە دەوری (تریە ئەستێرە) یەکی نێو گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان)، ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە مێژووی فەلەکناسیدا هەسارەیەک لە دەوری ئەستێرەیەکی زۆر نائارامدا دەدۆزرێتەوە.

ئەم دۆزینەوەیەش لە نێو (بلاۆکراوەی جیهانیی فەلەکناسی و فیزیای فەلەکی) دا بلاۆکراوەتەوە کە ناوی ئەندامانی تیمەکەی تیادایە کە بریتی بوون لە (پرۆفیسۆر ئانریکێ هیریرۆ و لێکۆلەری دکتۆر جوان کارلۆس مۆرالیس و پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە هەسارە دەرەکییەکان و ئەجناسی ریباس و ئارەزوومەندی فەلەکناس رامۆن نافیز).

تریە ئەستێرەکە ناونراوە (WASP-33) یاخود (HD28051) کە بریتییە لە ئەستێرەیەکی زۆر گەرم و بارستاییەکەی 1.5جار لە خۆر زیاترە و بە مەودای 378سالی ڕووناکی لێمانەوە دوورە و دەکەوێتە ئاڕاستەی کۆستێرەی (ئاندرۆمیدا)، ئەم ئەستێرانەش بەوە ناسراون کە بڕی وزەی ڕووناکی و گەرمی دەرچوو لێیانەوە زۆر نارێکەو قەبارەشیان وەک چۆن بالۆنێک پڕ لە هەوا دەکرێت و پاشان لێی کەم دەکرێتەوە ئاواش قەبارەی ئەمجۆرە ئەستێرانە لە ماوەیەکی ڕێک و پێک و دیاریکراودا گەورە و بچووک دەبێتەوە. زۆرجاریش باری ئەو جۆرە ئەستێرانە لە حاڵەتی هەڵکشان و داکشانی ئاوی دەریاو زەریاکانی زەویش دەچێت.

ئەستێرەی (WASP-33) لە ساڵی 2006ەوە دۆزراوەتەوە، بەڵام هەسارەکەی بەم دواییە دۆزراوەتەوە دوای تێبینیکردنی تێپەڕبوونی تەنێکی بچووک لە پێش دیسکی ڕووناکی و ئەستێرەکەو نزمبوونەوەی ئاستی ڕووناکی ئەستێرەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراودا.

هەروەها تێبنی ئەوەش کراوە کە خێرایی ئەم هەسارە زەبەلاحە یەگجار خێرایەو لە ماوەی تەنها 1.2ڕۆژدا خولێک بە دەوری ئەستێرەکەدا تەواو دەکات، کەئەمەش خۆی لە خۆیدا دۆزینەوەیەکی یەگجار زۆر گرنگەو تاوەکو ئێستاش ئاستێکی ئاوا تۆمار نەکراوە.

نەخۆشیی شەکرە پەتای سەردەمە



زۆر بەداخەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە لەسەر ئاستی جیهاندا لە زیادبوونداn، لەم بارەیەوە، دکتۆر (پیتەر شڤارتس) ی پسپۆڕ لە چارەکردنی نەخۆشی شەکرە لە زانکۆی (دریزدنی زانکۆیی) لە (ئەڵمانیا) گوتوویەتی: "نەخۆشی شەکرە ئێستا وەک پەتایەک لە جیهاندا بلاۆدەبێتەوە و زانایانیش پێیان وایە کەوا لە 70%ی تووشبووانی جەڵتەی میشک هۆکارەکەی توشبوونیان بۆ نەخۆشی شەکرە دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی نەخۆشی شەکرە هۆکاریشە بۆ توشبوون بە بێزاری و فشاری خوێن و کوێربوون و بڕینی ئەندامەکانی لەش و نەخۆشییە دەمارییەکان".

هەروەها گوتی: "تەنها لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا 8.9ملیۆن کەس بەم نەخۆشییەوە دەناڵێنن و ڕەنگە 4ملیۆنی دیکەی نەدۆزراوەش هەبن! خۆ ئەگەر حاڵ ئاوا بڕوات ئەوا ڕەنگە ژمارەی تووشبووان لەماوەی 10ساڵی دیکە بگاتە 14ملیۆن کەس".

بەرگە هەوای هەسارەی GJ1132 b لە زەوی خۆمان دەچێت



پسپۆڕانی فەلەکناسی ڕایانگەیاند، ئێستا دەتوانن بڵێن کەوا بەرگە هەوای هەسارەی (GJ 1132 b) کە قەبارەکەی بە ڕێژەی 1.4ی قەبارەی زەوییەو بە مەودای 39ساڵی ڕووناکیش لێمانەوە دوورە، زۆر نزیکە لە خەسڵەت و پێکهاتەی هەسارەکەمان. پسپۆڕان توانیان چینی ئەستووری گاز لە دەوروبەری ئەو هەسارە دەرەکییەدا بدۆزنەوە کە یان ئەوەتان لە (ئاو) یان لە گازی (میتان) یان تێکەڵەی هەردووکیان پێکهاتووەو دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەشیان لە گۆڤاری (The Astronomical Journal) ی تایبەت بە (کۆمەڵەی فەلەکناسیی ئەمریکی) دا بڵاوکرایەوە.

بەڕای پسپۆڕان، دۆزینەوەی ئەم جۆرە هەسارانە هەنگاوێکی گرنگە لە پڕۆسەی گەڕان بەدوای ژیان لە گەردوونداn، بەڵام بۆ خودی ئەم هەسارەیە، ئەوا گرفتێکی هەیە ئەویش بەرزیی پلەی گەرمییەکەیتی کە دەگاتە سنووری 370پلەی سەدیی، کە ئەمەش گونجاو نییە بۆ ژیانێک بە پێوانەو (ستاندار) ی ئێمەی ئادەمیزادەوە، چونکە پسپۆڕان ڕونیان کردۆتەوە کەوا دوا ئاست کە مرۆڤ تێیدا بژی لە سنووری 120پلەی سەدییە. ئەم هەسارەیە پێشتر و لە ساڵی 2015ەدا دۆزراوەتەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی (تلسکۆپی ڕوانگەی ئەورۆپی باشوور) لە (وڵاتی چیلی) لە (ئەمریکای باشوور) دا.

لە نێوان ئەسپرین و شێرپەنجەی قۆڵۆندا

تیمێک لە لێکۆڵەرەوانی زانکۆی (نیوکاسل) ی بەریتانی گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە خواردنی ڕۆژانەی (حەبێکی ئەسپرین) ئاستی تووشبوون بە شێرپەنجەی قۆڵۆن تا 50%کەم دەکاتەوە، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە ئەگەری تووشبوونیان بەم نەخۆشییە زۆر نزیکە.

بۆ حاڵی بوونی زیاتر ئێستا ئەم تیمە لەسەر میکانیزمی چۆنییەتی کارتێکردنی (ئەسپرین) لەسەر چارەسەرکردنی خانەکانی شێرپەنجەی قۆڵۆن ئەویش بەتێبینی کردنی حاڵەتی تەندروستی نزیکەی 1000 کەس لەوانەی دووچاری نەخۆشی (لینش) بوونەتەوە، ئەم جۆرە نەخۆشییەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ پەرەسەندن بۆ نەخۆشییەکان وەک شێرپەنجەی قۆڵۆن و ڕێکە و گەدەو میشک و ڕەحمی ئافرەتان، وە سەبارەت بە نەخۆشانی شێرپەنجەی قۆڵۆن ئەوا 5%ی تووشبوانی نەخۆشی (لینش) دەگۆڕدرێن بۆ شێرپەنجەی قۆڵۆن.

تیمەکە 500کەسیان دەستنیشان کرد و ڕۆژانە بۆماوەی 4ساڵ دەنکێک حەبی ئەسپرینیان پێدان و ئەوانی دیکەش پێیان نەدان، لە کۆتاییدا دەرکەوت کەوا 6حاڵەتی شێرپەنجەی قۆڵۆن لە 500کەسی تیمی یەکەم دەرکەوت و 16حاڵەتیش لە تیمی دووەمدا دەرکەوت.

لەم بارەیەوە (جۆن بێرنز) ی سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە گوتی: "دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر گرنگە،چونکە کاریگەری (ئەسپرین) تادوای 4 ساڵیش لە خواردنیدا لە نێو لەشدا هەر مابۆوە، ئەوە جگە لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشوو کە ئاماژەی بەوە دابوو ئەگەر ئەو نەخۆشانەی کە بە نەشتەرگەری و چارەسەری کیمیایی بۆ شێرپەنجەی قۆڵۆن وەردەگرن، هەڵی ڕزگاربوونیان تا ڕێژەی 30%زیاتر دەبێت ئەگەر هاتوو ڕۆژانە (ئەسپرین) بخۆن".

چوار کەسایەتی ناودار باوەڕیان بە شارستانییەتی هۆشمەند هەیە



لەمبارەیەوە گوتبووی: من کەشتی ئاسمانیی ئەو بوونەوەرانەم دیتبوو لەسەر شێوەی دەفرێکی لار بە ئاستی 45پلە، بەڵام بەداخەوە لەو کاتەدا هیچ کامێرایەکم پێنەبوو تا ئەو ساتە بە دیکۆمێنت بکەم. -4 (بڕیان ئۆلێری -Brian OLeary)، ئەو کەشتیوانە بوو کەوا کاتی خۆی ئاژانسی (ناسا) ناوی خستبووە نێو لیستی کەشتیوانانی (نێردراوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هەسارەی مەریخ) لەساڵی 1967دا، بەڵام ئەوو لە دەرەنجامی نزیککەوتنەوەی لە حاڵەتی مەرگدا، تەواوی بیروبۆچوونی بەرامبەر بە گەردوون و بوونداn گۆڕاو باوەڕی چەسپاند بە بوونی بوونەوەری هۆشمەند، وە دوای ئەوەی (ناسا) ی جێهێشت ڕایگەیاندبوو کەوا چەندین بەڵگە هەن لەسەر بوونی توانامان بۆ ئەنجامدانی پەیوەندیی لەگەڵ (شارستانییەت و بوونەوەرە هۆشمەندەکان) و بەڵکو ئەوان ژ واتە بوونەوەرەکان ژ لەلایەن خۆیانەوەو بێ ئاگاداریمان، ماوەیەکی دوورودرێژە تێڕوانین و تێبینی شارستانییەتی ئێمە دەکەن.

تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، ژمارەیەک لە کەشتیوانانی ئاژانسی (ناسا) ی ئەمریکی باوەڕیان بە بوونی (شارستانییەت و بوونەوەرە هۆشمەندەکان) هەیە، سەرەڕای دەستنکەوتنی هیچ جۆرە بەڵگەیەکی تەواو لەسەر بوونیان لەنێو گەردوونداn.

لەم بارەیەوە، ڕۆژنامەی (دەیلی میێل) ی بەریتانی ئاماژەی بەوە داوە کەوا تاوەکو ئێستا (4) لە کەشتیوانە ئاسمانییە دێرینەکان ئاژانسی (ناسا) پاڵپشتی تەواوی خۆیان دەربڕیوە لە بیرۆکەی بوونی (بوونەوەرە هۆشمەندەکان) و هەریەکە بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشتی لەو بۆچوونەی خۆی کردووەو پێداگریشی لەسەر کردووە:

1- (ئیدگار میشێل - Edgar Mitch-ell)،شەشەم ئادەمیزاد بوو کە پێیەکانی دەخاتە سەر خاکی مانگ لە ڕێگەی کەشتی ئاسمانیی (ئەپۆڵۆ 14) لە ساڵی 1971و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا لەمیانەی ئەو گەشتەیدا، چۆتە نێو کاریگەریی تاقیکردنەوەیەکی دەروونی ڕۆشەن کە وایلێکردووە هەموو ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ سەلماندنی بوونی (شارستانییەت و بوونەوەرە هۆشمەندەکان) و بەڵکو ڕاشیگەیاندووە کەوا لە چەندین بۆنەوە ڕوودەوای میژوویدا، ئەم بوونەوەرانە خودی شارستانییەتی مرۆڤیان ڕزگارکردووە لە جەنگەکان، بەتایبەتی جەنگە ناووکییە کاوڵکارەکان.

2- (گۆردن کووپەر ژ Gordon Cooper)، یەکێک بوو لە (7) کەسانەی کە ئاژانسی (ناسا) لەسەرەتادا هەڵیبژاردبوون تا ببنە پێشەنگانی ئەوانەی بۆ یەکەمجار دەچنە بۆشایی ئاسمان و ڕایگەیاندبوو کەوا بەخۆی چەند (بوونەوەرێکی هۆشمەند) ی لە (بنکەیەکی ئاسمانیی ئەمریکی) دیتووەو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕێکخراوی (ئەتەوە یەکگرتووەکان) لە ساڵی 1984 ڕایگەیاندبوو:"من باوەڕم بە بوونی بوونەوەرە هۆشمەندەکان هەیەو ماوە ماوەش سەردانی هەسارەکەمان دەکەن ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تێکنۆلۆژیای یەگجار زۆر پێشکەوتووە بە بەراورد لەگەڵ تێکنۆلۆژیای ئێستای ئێمەی ئادەمیزادەوە.

3- (دیک سلایتۆن --Deke Slay-ton)، ئەندامی (تیمی پڕۆژەی ئاسمانیی ناوداری میێرکۆری) بوو، کە یەکەم گەشتەکانی ئەمریکا بوو بۆ بۆشایی ئاسمان، ئەویش ڕایگەیاندووە کەوا لەساڵی 1951دا بوونەوەری هۆشمەندی دیتووەو



بەرشلۆنە نازناوی لالیگای بردەوە ئەرکی بەرشلۆنە لە لالیگا کۆتایی هات و چاوی بڕیوەتە جامی شای ئیسپانیا و یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

هاوار مورتکەیی

بەر لەکۆتایی هاتنی وەرزی لالیگا بە 3جەولە، یانەی بەرشلۆنە توانی بۆ دووەم وەرز لەسەر یەکتری نازناوی خولی ئیسپانی 2019 -2018بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش 26ـەمین جارە لەمێژوویدا ئەم نازناوە ببات‌ەوە، کە 7نازناوی ماوە بگاتە ریال مەدرید.

بەرشلۆنە لە قۆناغی 35ی لالیگادا رووبەڕووی یانەی لیڤانتی بۆوە، سێ خاڵی ئەو یارییە بەس بوو بۆ ئەوەی بەرشلۆنە نازناوەکە لەبەرژەوەندی خۆی یەکلایی بکاتەوە، بەڵام لەگێمی یەکەمدا بەیێ مێسی نەیانتوانی گۆڵێک تۆماربکەن، لەگێمی دووەم کە مێسی بەشداری کرد توانی لە خولەکی 62تاکە گۆڵی یارییەکە تۆماربکات و دواجار لەگەڵ فیکەی ناوبژیوان ئاهەنگی بەدەستهێنانی نازناوەکەیان گێڕا و جامەکەیان لەکامپ نوو بەرزکردەوە.

یەدەستهێنانی ئەم نازناوەش، بۆ مێسی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دەبێتە یەکەمین یاریزان لە میژووی یانەی بەرشلۆنەدا نازناوی لالیگا بۆ 10ـەمین جار لەگەڵ یانەکەی بباتەوە.

ئەگەرچی هێشتا لالیگا 3جەولەی یاریی ماوە، بەڵام ڤالڤێردی و بەرشلۆنە بەهێنانەدەی ئامانجەکەیان ئەرکیان لە لالیگا کۆتایی هات و لەمەودا سەرنجی خۆیان دەخەنە سەر هەردوو پاڵەوانێتی جامی شای ئیسپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

یاریگای نیودەوڵەتی کەرکووک نۆژەن دەکرێتەوە

خەبات/ ئارام شێرکۆ

یاریگای نێو دەوڵەتی کەرکووک لە سالانی هەشتاکان دروست کراوە، بەڵام لە پاش ڕاپەڕینەکەی سالی 1991کراوە سەربازگە، دواتر لە لایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆردومان کراو، لە سالی 2003دوای پرۆسەی ئازادی ژمارەیەک خێزانی ئاوارەی گەڕاوە تێیدا نیشتەجێ بووە، بەڵام پاش ئەوەی بریاردرا کە نۆژەن بکرێتەوە ئەو مالانە قەرەبوو کرانەو و یاریگاکەیان چۆلکرد و دەستکرا بە نۆژەن کردنەوەی.

سەبارەت بەم نۆژەنکردنەوەیە حەربی خالید سەرۆکی نوێنەرایەتی کەرکووکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق، لە لێدوانێکی تایبەتی پێی راگەیاندین کە "پاش ئەوەی لە سالی 2003ئەو یاریگایە لە لایان ژمارەیەکی خێزانەوە داگیر کراو کردیان بە شوێنی نیشتە جی بوونی بۆ خۆیان تێدا مانەوە هەوڵی زۆرماندا بۆ نۆژەن کردنەوەی ئەو یاریگا ئۆلۆمپیە تاکو گەیشتینە ئەنجام ".

حەربی گووتیشی 20ملیار دینار تەرخان کرا ،بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو یاریگا نێودەوڵەتییە و لە قۆناغی یەکەم نزیکە 12 ملیار دیناری تێدا خەرج کرا، لە ئێستایش لە قۆناغی دووەم و کۆتاییە هەر بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری وەرزش و لاوان خودی خۆی هاتە کەرکووک پرۆژەکەی بەسەر کردەوە و بریاریدا قۆناغی دووەم دەست پێبکاتەوە لە 30 /8 / 2018 دەستکرایەوە بە ئیشکردن لە پرۆژەکە، کە 4 ملیاری بۆ تەرخان کراو، حەربی زیاتر گووتی: بە تەواو بوون نۆژەن کردنەوەی ئەم یاریگا نێو دەوڵەتیەی کەرکووک هەنگاوێکی زۆر باش دەچێتە پێشەوە، لە هەموو جۆرە وەرزشەکان بە تایبەتی یاری تۆپی پێ، لەگەڵ ئەوەش بە هۆی گەورەیی یاریگاکاوە دەتوانین هەموو یەکێتییە وەرزشییەکان تیایدا کۆبکەینەوە، شوێنیان بۆ دەستنیشان بکەین.

هەورها زیاتر گوتی: کۆمپانیای ڕەشید هاڤانە ئەرکی نۆژەنکردنەوەی ئەم یاریگایەی لە ئەستۆ گرتووە، ئێستا کاری تێدا دەکات بە سەرپەرشتی فەرمانگەی ئەندازیاری وەزارەتی وەرزش و لاوان و فەرمانگەی ئەندازیاری وەزارەتی پیشە سازی ، یاریگای نیو دەوڵەتی کەرکووک توانای ئەوەی هەیە 25هەزار هاندە لە خۆی بگرێت، یەکێکە لە یاریگا ئۆلۆمپییەکانی لە سەر ئاستی عێراق و کاتێک لە کەرکووک ئەم یاریگایە هەبووە لە بەشێکی زۆر پاریزگاکانی تری عێراق یاریگا وەرزشی نەبووە و لەسالی 1988یەکەم یاری نێودەوڵەتی لە میانی پاڵەوانێتی لاوانی دوورگەی عەرەبی تێدا ئەنجامدرا.

بەبەشداری چەندین ئەسپسواری نێوخۆیی و عەرەبی و بیانی
لە هەولێر پێشبڕکێی جامی نەورۆزی سالانەی ئەسپسواری بەڕێوەچوو





ڕاپۆرت / سەرهەنگ نەجمەدین

ڕۆژی 26/4/2019لە شاری هەولێری پایتەخت ، لەیانەی ئەسپسواریی نێودەوڵەتی ئەسپسواری هەولێر، پێشبڕکێی جامی نەورۆزی سالانە بەبەشداری چەندین ئەسپسواری نێوخۆیی و عەرەبی و بیانی ئەنجام درا.

پێشبڕکێیەکە لەنێو یانەی نێو دەوڵەتی ئەسپسواری هەولێر و بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بەرێوەچوو کەماوەی یەک ڕۆژی خایاند ، سیستەمی پاڵەوانیەتییەکە لە 7جەولە پێکهاتبوو ، بۆ هەر جەولەیەک کۆمەڵێک ئەسپسوار بەشداریان تێدا دەکرد، لەهەموشیان گرنگتر خەڵاتی گرانبەها و بەنرخ بۆ پلەکانی یەکەم ودووەم وسێیەم ئامادەکرابوو.

خاتوو تریسی مینوت کچە ئەسپسواری وڵاتی فەرەنسا لەبارەی بەشداریکردنی لەپێشبڕکێیەکە بۆ خەبات گوتی: زۆرخۆشحالبووم ئەمڕۆ لەپایتەختی کوردستان بەشداریم لەپێشبڕکێی ئەسپسواری کرد کەچەندین ئەسپسواری ئاست بەرزی کوردستان وعێراق تێدا بەشداربوون، خۆشم لەپێشبڕکێی 1200مەتر توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم، ئەو پلەیە بۆمن زۆر گرنگ بوو،چونکە هەستم کرد چەندین ئەسپسواری نێودەوڵەتی بەشداریان لەپێشبڕکێیەکە کردبوو ، کەمنیش لەنێو ئەو هەموو ئەسپسوارە ئاست بەرزانە بتوانم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم. دواتر محەمەد عەلی کەپلەی یەکەمی پێشبڕکێیەکەی دەستەبەر کرد بەخۆشحالییەوە گوتی: زۆر ئاسوودە و خۆشحالم ئەمڕۆ لەنێو کۆمەڵێک ئەسپسواری نێودەوڵەتی توانیم پلەی یەکەمی جامەکە بەدەست بهێنم و گرانبەهاترین خەڵاتم بەرکەوت، هەمیشە سوپاسی هەموو ئەندامانی ڕێکخەری ئەو پێشبرکێیە دەکەم کەبەراستی لەڕووی ڕێکخستن وبەڕێوەبردنی پێشبڕکێییەکە زۆر سەرکەوتوو بوون.

ئەنجامی پێشبڕکێیەکەیش بەگشتی بەمشێوەیە بوو:

گێمی یەکەم: بۆ ئەسپسوارانی ناوخۆیی بۆ ماوەی 1000مەتر عامر فەهد پلەی یەکەم

گێمی دووەم : بۆ ئەسپسوارانی هەنارەد بۆ ماوەی 1200مەتر عەلی محەمەد پلەی یەکەم

گێمی سێیەم : بۆ ئەسپسوارانی کوردستان بۆ ماوەی 1000مەتر ئەحمەد هەمزە پلەی یەکەم

گێمی چوارەم: بۆ ئەسپسوارانی عەرەبی ڕەسەن بۆ ماوەی 1200مەتر دامین ئەتۆ پلەی یەکەم

گێمی پێنجەم: بۆ ئەسپسوارانی نێوخۆیی بۆ ماوەی 1650مەتر محەمەد عەلی پلەی یەکەم و وەرگرتنی خەڵاتی ئۆتۆمبیل

گێمی شەشەم: بۆ ئەسپسوارانی کوردستان و ئەوانەی یەکەمینجارە بەشداری دەکەن بۆ ماوەی 1000مەتر نیاز نوعمان پلەی یەکەم

گێمی حەوتەم: بۆ ئەسپسوارانی هاورده بۆ ماوەی 1650مەتر عەلی محەمەد پلەی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 29. Apr. 2019 No: (5739)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کچە گۆرانیبێژ دینا: ئامادەم هەموو کارێکی هونەری بۆ پێشمەرگە بکەم





دیانە: وریشە عومەر

کچە گۆرانیبێژی لاو (دینا) یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی ماوەیەکە هاتۆتە ناو بواری گۆرانی گوتن و لەگەڵ هونەرمەندی ناواز دانەر هەڵکەوت زاهیر کار دەکات، ئەم خاتوونە لەدیمانەیەکدا دڵی خۆی بۆ خەبات کردەوە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:

چۆن باس لە ئەزموون و ئاشنا بوونت بە دونیای هونەر دەکەیت؟

لە منداڵیمەوە خولیای هونەرم هەبووە تا توانیم لە ڕێگای مامۆستا هەڵکەوت زاهیر بە شێوەیەکی دروست دەست بە کاری هونەری بکەم

بە لاسایی دەستت پێکرد، ئێستا دەتوانین بڵێین ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆتت دیاریکردووە؟

لە سەرەتای دە ستپێکردنم بە بەرهەمی خۆم دەستم پێکرد یەکەم کارم بە ناوی شای وڵات بوو. هە میشەش هەوڵمداوە وەک خۆم بم لە کەس نەچم هەرواش دەمێنم

وەک کچە گۆرانیبێژێک دەتەوێت چی بکەیت بە بەراوورد لەگەڵ ئەو ئافرەتە گۆرانیبێژانەی پێش خۆت نەیانکردبێت؟

من وەک وتم، وەک خۆم کار دە کەم پلانی تایبەت بە خۆم هەیە لە کارەکانمدا هیچ کارێکم نەویستووە لە کەس بچێت

تا چەند بوار ڕەخساوە بۆ ئێوەی ئافرەت کە بتوانن وەک بوارەکانی دیکەی ژیان لە بواری هونەر کار بکەن؟

بوار هاتۆتە پێش ئەویش بە هۆی ئەوەی مامۆستا هەڵکەوت زاهیر هاوکاری چەندین خانم بوو بۆ کاری هونەری بێگومان بۆ خۆشمان هەوڵدەدەین بۆ پڕۆژەو کارەکانمان بە بەردەوامی

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت ؟

یەکەم ئەلبومم کە لە هەشت تراک پێکهاتووە. دواتریش مارشی ئافرە تانم وت هەروەها دوو بەرهەمی دویت لەگەڵ هونەرمەند میرا پێشکەشمانکرد هەروەها گۆرانی دەست و دەسماڵ بەرهەمێکیشم بۆ ڕە مەزان ئامادەیە کە



لە کارەکانمدا هیچ کارێکم نەویستووە لە کەس بچێت

لە دانیشتنی تایبەتدا گۆرانی ناڵێم

تێکستەکەی شاعیری ناودار (کەریم عێراقی) نووسیویەتی.

توانا و بەهرەی ئافرەتە دەنگبێژەکان چۆن دەبینی بەبەراوورد لەگەڵ سالانی پێشووتر ؟

لەپێشووشدا هونەرمەندانی بە تواناما هەبوون و لە ئێستاشدا هەوڵی باش هەیە

دەتەوێت چی بکەیت کە ئافرەتانی هونەرمەندی پێشوو نەیانکردووە؟

من بیرۆکەو کاری خۆم هەیە وەک ئاماژەم پێدا بیرۆکەی تایبەت بە خۆم هەیە بۆئوونە یەکەم خانە هونەرمەند بووم گورانیم بەزاراوەی خلیجی وتووە. چەندین کارو پرۆژەی تایبەتم هەیە

تا چەند هەوڵتداوە ڕەسەنایەتی لە هونەرو گۆرانی بپارێزیت؟

بیرو بۆچوونی خۆم هەیە لەو ڕوانگەیەوە لە ئێستادا جیهان تێکەڵاوێکی زۆری هەیە بە تایبەت لە موزیک

بۆ بەس لەگەڵ ئاواز دانەر هەڵکەوت زاهیر کار دەکەیت ؟

مامۆستا هەڵکەوت زاهیر کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و ناوداره زۆرن ئەوانەی لەگەڵیا کار دەکەن. زۆر تێگەیشتنمان هەیە بەڕێزیان شارەزاییەکی زۆریان هەیە لە موزیکدا

ئایا لە دانیشتنی تایبەت یان ئاهەنگی تایبەت ، ئاهەنگ دەگێڕیت یان نا ؟

دانیشتنی تایبەت نەخێر. ئاهەنگیش تەنها لە بەرنامە فەرمیەکان بەشدار بووم


گرووپێکی دیاریکراو هەیە تۆ کاری لەگەڵ بکەیت و بەرهەمی لەگەڵدا بلاوبکەیەتەوە؟


من لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت زاهیر کار دەکەم

وەکو بەهرەمەندێکی لاو چی بۆ پێشمەرگەو شەهیدان دەکەیت و، چیان پێدەڵێیت؟

من ئامادەم هەموو کارێکی هونەری بکەم بۆ برا پێشمەرگەکان ئەوان شایانی هەموو شتێکی باشن.

عەباس محێدین زەهاوی: تابلۆکانم ڕەنگدانەوەی پاراستنی کەلەپور و ئاسەوارەکانە





خەبات سەربەست برزۆ

هونەرمەندی دێرینی شاری خانەقین عەباس محێدین زەهاوی یەکێکە لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی شاری خانەقین کە سالانێکە خزمەت بە هونەری کوردی دەکات و جێی دەستی دیارە ، لە سالی 1980وە بەشداری لە پێشانگا شێوەکارییە هاوبەشەکانی عێراق دەکات ، هەتاوەکو ئێستا 76خەلاتی ڕێزلێنان و 10خەلاتی داهێنانی لە ناوخۆ دەرەوەی کوردستان بەدەست هێناوە . سەرۆکی لقی خانەقینی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردییە ، هەروەها ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکای هونەرمەندانی عێراقە. لە چەندین ڕێکخراوی ناوخۆیی و جێهانی بواری هونەر ئەندامەو لەکارە هونەرییەکانی بەردەوامە (خەبات) بەپێویستی زانی بەسەری بکاتەوە ، هەر بۆیەش عەباس محێدین زەهاوی وتی: بەردەوامم لە خزمەتکردنی گەلەکەم لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە کە بەبەردەوام کار لەسەر پاراستنی کەلەپور و ئاسەوارەکان و ڕەسەنایەتی کوردی دەکەم ، هەر بۆیەش لە تابلۆکاندا ئەوەی باسم کرد ڕەنگ دەداتەوە

بەرهەمهێنانی فڵچەی ددانی هۆشمەند کە ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدا

هەردەوان: لەم چەند ساڵەی دواییدا فڵچەی ددان کە ئامێرێکی زۆر ڕسادە و ساکار بوو، گۆڕانی بەسەرداهات و لەسەردەتادا بوون بە کارەبایی و دواتر بوون بە سمارت و هۆشمەند بە جۆرێک ڕێنوێنیت دەکەن کە چ بەشێک لە ددان پێویستی بەخاوێنکردنەوەیە یان کاتەکانی ددان شوردن و ماوەی ددان شوردنەکە بەکارهێنەردەکەی ڕادەگەیەنێ.فڵچەیەکی ددان بەناوی "3Deep"

بەرهەم هاتووە کە بۆ خاوێنکردنەوەی ددان تەنیا لە لەرینەوە سوود وەرناگرێ و بەڵکو لە شەپۆلی دەنگی کەڵک وەردەگرێ.. شەپۆلە دەنگییەکان جۆرەکانی باکتری و پیسی سەر مێنای ددان باشتر لادەبەن..خاڵی جێگای گرنگ لەو فڵچەیەدا ددان بۆ ڕوخسار و پێستیش سوودی لێوەردەگیردرێت و دەکرێت ماساژی پستی ڕووخساری پێبدەی.



لیستی ملیاردێرەکانی بواری تەکنەلۆژی ڕوو لە زیادبوونن

هەردەوان: وێبسایتی فۆربێس لیستی سەرمایەدارانی کەسایتیەکانی جیهانی نوێکردەوە، ئەوەی لە لیستەکەدا مایەی سەرنجە و دەبینرێت ئەو کەسانەی لە بواری تەکنەلۆژیادا کار دەکەن بوونە ملیاردێر بەرەو هەڵکشان چووە و داهاتەکانیشان زیادی کردووە لەنێوانی 2043 کەسایتییەدا.لە سەرەتای لیستەکە بیل گیتس دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بە ٨٦ بلیۆن دۆلار پێشەنگی گرتووە وە لەو ١ تا ٥ جێف بیزۆس دەبینرێت بەرێوبەری ماڵپەری ئەمەزۆن بە ٧٢ بلیۆن دۆلار، لە پێنجەمدا مارک زوکەربێرگ دەبینرێت بە داهاتی ٥٦ بلیۆن دۆلار و کەمێک لە خوارتریشدا بەرێوبەری ئۆراکڵ لاری لیسۆن بە ٥٢ بلیۆن دۆلار لە پلەی حەوتەمدا، هەروەها لاری پەیج و ستیڤ بالمەر و هەروەها خێزانی ستیڤ جۆبز (Laurene Powell Jobs) زۆری دیکەش لە لیستەکەدا ناویان هاتووە زۆر کەسایەتی دیکەی بواری تەکنەلۆژیا چوونەتە نێو ملیاردێرەکانی جیهانەوە.

پەنیری کوردی لەنێوان سوود و ڕەواجی لەم وەرزەی ساڵدا

توانا زرار: پەنیری کوردی، یەکێک لەو خواردنە بەتام و چێژانەیە بەبەراورد کردن لەگەڵ سەرجەم پەنیر و شیرەمەنییە لەقوتوکراوەکانی دیکە تام و چێژێکی جیاوزی هەیە.ئەم پەنیرە ،لەم وەرزەی ساڵ و تا کۆتای وەرزی هاوین لەبازاڕەکاندا ڕەواجێکی زۆری لەسەرە و خەڵکێکی زۆر حەز بەخواردنی دەکەن. تابلێتی خواردنێکی خۆش و بەلەزەتە، بە تایبەت بۆ ژەمی بەیانیان، پەنیری کوردی، لە شیری ئاژەڵ دروست دەکرێت، بەتایبەتیش شیری مەڕ تام و چێژی جیاوازی هەیە. دوای ئەوەی شیرەکە هەندێک گەرم دەکریت پاشان سارد دەکرێتەوە، دوای سارد بوونەوە کەمێک هەوێنی تایبەتی تێدەکرێت بە تێکردنی هەوێنەکە شیرەکە پەیت دەبێت، دوای پەیت بوونی لەناو جۆزە قوماشێکی خام دادەنرێت و دەگوشرێ تاکو بەتەواوی ئاوەکەی لێ دەچۆڕێ، دوای ئەوە دەکرێتە چەند سەلکە پەنیرو بۆ خواردن ئامادە دەکرێت. بۆ وەرزی زستانیش یان هەر کاتێکی تر ئەوا هەندێک خوێی پێوە دەکرێت لە شوێنیکی وەک بەفرگر هەڵدەگیرێت و بەهۆی خوێیەکەوە بۆگەنی نابێت.پەنیری کوردی،جگە لەتام و چێژ سوودی زۆری بۆ تەندروستی هەیە.ماددەی پڕۆتینی تێدایە ١٠٠ گرام پەنیر بەرامبەر ٣٠٠ گرام گۆشتە .هەروەها هەرس کردنی پەنیر لە گۆشت ئاسان تر بۆ گەدە.ڤیتامین Aی تێدایە لەم ڕوەوە دەتوانێت جێگەی گۆشت و هێلکە بگرێتەوە.هەروەها بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست بەسوودە و بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییەکانی چاویش باشە.پەنیری کوردی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین Bو D و B2، کە ئەوەش سوودی بۆ بەهێزکردنی قژ هەیە و لەهەڵوەرین دەیپارێزێت.ڤیتامین B12ی تێدایە کە ٣٠٠-٤٠٠ گرام لە پەنیر ڕۆژانە بۆ لەش پێویستە.هەروەها کاریگەری هەیە بۆ لەناو بردنی خانە شێرپەنجەییەکان لەلەشی مرۆڤدا.جگە لەوانەش پەنیر وەک ئیسفەنج وایە هەموو ترشییە زیادەکانی ناو گەدە و دوانزە گرێ هەڵدەمژێت.

